# رۆژنامە ٧

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦٠٧) سێشەممە ٢٠١٠/١١/٩ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار


رۆژنامە رۆژێک پێشدەکەوێت
بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە
ژمارەی داهاتووی رۆژنامە
رۆژی (دووشەممە) بڵاودەبێتەوە.



دۆسیەیەک لەبارەی (کۆمەڵگەی ئازاد)

ل...١٢-١٣

# لە دوو نامەدا زیندانییەکانی هەولێرو سلێمانی داوادەکەن ئەشکەنجەدان رابگیرێت

تایبەت بە رۆژنامە

زیندانییەکانی بەندیخانەی محەتەی هەولێرو بەندیخانەی مەعەسکەر سەلامی سلێمانی لە دوو نامەی جیاوازدا داوای راگرتنی ئەشکەنجەدانی دەروونییو جەستەیی دەکەنو رووداوەکانی خۆ خنکاندنی چەند زیندانییەک ئاشکرا دەکەن.

شەوی ٢٠١٠/١١/٣ زیندانییەک بە ناوی مەروان سلێمان ئیسماعیل، تەمەن (٢٣) ساڵ، کە پێشتر لە بازگەکانی هەولێر ئاسایش بووە، لەناو بەندیخانەی محەتەی هەولێر بە جلەکانی بەری خۆی خنکاند، زیندانییانی محەتەی هەولێریش ئەم رووداوەو چەند رووداوێکی دیکەی لەم جۆرەش لە نامەیەکدا بۆ رای گشتییو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن.

لە نامەکەدا کە کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، باس لەوە کراوە؛ «پاش ئەوەی مەروان، لەگەڵ کەسێکی دیکەی ناو بەندیخانەدا شەڕ دەکات، بەم هۆیەوە لە ژووری تاکەکەسیی زیندان دەکرێتو ئازارێکی زۆر دەدرێت، ئەمەش وای لێدەکات بە کراسەکەی بەری، خۆی بخنکێنێت».

لە ئێستاشدا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی خۆکوشتنی مەروان.

ئەحمەد خدر، بەڕێوەبەری چاکسازیی کۆمەڵایەتی هەولێرو سەرۆکی لیژنەکە بۆ رۆژنامە وتی: لیژنەیەکمان دەربارەی خۆکوشتنی ئەم بەندکراوەی بەندیخانەی چاکسازیی گەورانی هەولێر پێکهێناوە، بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی خۆکوشتنەکەی، لیژنەکەش چەند کەسێکی یاسایی تێیدا بەشدارن، هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە بانگی ئەو کەسانەمان کردووە، کە لەگەڵیدا ژیاون لە بەندیخانە، بە دەرکەوتنی هەر ئەنجامێکیش بڵاوی دەکەینەوە».

بۆ ...ل٢



فۆتۆ: رۆژنامە

## فراکسیۆنە کوردستانییەکان تەنازول دەکەن



هەستیار قادر

لە دوایین هەڵوێستیاندا فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەرمییان لە بەرامبەر هەندێک داوادا نواندووەو لێپرسراوانی ئەمریکاش بۆ ئەو مەبەستە فشاریان کردووە.

لە کۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممەی حیزبو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکاندا لە هەولێر، کە گفتوگۆ لە بارەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کرا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتوویەتی؛ پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد هێڵی سوور نییە، ئەمە لەکاتێکدایە کە پێشتر لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە زۆر جەخت لەسەر ئەو پۆستە کراوەتەوە.

هاوکات، نەبیل جەربو، ئەندامی لیستی عێراقییە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێویستە لەسەر پێکهێنانی حکومەت، رێککەوتن هەبێتو پێدەچێت لەو رێککەوتنانەدا پۆستی سەرۆک کۆمار بەر لیستی عێراقییە بکەوێت».

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا لێپرسراوە باڵاکانی ئەمریکا بە جیاجیا پەیوەندییان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کردووەو مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق رایگەیاندووە؛ ئەمریکا فشاری خستووەتە سەر کورد بۆ نەرمیی نواندن لە دانوستانەکاندا، هاوکات پێریش وەزیری دەرەوەی تورکیا، هاتە هەرێمی کوردستانو رایگەیاند: بۆ پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق هاتووە.

لە لێدوانێکیدا بۆ ژمارەی دوێنێی رۆژنامەی شەرقولئەوسەت، ساڵح موتڵەگی، سەرکردەی ئیئتیلافی عێراقییە، ئاشکرای کرد؛ کە کوردەکان، نەرمن بەرامبەر بە پۆستی سەرۆک کۆمارو ئەوە بە هەند وەردەگرن، کە عێراقییە (٩١) کورسی هەیەو شیاوی ئەوەیە کە پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێت، وتیشی: «هەوڵی هەرێمییو نێودەوڵەتیی هەیە بۆ قەناعەتپێکردنی کورد بۆ دەستبەردابوون لە پۆستی سەرۆک کۆمارو بەوەش سەرۆکی پەرلەمان بۆ کورد دەبێت».

## یاسایەکی دیکە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی

ل...٦

## حاکم رزگار دەستی لەکارکێشایەوە

رۆژنامە

دوێنێ (دووشەممە) حاکم رزگار محەمەد ئەمین پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد.

لەلێدوانێکیدابۆرۆژنامە،حاکم‌رزگار محەمەد هەواڵەکەی پشتراستکردەوەو وتی: «دەستلەکارکێشانەوەکەم پێشکەشکردووە»، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ‌زانیارییەکسەبارەت‌بەهۆکارەکانی دەستلەکارکێشانەوەکەی‌ئاشکرابکات.

رزگار محەمەد ئەمین، یەکەم دادوەری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بوو کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ دادگاییکردنی سەرانی رژێمی بەعسی لەناوچوو پێکهێنرا، یەکەم کاریشی دادگاییکردنی سەدام حسێنو سەرانی دیکەی بەعس بوو لەسەر تاوانی دوجەیل.

دوای دەستلەکارکێشانەوەی لە دادگای باڵای تاوانەکان، لەهەڵبژاردنەکەی (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا لەچوارچێوەی لیستی کوردستانیی کاندیدکرا بۆ پەرلەمانی کوردستانو دوای هەڵبژاردنیشی وەک پەرلەمانتار چەندجارێک لە لێدوانە رۆژنامەوانییەکانیدا ئاماژەی بە دەستلەکارکێشانەوەی کردبوو، ئەگەر کارەکان بەویستی خۆی بەڕێوەنەچن.

## راپۆرتی پەیامنێرانی بێسنوور لەبارەی میدیا لە کوردستان

ل...١١



## ئاشتی عەزیز: یاسای خۆپیشاندان هەڵەی یاساییو دەستووریی تێدایە

ل...٥



## هەموو شتێک لە بارەی پێنجوێنەوە

ل...١٨

# رێککەوتنی دەسەڵاتو گۆڕان بێ ئیمزاکردن دەمێنێتەوە

دلێر عەبدولخالق

دوای کشانەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، پاشان لە دوو کۆبوونەوەی نێوان دەسەڵاتو گۆڕان، هەردوولا لەسەر کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمو پرۆژەی چاکسازیی گەیشتنە رێککەوتنێکی هاوبەش، بەڵام تائێستا بە ئیمزانەکراویی ماوەتەوە.

راگەیاندراوە هاوبەشەکەی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی لە (٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠) لە بەرامبەر پەراوێزخستنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان بوو، کە بۆ یەکەمجار «هەڕەشەی کشانەوە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان» کردو دواتر بەهۆی جێبەجێ نەکردنی پرۆژەی چاکسازیی هەرێم، کە ماوەی سێ مانگە بزووتنەوەی گۆڕان پێشکەشی کردووە، رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٩ بزووتنەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافەکە کشایەوە.

بۆ گەڕانەوەی گۆڕان بۆ ناو ئیئتیلافەکە، هەفتەی رابردوو دوو کۆبوونەوە لەسەر ئاستی باڵا لەنێوان دەسەڵاتو گۆڕان بەڕێوەچووە، تێیدا هەردوولا گەیشتوونەتە ئەنجامی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازیی هەرێمو دواخستنی یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بۆ دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان.

سەرچاوەیەکی باڵا لە بزووتنەوەی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە دوو کۆبوونەوەکەی پێشتر، لایەنی ئیجابیی لەنێوان هەردوو لا هەبووە، بە تایبەت دوای کۆبوونەوەکان ئێمە وەرەقەیەکمان ئاراستەکردن کە تێیدا ئەو خاڵانە هاتوون کە لەسەری رێککەوتووینو ئەوانیش بەدەستکارییەوە وەرەقەکەیان بۆ ئێمە ناردووەتەوە. هەر کاتێک ئەو رێککەوتنە مۆرکرا، ئەوا بۆ رای گشتی ئاشکرادەکرێتو بڵاودەکرێتەوە».

لە بارەی هۆکاری دواکەوتنی رێککەوتنەکە، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە کرد؛ چاوەڕێی وەڵامی لایەنی دەسەڵاتن. وتیشی: «ئێمە لەناو فراکسیۆن بین، یان لە دەرەوەی، بۆ پرسە نەتەوەییەکان هەڵوێستی ئیجابییو نەگۆڕی خۆمان هەیەو لەو رووەوە لەپێش لایەنەکانی ترەوە دەبینو کشانەوەمان لەو ئیئتیلافە کاریگەریی سلبیی ناکاتە سەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانمان».

بۆ...ل٢

### (٤٨٩) نانبڕاو نەگەڕاونەتەوە

# قەرەبووی مووچەی هیچ نانبڕاوێک نەکراوەتەوە

**راپۆرتی: کوردە جەمال**

تا ئێستا، (٤٨٩)نانبڕاو نەگەڕێنراونەتەوە سەر کارەکانیانو ئەوانەش کە گەڕێنراونەتەوە، قەرەبووی مووچەی ئەو ماوەیەیان بۆ خەرج نەکراوە کە دەرکراون.

لەپێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)، زیاتر لە (٢)هەزار کەس لە ئەندامو لایەنگرانی فراکسیۆنی گۆڕان، بە پاساوی ئەوەی دەنگیان بە «گۆڕان» داوە، لەسەر کارە حکومییەکانیان دەرکرانو نانبڕاوکران، سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت ئاماژەیان بە نەهێشتنی سزای سیاسیی کردو بەڵێنی گەڕانەوەو قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەیان دەرکرد، بەڵام تا ئێستا ئەو بڕیارە وەک خۆی جێبەجێ نەکراوەو بەشێکی ئەو کەسانە نەگەڕێنراونەتەوەو ئەوانەی تریش قەرەبوو نەکراونەتەوە.

پەیام ئەحمەد، رێکخەری نێوان فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ کێشەی نانبڕاوەکان، باس لەوە دەکات، کە راپۆرتیان داوەتە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم، بۆئەوەی قەرەبووی ئەو نانبڕاوانە بکرێتەوە دوای گەڕاندنەوەیان، هەروەها پەرلەمانی کوردستان نووسراوی بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ گەڕاندنەوەی ئەوانەی نەگەڕێنراونەتەوەو قەرەبووکردنەوەی ئەوکەسانەش کە گەڕێنراونەتەوە.

ئەوەشی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد: «دواجار راپۆرتێکمان داوەتە دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانو بە خاڵ باسمان کردووە کە لەو (٢)هەزار کەسەی نانبڕاو کراون، (٤٨٩) کەسیان نەگەڕێنراوەتەوە، کە ئەوانیش راوێژکارەکانو کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆو پۆلیسی دارستانو نەوتو پێشمەرگەو (١١٤)کەسەکەی لای پارتین، بەڵێنی تەواومان وەرگرتووە کە کەسیان نەمێنێتەوەو هەموویان بگەڕێنرێنەوەو قەرەبووش بکرێنەوە».

لەبارەی هۆکاری قەرەبوونەکردنەوەی ئەو نانبڕاوانەی کە دوای بڕیارەکە پەیوەندییان بەکارەکانیانەوە کردووەتەوە، پەیام ئەحمەد، وتی: «یەکەم دانیشتنمان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، باسی گەڕاندنەوەو قەرەبووکردنەوەمان کرد، ئەوە خرایەڕوو، هەموویان بگەڕێنەوە ئینجا قەرەبوو بکرێنەوە، رەنگە کێشەکە هەر لەسەر ئەوەبێتو چاوەڕوان بکرێت هەموویان بگەڕێنرێنەوە سەر کارەکانیان بۆئەوەی رێژەکە دەربکەوێت، ئینجا قەرەبوو بکرێنەوە، جگەلەوەش هیچ هۆکارێک نییە بۆ قەرەبوونەکردنەوەیان، چونکە ئەوە دامەزراندن نییەو گەڕانەوەیە، واتە مووچەکانیان ماوەو نەفەوتاوە، بۆیە دەبێت قەرەبوو بکرێنەوە».

ئەوەی جێی نیگەرانیی نانبڕاوەکانە، خێرایی بڕیاری دەرکردنیان بوو لەسەر کارەکانیان، بەڵام بڕیاری گەڕاندنەوەیان بە خاویی جێبەجێدەکرێتو کێشەی بۆ دروستدەکرێت.

لەوبارەیەشەوە رێکخەرەکەی فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەت، وتی: «مانەوەی دوو ئیدارەیی کاریگەریی هەیە لەسەر دواکەوتنو نەگەڕاندنەوەی ئەو کەسانە، بەتایبەت لە وەزارەتی ناوخۆ، جگە لەوەش پەیوەست نەبوونی بەرپرسەکانی خوارەوەیە بە بڕیارەکانی سەرەوە، چونکە سەرۆکی هەرێم فەرمانی کردووە بە گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکانو هەروەها نووسراوی رەسمیی بە ئیمزای سەرۆکی حکومەتو وەزیری ناوخۆ دەرچووە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بەشێکی ئەو بەرپرسانەی خوارەوە پەیوەست نین بە بڕیارەکانی سەروو خۆیانەوەو بەپێی میزاجی خۆیان کارەکان دەکەن».

# خەڵک، ئاگایان لە دادگای کارگێڕیی نییە

**رۆژنامە**

(٧٠٪)ی بەشدارانی راپرسییەک، دادگای کارگێڕیی ناناسنو نزیکەی ئەو رێژەیەش پێیانوایە، ئەو دادگایە بۆ ئەوە دانەمەزراوە کە دادگایەکی سەربەخۆ بێت لەبڕیارداندا.

بەپێی راپرسییەکی رێکخراوی رۆشنبیرییو پەرەپێدانی چالاکی یاسایی کە لەنێوان (٤٣٠٠)کەسی هەولێرو سلێمانیو کۆیەداو لەماوەی (١٥)رۆژدا ئەنجامیداوە سەبارەت بە دادگای کارگێڕیی، زۆرینەی ئەو کەسانە، زانیارییان سەبارەت بە دادگای کارگێڕیی نییە.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا دادگای کارگێڕیی بەلای تۆوە، ناسراوە، (٧١٪) بە نەخێرو (١٩٪) بە بەڵێو (١٠٪) بە نازانم، وەڵامیان داوەتەوەو (٦٨٪)ی بەشدارانیش پێیانوایە، ئەو دادگایە بۆ ئەوە دانەمەزراوە کە دادگایەکی سەربەخۆ بێت لەبڕیارەکانیداو (٥٤٪)ی بەشدارانیش وەزارەتی دادو (٣٩٪) دادوەرو یاساناسانو (٧٪)یش خودی دادگاکە بەهۆکاری ئەکتیڤ نەبوونی دادگای کارگێڕیی دەزانن لە کوردستاندا.

ماوەی ساڵێک زیاترە کە دادگای کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستان دانراوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کارگێڕییەکانو یەکلاییکردنەوەی کێشەی فەرمانبەران لەگەڵ فەرمانگەکانیانو بەپێچەوانەوە، هەروەها کێشەی هاوڵاتییان لەگەڵ فەرمانگەو دامەزراوە حکومییەکانداو بەپێی راپرسییەکەش، کەمترین کەس زانیاریی لەسەر ئەو دادگایەو کاروبارەکانی هەیە.

# حکومەت مینحەی سەنتەرە رۆشنبیرییەکانی ناوچەدابڕێنراوەکان دەبڕێت

**هەنگاو هاشم- هەولێر**

حکومەتی هەرێم مینحەی سەنتەرەکانی ناوچەدابڕێنراوەکان دەبڕێتو بۆ وەرگرتنەوەی مینحەش ئەو رێکخراوانە مۆڵەت لە بەغدا وەردەگرن.

زانیار رەشاد فاتح، بەرپرسی کۆمەڵەی گەشەپێدانی توانای گەنجان لە دوزخورماتو بە رۆژنامەی راگەیاند: ماوەی دوو مانگە مینحەمان پێدرا دواتر لێمان برا، لەگەڵ ئەوەی مۆڵەتمان هەیە لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای رێکخراو و سەنتەرەکانیش پێویستە مینحەمان هەبێت، بۆ کارکردن لە ناوچەدابڕێنراوەکان.

وتیشی: «سەرجەم مەرجەکانی یاسایی لە کۆمەڵەکامان هەیە، پێدانی مینحەش لەسەر ئارەزووی کەسیی بووە، رێکخراو هەیە (١٠) ملیۆنی بۆ دانراوە، بەڵام کاری رێکخراوێک ناکات، کە ملیۆنێکی بۆ تەرخانکراوە».

ئەوەشی وت: لە ئێستادا زۆربەی سەنتەرو رێکخراوەکانی ناوچەدابڕێنراوەکان خەریکن سەر لەنوێ مۆڵەت لە بەغدا دەربهێننەوە.

لە لایەکی دیکەوە، سالار سیامەند، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی سەنتەری رۆشنبیریی قەرەچوغ، وتی: هۆکاری بڕینی مینحەی سەنتەرەکەمان نازانین، لەگەڵ ئەوەی ویستوومانە سەردانی بەرپرسانی وەزارەتی رۆشنبیریی بکەین، بەڵام رێگەمان پێ نەدراوە.

وتیشی: سەنتەرەکەمان سەنتەرێکی بێ لایەنە لە قەرەچوغ، بۆیە لە ماوەی رابردووشدا کێشەمان بۆ دروستکراوە، پێشتریش ماوەی (٨) مانگ مینحەی سەنتەرەکەمان بڕدرا، بە بیانووی بێ بنەما، ئەمە دووەم جارە مینحەمان دەبڕێت.

لەلایەن خۆشیەوە، شەماڵ حەوێزی، بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیرییو هونەر، وتی: مینحەی ئەم سەنتەرو رێکخراوانە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بڕیویەتی، هەماهەنگییەکی نێوان هەردوو وەزارەتی رۆشنبیرییو داراییە.

# کەس لەسەر پەلامارەکەی خانەی نەوجەوانانی سلێمانی دەستگیر نەکراوە

**بەدواداچوونی: ئاکام ئەبوبەکر**

ژمارەیەک چەکدار خانەی تێبینی نەوجەوانانی سلێمانی کۆنترۆڵ دەکەن بە مەبەستی بردنە دەرەوەی راگیراوێکو تائێستا هیچ کام لەو چەکدارانە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر نەکراون.

شەوی (١١/٥) ژمارەیەک چەکدار، کە سەر بە بنەماڵەیەک بوونو ژمارەیان لە (٣٠) کەس زیاتر بووە بە مەبەستی دەرکردنی راگیراوێکی تەمەن (١٦) ساڵە، هەڵدەکوتنە سەرخانەی تێبینی نەوجەوانانو دوای چەککردنی پاسەوانەکانو کۆنترۆڵکردنی خانەکەو پشکنینی سەرجەم راگیراوەکانو دوای ئەوەی کەسی مەبەستیان دەستنەکەوتووە، خانەکەیان بەجێهێشتووەو ژمارەیەک چەکو مۆبایلی پاسەوانانی بەشەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە.

راگیراوێک، کە ئەو شەوە لە خانەکە بووە، بە رۆژنامەی وت: «نزیکەی سەعات یەکی نیوەشەو دەنگە دەنگێ دروست بوو، دواتر (١٠) کەسی چەکدار هاتنە ژوورەوەو ئێمەیان هەستاندو رۆیشتن، زۆر هەستمان بە ترس کرد لەوەی مەبەستیان بردنی ئێمەبێتو ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوتین».

ئەو چەکدارانەی کە هەڵیانکوتابووە سەرخانەکە، رایانگەیاندبوو؛ کە تیرۆریست نینو هیچ کارێکی ئاژاوەگێڕیی ناکەن، تەنیا مەبەستیان بردنی کەسێکە کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییان لەگەڵدا هەیەو کەسێکی بنەماڵەکەی ئەوانی کوشتووە.

سەبارەت بە رووداوەکەش، هێمن عوسمان مەحمود، لێپرسراوی خانەی تێبینیی نەوجەوانان بە رۆژنامەی راگەیاند: «هۆکاری کێشەکە، کۆمەڵایەتی بووەو دوای ئەوەی خانەوادەی کوژاوەکە وایانزانیوە بکوژەیەکەیان لێرەیە، نزیکەی (٣٥) چەکدار هەڵیانکووتاوەتە سەر بەشەکەمان، بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە هاتوونو ئەو شەوەش بە سوودوەرگرتن لە نەبوونی سیاجو هەروەها بەشەکەشمان لە ناوماڵەکاندایەو تەنیشتمان یاریگەیە، پاش ئەوەی پاسەوانی پشتەوەی بیناکەیان چەککردووە، دواتر پاسەوانی پرسگەشیان چەککردووەو دواتر ئەفسەری ئێشکگریشیان چەککردووەو هاتوونەتە ناو بەشەکەوەو چوونەتە هۆڵی راگیراوەکانو دەرگای هۆڵێکیان شکاندووە، دوای ئەوەی ئەو راگیراوەی مەبەستیان بووە، لای ئێمە نەبووە، رۆیشتوون (دوو کلاشینکۆفو دەمانچەیەکو دوو مۆبایل)یان بردووە.

ئەوەشی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد: «دوو ساڵ دەبێت داوامان لە بەڕێوەبەرێتیو وەزارەت کردووە، نووسراویشمان بۆ کردوون بۆ دروستکرنی سیاج بۆ بەشەکەمان، بەڵام نەکراوە».

خانەی تێبینیی نەوجەوانان، دوای رووداوەکە سکاڵایان لە بنکەی پۆلیسی بەختیاری لەسەر ئەو چەکدارانە تۆمار کردووە، کە چوونەتە سەرخانەکەیانو تائێستا کەس دەستگیر نەکراوە، بە وتەی بەرپرسی خانەکەش:

«زۆرجار تووشی کێشەی لەو شێوەیە دەبین، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەو رادەیە، زۆریک لە راگیراوەکان قەتڵیان کردووە، بەڵام لە رووی ئەمنییەوە باش نییە، تەنانەت ماڵەکانی دەوروبەریشمان بێزار کردووە».



خانەی تێبینی نەوجەوانان لە سلێمانی دوای رووداوەکە

فۆتۆ: ئاکام

دواکەوتنی بودجەی هەرێم دەستیپێکرد 4

# یاساکانی زۆرینە دژ بە مافەکانی مرۆڤو دیموکراسین

گومانو بێ متمانەیی گۆڕانو ئۆپۆزسیۆن لە نیەتی دەسەڵاتو زۆرینەکەی لە پەرلەمانی کوردستان لە خۆڕاو بێ بناغەو بۆ بیانووگرتن بە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان نەبووە.

ئەوەی کە ئەم ڕاستییەی سەلماندو بۆ هەموولایەکی ئاشکراکرد، ئەو یاسا نوێیە بوو کە دیسان زۆرینە بۆ ڕێگرتنو بەرتەسککردنەوەی مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییانی کوردستان لە پەرلەمان دەنگیان بۆ داو پەسەندیان کرد.

ئەم یاسا نوێیەی زۆرینە تێی پەڕاندو ناوی لێنا ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان، ڕێک پێچەوانەی هەموو ئەو گفتو بەڵێنو ئەو داخوازییانە بوو کە سەرکردەکانی دوێنێو کادیرانیان بانگەشەیان بۆ دەکردو خۆیانیان پێ جیادەکردەوە لە ڕژێمە تۆتالیتارو نادیموکراتەکانی دونیا.

جێی داخە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان لەبری ئەوەی هەوڵی فراوانکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان بداو مافی زیاتر بۆ هاوڵاتییان دەستەبەر بکات، یاسای دژ بە ئازادییەکانو مافەکانی مرۆڤ دەردەکاتو دەچێتە سەنگەری بەگژاچوونەوەی داخوازییەکانی هاوڵاتییانی هەرێمو هەوڵ دەدا بە یاسا ڕێگری لە داخوازییەکانیان بکاتو ئەگەر هاوڵاتییانیش بەپێی ئەو یاسایەی دەسەڵات نەجولێنەوە، ئەوا تووشی سزای یاسایی دەبنەوەو بە تێکدەر ناوزەد دەکرێنو دەشکرێت ئەو سزایە وا تەفسیر بکرێت کە لێدانو گرتنو گازی فرمێسک ڕێژیشیان بەرامبەر بەکاربهێنرێت.

کاتێک بزووتنەوەی گۆڕانو فراکسیۆنەکەی باسی لە نیەتی دەسەڵات لە هێنانو سەپاندنی یاسای دەستەی هەڵبژاردن دەکردو بەدگومانیی خۆی لە قسەو بەڵێنەکان پیشان دەدا، زۆر بەوردیی ئەو ڕاستییەی لاچەسپیبوو کە پیلانو نەخشەی داڕێژراو هەیە بۆ لە قاڵبدانی ئۆپۆزسیۆن لەڕێی یاساکانی زۆرینەوەو دەیزانی درەنگ بێت یان زوو، تەمەنی ئەم پەرلەمانەی ئێستا دەبێتە قۆناغێکی تاریک لە ژیانی دیموکراسیو قۆرغکردنی دەسەڵاتو بەیاساییکردنی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستان.

ئەمرۆ بێت یان سبەی، هەموولایەک دەگەنە ئەو باوەڕەی کە هەنگاوەکانی دەسەڵات لەسەر ئەرزی واقیع زۆر جیاوازن لە ڕووخسارو گفتەکانیانو هەرچییان بۆ بکرێت بۆ پاشقول گرتن لە ئۆپۆزسیۆنو لە قاڵبدانی دیموکراسیو بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، دەیگرنەبەر، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هۆشیاری هاوڵاتییانو ئۆپۆزسیۆنو درککردنیان بەو مەترسییانەی کە خۆی لەچوارچێوەی یاساکانی زۆرینەی پەرلەمان دەبینێتەوە، مەسەلەیەکی فرەگرنگو هەستیارو سامناکەو دەبێت ئەم لایەنانە هەڵوەستەو شیکردنەوەی قووڵی بۆ بکەنو سەرپێیانە مامەڵەی لەگەڵ نەکەن.

کێ هەیە گومانی لەوەدا هەبێت، ئەگەر یاسای دەستەی هەڵبژاردن بەڕێکرا لە پەرلەمان زۆرینە چۆنو بە چ شێوەیەک پەسەندی دەکاتو دەنگی بۆ دەدات؟ کێ هەیە نەزانێت، ئەگەر یاسای ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان هەموار کرایەوە چۆنو بە چ شێوەیەکو لە قازانجی کێ هەموار دەکرێتەوە؟

ئەم یاسایانەو هەموو ئەو یاسایانەی دەسەڵات کاریان بۆ دەکاتو دەیەوێت زۆرینە تێی پەڕێنێت دواجار دەچێتە بەردەمی سەرۆکی هەرێم بۆ پەسەندکردنی یاخود گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان.

ئێمەو هەموو خەڵکی کوردستانو مێژوو، زیرەڤانو چاودێری هەموو ئەو هەنگاوانە دەبین کە لە هەرێم دژ بە خواستەکانی گەلو ڕەوڕەوەی مێژوو دەنرێنو بۆ ڕاستکردنەوەی باری گلاوی ئەم سیاسەتو یاسایانەش دەستەوەستانو بێ هەوڵو کۆشش نابینو بەشێوەیەکی شارستانییانە بیروڕاو سەرنجەکانی خۆمانو دواهەڵوێستمان بۆ هەموولایەک ئاشکرا دەکەینو هەوڵی کۆدەنگیی و پشتیوانی بۆ دەدەین.

سەرنووسەر

# گۆڕان لە (١١٠) هەزارەکەی هێزە چەکدارەکان خۆشنابێت

هاوڕێ عەبدوڵڵا

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان بڕیار بوو (٢١٠) هەزار دینار دەرماڵە بدرێت بە هێزەچەکدارەکانی هەرێم، بەڵام حکومەت تەنیا (١٠٠) هەزار دیناری سەرفکردووەو لیژنەی ناوخۆش سوورە لەسەر سەرفکردنی تەواوەتی دەرماڵەکە.

بە گوێرەی ڕێککەوتنێکی نێوان لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستانو هەر سێ وەزیری (دارایی، پێشمەرگە، ناوخۆ)، بڕیاربوو بڕی (٢١٠) هەزار دینار وەکو دەرماڵەی خواردن بە هێزەچەکدارەکانی هەرێم بدرێت، بڕیارەکەش لە مانگەکانی (١٠،١١،١٢/٩)ی ئەمساڵەوە جێبەجێ دەکرێت.



کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ هەرسێ وەزیرە پەیوەندیدارەکە ڕێککەوتووین بڕی (٢١٠) هەزار دینار بۆ هێزە چەکدارەکانی هەرێم سەرفبکرێتو بڕیارەکەش لە مانگی ئەیلولەوە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام حکومەت (١٠٠) هەزار دیناری سەرفکردو هێزەکانی زێرەڤانیو پۆلیسی بەرگریو فریاکەوتنی نەگرتووەتەوە، ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ لە ڕێگەی نووسراوێکەوە داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، تا حکومەت ئاگاداربکاتەوە لەوەی پابەندبێت بەو بڕیارەوە.

وتیشی: «ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕانو لیژنەی ناوخۆ بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەینو چاوەڕوانی وەڵامی نووسراوەکەین، سووریش دەبین لەسەر سەرفکردنی ئەو بڕە دەرماڵەیەو پێداگیریی دەکەین».

# لە دوکان (٢٣١) پارچە زەوی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک

دلێر عەبدولخالق

دوای (٥) ساڵ لە چاوەڕوانیی، بڕیارە هەفتەی داهاتوو (٢٣١) پارچەی زەوی، کە پێشتر شوێنی خانووەکانیان بووە لە دوکان، لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان.

بەرهەم ئەحمەد، قایمقامی قەزای دوکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەڕێگەی ئێوەوە مژدە دەدەین بە خاوەن زەوییەکانی گەڕەکی شۆڕش، دوای تەواوکردنی ئیشوکارە یاساییو ئیدارییەکانی، لەم هەفتەیەدا لیژنەیەک لە قایمقامیەتو شارەوانیی دوکانو نوێنەری خەڵک پێکدەهێنینو هەفتەی داهاتوو زەوییەکان دەدرێتەوە بە خاوەنەکانیان».

ئەو زەوییانە دەکەونە گەڕەکی شۆڕش لە بەرزاییەکانی شارۆچکەی دوکان، کە ساڵی (١٩٨٩) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە خانووەکانیان ڕووخێنراوەو دانیشتووانەکەیان گواستراوەتەوە بۆ پیرەمەگروون، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە خەڵکەکەی داوای گەڕانەوەی زەوییەکانیان دەکەن، کە بەشێکی تائێستا هەیکەلی خانووە ڕووخاوەکانیان لەسەر زەوییەکان جێماوە.

لەبارەی چۆنێتی گەڕانەوەی زەوییەکان لەلایەن حکومەتەوە بۆ خەڵک، بەرهەم ئەحمەد، وتی: «هەرچەندە زەوییەکان مافی خاوەنەکانیانن، بەڵام بڕیارە بە زیادکردنی ئاشکراو بەپێی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) زەوییەکان بخەملێندرێنو بگەڕێنەوە بۆ خاوەکانیان».

# چەمچەماڵ، سلێمانی دەوێت

هاوڕێ عەبدوڵڵا

ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیرانی چەمچەماڵ داوای گەڕاندنەوەی ئیدارەی قەزاکەیان دەکەن لە گەرمیانەوە بۆ سلێمانی، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ئیدارەی قەزای چەمچەماڵ لە ئیدارەی گەرمیانەوە بۆ سەر پارێزگای سلێمانیو بە ناونیشانی: «دیاریکردنی ناسنامەی چەمچەماڵ» چەند ڕۆژێکە ڕۆژنامەنووسانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی شاری چەمچەماڵ کەمپەینێکی واژۆ کۆکردنەوەیان دەستپێکردووەو بە وتەی سەرپەرشتیاری کەمپەینەکە لەپێناو جێبەجێکردنی داواکارییەکەیان، هەموو ڕێگەیەکی مەدەنی دەگرنەبەر.

ئاسۆ شوانی، سەرپەرشتیاری کەمپەینەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: قەزای چەمچەماڵ بێ ناسنامەیەو ماوەی چەند ساڵێکە بە بڕیارێکی سیاسیی خراوەتە سەر ئیدارەی گەرمیان، لە کاتێکدا شاری کەلار (٦٠٠) کیلۆمەتر لە چەمچەماڵەوە دوورەو لە ماوەی ڕابردووشدا خەڵکی چەمچەماڵ زیانی گیانییو مادیی زۆری لەو ڕێگەیە بەرکەوتووە.

وتیشی: «بۆ دەربازبوونی چەمچەماڵ لەو قەیرانە ئیدارییەو گەڕاندنەوەی ئیدارەی قەزاکە بۆ سەر پارێزگای سلێمانی، کەمپەینێکمان ڕێکخستووەو بەنیازین (١٢) هەزار واژۆ کۆبکەینەوەو دواتر ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو پەرلەمانی کوردستانی بکەین.

ئەوەشی خستەڕوو: «ئێمە سووردەبین لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکەمانو ئەگەر نا، هەموو ڕێوشوێنێکی مەدەنی دەگرینەبەر».

# دوو کورسیە بەتاڵەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پڕنەکراونەتەوە

رۆژنامە

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕایدەگەیەنێت کە هیچ ئەندامێکی نوێ لە کورسییە بەتاڵەکاندا دەستبەکارنەبوونو ئەنجومەنەکەشیان لەبۆشایی یاسادا کاردەکات.

سەبارەت بە دەستبەکاربوونو دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانو بوونی دوو کورسی ئەندامێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕایگەیاندووە: «ئەنجومەنی پارێزگا، لاریی نییە لەوەی کە ئەو دوو کورسییە پشکی لیستی (١٠٩)ی ئەنجومەنی پارێزگایە، بەڵام پێویستە بۆ پڕکردنەوەی ئەو دووکورسییە، ئەو لیستە یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا بکاتو داوای کۆبوونەوە بکات، بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆسەیە ئەنجام نەدراوە، بۆیە ئەگەر هەر کەسو لایەنێک لێدوان لەسەر دەستبەکاربوونی دوو ئەندامی نوێی ئەنجومەنی پارێزگا بدات، دوورو نزیک ئەنجومەنی پارێزگا لێی بەرپرسیار نەبووە».

دەربارەی لێدوانی خدر کەریم محەمەد، سەبارەت بە دەستبەکاربوونی وەک ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وتەبێژەکە ئەو لێدوانە بەدوور لە ڕاستی دادەنێتو دەڵێت: «بەڕێزیان تا ئێستا مافی ئەندامێتیی ئەنجومەنی بەدەست نەهێناوەو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش تەنیا وەک ئاگاداربوون، بە فەرمیی هەر ئاڵوگۆڕێک هەبێت، ئاگادار دەکرێتەوە، نەک مەرجەعی ئەنجومەنی پارێزگاکان بێت».

ئەوەشیان دووپاتکردووەتەوە، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان ماوەی یاسایی خۆیانیان تەواوکردووەو ئێستا لە وادەی درێژکردنەوەی کارەکانیاندان، ئەنجومەنی پارێزگا ماوەی چەند مانگێکە کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوەو لە ئێستادا هیچ بڕیارێک لە ئارادا نییە.

### پاشماوەی...
### زیندانییەکانی هەولێرو سلێمانی...

لە نامەکەی زیندانییانی محەتەی هەولێردا ئاماژە بە خراپیی ڕەوشی زیندانییانیش کراوە لەم بەندیخانەیەو باسیان لەوە کردووە؛ بە هۆی ئازارو ئەشکەنجەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، لە ماوەی ڕابردوودا چەندین بەندکراو خۆیان کوشتووەو خنکاندووەو چەندینی تریش تووشی نەخۆشی هاتوون.

لەلایەکی دیکەوە زیندانییەک لە بەندیخانەی چاکسازیی گەورانی سلێمانی (مەعەسکەر سەلام) لە نامەیەکدا لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەوە هانا بۆ داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ دەباتو دەڵێت: «هەر سزادراوێک کە دێتە ناو ئەم شوێنە، هەڵسوکەوتی وەهای لەگەڵ دەکرێت کە لە لایەنی دەروونییەوە سەدان جاری تر تێکدەشکێت».

بەندیخانەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی گەورانی سلێمانی نزیکەی حەوتسەد سزادراوی (حوکمی لەسێدارەدان، حوکمی قورسی یەکو دوو، حوکمی سووک) لە خۆی دەگرێت، ئەو سزادراوە لە نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لەم بەندیخانەیەداو لە ژوورەکانی تەنیایی (محجر)دا، کە کراوەتە ژوورەوە، ژوورێکی (٢X٢م) دەرگایەکی ئاسنو تەنیا پەنجەرەیەکی تیایەو بە هیچ شێوەیەک ئەو پەنجەرەیەش ناکەنەوەو تەنانەت لە زستانو هاوین ڕاخەرێکی تیا نییە «بەپێی مێزاجی ئەو پاسەوانانەی کە لەوێن، هەڵسوکەوت دەکرێت بە لێدانو ئەشکەنجەو کەلەپچەکردن».

سەرگوڵ ڕەزا حەسەن، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان جەخت لە خراپیی مامەڵەکردن لەگەڵ بەشێک لە زیندانییان دەکاتەوەو باس لەوە دەکات؛ کە زۆربەی کاری لیژنەکەیان تەرخانکراوە بۆ ڕەوشی زیندانەکانو بەم نزیکانەش ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوشی زیندانییەکانی هەرێم ئامادە دەکەن.

ئەو پەرلەمانتارە باس لەوە دەکات؛ کە لە کاتی سەردانەکانیان بۆ بەندیخانەکانی هەولێرو سلێمانیو هەولێر، لە نزیکەوە زیندانییەکان باسیان لەوە کردووە؛ کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕووبەڕووی ئەشکەنجە بوونەتەوە.

یەکێک لەو ڕەخنە دیارانەی بەردەوام ڕێکخراوە ناوخۆییو بیانییەکان لە حکومەتی هەرێمی دەگرن، پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، بە تایبەت لە بەندیخانەکان، هەروەها گومانی ئەوەیان هەیە هەردوو حیزبی باڵادەست زیندانی نهێنییان نەبێت.

سەرگوڵ ڕەزا، وتیشی: «پێویستە لیژنەی مافی مرۆڤ بەدواداچوون بۆ ڕووداوی خۆخنکاندنی زیندانییان (بە تایبەت مەروان) بکات، بۆئەوەی نەبێتە دیاردە لە بەندیخانەکاندا».

ئەندامەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ پێیوابوو؛ جگە لە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییان لە کاتی لێکۆڵینەوە، کێشەیەکی تری بەندیخانەکانی هەرێم ئەوەیە کە سزادراوەکان بەپێی جۆری تاوانەکانیان تێکەڵاو و جیا نەکراونەتەوەو تێکەڵاوکراون.

**دەقی نامەکان لە ل(١٧)دان.**

### ڕێککەوتنی دەسەڵاتو گۆڕان بێ ئیمزاکردن دەمێنێتەوە

ئەگەرچی لە دوایین کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئیئتیلافە کوردستانییەکە، کە (٧)ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو، گۆڕان بەشداریی نەکرد، بەڵام لە کۆبوونەوە فراوانەکەی فراکسیۆنە براوەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە دوێنی لە هەولێر بەڕێوەچوو، ئاگادار نەکرابوونەوە، ئەمەش لای بزووتنەوەی گۆڕان درێژکردنەوەی هەمان سیاسەتی نادیدەگرتنو بەردەوامبوونی بێمتمانەییە لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان.

هاوپەیوەند، سەرچاوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان وتی: «ئامادەبوونمان لەو کۆبوونەوە بە گرنگ نازانین، چونکە زیاتر لە قسە چاوەڕێی بڕیاری گرنگیی لێ ناکرێت، بەڵام ئاگادارنەکردنەوەمان لە کۆبوونەوە فراوانەکەی لایەنە عێراقییەکان لە هەولێر، بە کارێکی خراپ دەزانین، چونکە کشانەوەی ئێمە لە ئیئتیلافە کوردستانییەکە، مانای ئەوەنییە کە گۆڕان یەکێک نییە لە فراکسیۆنە براوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق».

## «ئەو پەرلەمانتارانەی لیستی زۆرینە، کە دەنگیان بە پرۆژەکە نەدا، سەروەرییان بۆ خۆیان تۆمار کرد»

# ئاشتی عەزیز: پرۆژەیاسای خۆپیشاندان هەڵەی یاسایی‌و دەستووریی تێدایە

سازدانی: ڕۆژنامە

**ئاشتی عەزیز، پەرلەمانتاری گۆڕان‌و ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە؛ پرۆژەیاسای خۆپیشاندان، نەک نەیتوانی ببێتە یاسایەکی بوێرانە، کە کۆمەڵگە بەرەو ئازادیی‌و دیموکراسی وەربچەرخێنێت، بەڵکو هەڵەی یاسایی تێدایەو پێچەوانەشە لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری عێراقی.**

**ڕۆژنامە: هۆکاری دەنگنەدانتان بە پرۆژەیاسای خۆپیشاندان چی بوو؟**

* ئەم پرۆژەیە لەسەر ئاستی کاری پەرلەمانی، یەکێک بوو لە پرۆژەیاسا گرنگەکان، کە دەکرا کۆمەڵگەی کوردی لەم هەرێمەدا بەرەو خالیکی وەرچەخانی گرنگ بەرێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەری ئەوەی هەیە دیموکراسی بەرەو دواوە بەرێت، کە بەداخەوە لە ئێستادا ئەمە ڕوویدا، ئەمەش جێگەی داخە، چونکە تێپەڕاندنی ئەم یاسایە بەم شێوەیەی ئێستاو لەسەر بنەمای دەنگی زۆرینە، جارێکی تر هەرێمی کوردستان‌و پەرلەمانی کوردستان دەخاتەوە ژێر پرسیار لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتیش، خوێندنەوەی من‌و فراکسیۆنی گۆڕان ڕوانگەیەکی یاسایی‌و دەستووریی هەیە لەلایەک، بەوپێیە ئەرکی پەرلەمان یاسادانانەو ناکرێت یاسایەک دابنێت، کە بنەمایەکی دەستووریی هەیە، هاوکات هەر خودی یاساکە پێچەوانەی بنەمای دەستووریی بێت، ئەمە جگە لەوەی پرۆژەیەک ئازادیی بخاتەوە ژێر پرسیارو مافێک پێشێلبکرێت کە بە دەستوور ڕێکخرابێت‌و بە ڕوونی ئاماژەی پێکرابێت، ئەمە جگە لەوەی خۆپیشاندان وەک چالاکییەکی مرۆیی کەمتر نییە لە چالاکییەکانی تری مرۆڤ، کە وەک مافێکی سروشتی پێناسە کراوەو لە دەستووری عێراقیدا ڕێگەی پێدراوە.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە یاسایەکی لەو جۆرە چ کۆسپ‌و تەگەرەیەک لەبەردەم پرۆسەی دیموکراسیدا دروست دەکات؟**

*ئەم پرۆژەیاسایە، نەک نەیتوانی ببێتە پرۆژەیاسایەکی بوێرانە کە کۆمەڵگە بەرەو ئازادیی‌و دیموکراسی وەربچەرخێنێت، بەڵکو نەشیتوانی ببێتە پرۆژەیاسایەکی سەرکەوتوو، کە پێچەوانە نەبێت لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ.

خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە دەیڕوانییە پەرلەمانی کوردستان، کە بتوانێت مافە دەستوورییەکان باشتر بخاتە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمدا باشتر گەشە بکات، بەڵام بەداخەوە مافێکی سروشتی لە هەرێمدا بە مۆڵەت ڕێکدەخرێت، کە ئەمەش مەترسیی گەورەی بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی هەیەو سێ بنەمای سەرەکیی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ سنووردار دەکات، کە ئەوانیش (مافی گوزارشتکردن، مافی خۆپیشاندان‌و مافی دەربڕینی ناڕەزایی)یە، هەروەها هیچ دەرفەتێک نەهێڵدرایەوە بۆ خۆپیشاندان‌و گردبوونەوەی لە ناکاو، کە زۆرجار ئەم حاڵەتە واقیع دروستی دەکات‌و کاردانەوەیەکە بۆ بڕیارێک، یاخوود هەڵوێست‌و بڕیارێکی سیاسیی نەگونجاوو لەناکاو.



ئاشتی عەزیز

کێشەکە لێرەدایە کە ئێمە دەڵێین خۆپیشاندا نابێت بە مۆڵەت بێت، لیستی زۆرینە پێیوایە: ئێمە هانی فەوزا دەدەین، لە کاتێکدا ئەمە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ دیدی ئێمەو بنەماکانی دیموکراسی، دەکرا پرۆژەکە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان بێت لەسەر بنەمای ئاگادارکردنەوە بە مەبەستی ڕێکخستنی خۆپیشاندان، واتە دەسەڵات مافی خۆیەتی ئاگاداربێت‌و ڕێو شوێنی ئەمنیی گونجاو بگرێتەبەر، بەڵام بۆی نییە ڕێگە لە خۆپیشاندان بگرێت‌و ڕەتی بکاتەوە، چونکە دەسەڵات نابێت لەبری ئیرادەی میللەت بڕیار بدات‌و ئازادیی هاوڵاتییان زەوت بکات‌و لەبری ئەوان بیربکاتەوەو بڕیاربدات چی گونجاوەو چی نەگونجاوە، هەروەها ئەگەر خۆپیشاندان نەکرێت‌و مافی گوزارشت لەخۆکردن پێشێلبکرێت، ئێمە دەپرسین؛ هاوڵاتییان پەنا بۆ چ ڕێگەیەک بەرن؟

بۆیە دەڵێم؛ بەڵێ، ئەم یاسایە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییەو هەڵەی یاسایی‌و دەستووریشی تێدایە، بەوپێیەی پێچەوانەی یاساکانی هەرێمی کوردستان‌و دەستووری عێراقە، کە هەموو ئەم ڕاستییانەش لەناو هۆڵی پەرلەماندا بەوردیی ڕوونکرانەوە، بەڵام بەداخەوە سەرەنجام بە دەنگی زۆرینە تێپەڕێندرا.

**ڕۆژنامە: بەوردیی بەرتەسککردنەوەی مافی خۆپیشاندان تا چ ئاستێک لە یاساکەدا بەدی دەکرێت؟**

* لە چەند شوێنێکی پرۆژەیاساکەدا ئاماژەی ترسناک بەدی دەکرێت، کە کاری جدیی کراوە لەسەر ڕێگرتن لە خۆپیشاندان، واتە، ئەوەی ئەو پرۆژەیە بخوێنێتەوە هەستدەکات کە ئەوەندەی ماندووبوون هەبووە لەمەڕ دۆزینەوەی ڕێکاری یاسایی بۆ ڕێگرتن‌و بچووککردنەوەی ئازادیی خۆپیشاندان، ئەوەندە ماندووبوون هەست پێناکرێت، کە کار کرابێت بە ئامانجی ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بۆ نموونە لە مادەی دووەم بڕگەی یەکەم‌و دووەم تێیدا (خۆپیشاندان دەلکێنێت بە مەرجی مۆڵەت وەرگرتن‌و دەسەڵاتی مۆڵەتیش دەخاتە دەسەڵاتی وەزیرو سەرۆکی یەکەی کارگێریی)، هەروەها لە مادەی چوارەم بڕگەی یەکەم، کۆت‌و بەند دادەنێت بۆ هەموو پارتێکی سیاسیی‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و سەندیکاو کۆمەڵەو یەکێتییەکان، ئەوانەش کە پێشتر مۆڵەتیشیان هەبووە پێویستە سەرلەنوێ مۆڵەت وەربگرنەوە، بە مەبەستی خۆپیشاندان، کە ئەمەش پێشێلکارییەکی یاسایی ترە بەوپێیەی لە یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣) ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان‌و یاسای ژمارە (١٨) پێکهێنانی کۆمەڵەکاندا، هاتووە: کە (مافی خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوەو مانگرتنیان هەیە)!

هەروەها لە مادەی یازدەیەم، خاڵی یەکدا هاتووە: (ئەوەی بە پێچەوانەی ئەم یاسایە مامەڵە بکات، ئەوا بە پێشێلکاریی یاسا دادەنرێت‌و ئەحکامە سزاییەکانی بەسەردا دەچەسپێت، لە مادەی چواردەیەمدا ڕاستەوخۆتر ئاماژە بەوە دەکات؛ نابێت هیچ خۆپیشاندانێک ڕێکبخرێت، کە پێچەوانەی ئەحکامە یاساییەکان بێت)، ئایا هەموو ئەم هەڕەشەو گومڕاییە پێچەوانەی بەندێکی ئاشکراو ڕوونی دەستوور نییە؟ ئایا پێچەوانەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نییە سەبارەت بە ماف‌و ئازادییەکان؟ ئایا ئەحکامە سزاییەکانی ئەم پرۆژەیە لەکوێدا کۆدەبێتەوە لەگەڵ دیموکراسییەتدا؟

**ڕۆژنامە: یاساکە بە (٥٦) بەڵێ‌و دژایەتی (٤٢) دەنگ تێپەڕێنرا، کەواتە جگە لە ئۆپۆزسیۆن پەرلەمانتارانی دەسەڵاتیش هەبوون، کە دەنگیان پێ نەدا؟**

* من بڕوام وایە ئەوەی کەسەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بەشی گەورەی پەیوەستە بە هەڵوێستەوە، ئەوانەی دەنگیان نەدا بە یاساکە، گرنگ نییە، کە دەنگیان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن داوە، بەڵکو گرنگییەکەی لەوەدایە کە دەنگیان لەسەر پرۆژەیەک نەدا، کە پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ بێت، پرۆژەیەک کە دەیویست پێچەوانەی هەموو پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ ڕەفتار بکات، ئەو پەرلەمانتارانەی لیستی زۆرینە کە دەنگیان نەدا، توانییان سەروەرییەک تۆمار بکەن بۆ داکۆکیکردن لە ئازادیی‌و مافی مرۆڤ، بە بڕوای من ئەوان بەرپرسیارییەتیان لە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن قورستر بوو، هەڵوێستیان بوێرانە تربوو، چونکە ئەوان لە یەک کاتدا دژایەتی تیپەڕاندنی پرۆژەیەکی نەشیاوو نەگونجاویان کردو لەهەمان کاتدا دژایەتی عەقڵی چەقبەستوویان کرد، کە دەیانەوێت ئازادییەکان هەمیشە بەرەوە دواوە وەربچەرخێت، نەک بەرەو پێشەوە، ئەمەش کارێکی نوێیە لە بواری کاری نوێنەرایەتیکردنی خەڵکدا.

**ڕۆژنامە: لە ئێستادا کە پرۆژەکە پەسەندکراوە، ئێوە داواکاریتان چییە؟**

* گرنگە کە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان‌و جەماوەری کوردستان بۆ خواستی ئازادیی‌و دیموکراسی‌و ئیرادەی (٤٢) پەرلەمانتار فەرامۆش نەکرێت‌و سەرۆکی هەرێم ئەم یاسایە واژۆ نەکات، بۆیە داواکارین بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان تا سەرلەنوێ ئەو بڕگانەی پێچەوانەی دەستوورو مافی مرۆڤ‌و دیموکراسییەتە چاک بکرێتەوە، ئەگەر ئەمەش نەکرێت پێموایە؛ دەبێت پەنا ببرێتە بەر دادگای دەستووریی بۆ چارەسەرکردنی، بۆ ئەوەی نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.




# داوای هەڵوەشاندنەوەی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دەکرێت

سەنگەر جەمال

گرووپێکی فشار لە کارمەندانی تەندروستی پێکدێت بۆ فشارخستنەسەر سەندیکای کارمەندانی تەندروستی‌و «داوای یاساییان لەسەر تۆماردەکەن».

هەردوو سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، (١٠)ساڵ لەمەوبەر لە هەولێرو سلێمانی دامەزران‌و دوای فشارو هەڕەشەی بڕینی بودجەی ئەو ڕێکخراوانەی یەکیان نەگرتووەتەوە، لە ساڵی (٢٠٠٨)دا هەردوو سەندیکاکە، بە تەوافوق‌و ڕێککەوتنی سیاسیی یەکیانگرتەوە، بەڵام تا ئێستاو دوای (١٠) ساڵ، هیچ کۆنگرەیەکیان نەبەستووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی هەردوو سەندیکاکە، دەبێت لەماوەی سێ ساڵدا، کۆنگرە ببەستن.

بێستون فەتاح، ئەندامی لیژنەی گرووپی فشار، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: «بەپێی ڕێککەوتنەکە، دەبوو لەماوەی (٦)مانگدا کۆنگرەیەکی سەرتاسەریی لە هەرێم ببەسترێت، بەڵام تا ئێستا ئەوە نەکراوە، ناچار ئەمساڵ کۆمەڵێک کارمەند کۆبوونەوەو بڕیاردرا کە گرووپێکی فشار دروستبێت،



چەند کارمەندێکی تەندروستی

بۆئەوەی کۆنگرەیەکی سەرتاسەریی لە کوردستان بکرێت».

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، نزیکەی (١٥)هەزار ئەندامی هەیە، وەک ئەندامانی گرووپەکەش باسی دەکەن، ئامانجی گرووپەکە ئەوەیە کە هێزێکی فشار بێت بۆ ئەوەی سەندیکا کۆنگرە ببەستێت‌و خزمەتی کارمەندانی تەندروستی بکات، گرووپەکەش یاداشتێکی لە ڕێی ئەنجومەن‌و پارێزگاری سلێمانییەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بۆئەوەی سەندیکا کۆنگرە ببەستێت، یان متمانەیان لێ بسەننەوە، بێستون دەڵێت: «شەرعییەتیان نەماوە، (١٠)ساڵ بەسەر تەمەنیان ڕۆیشتووەو کۆنگرەیان نەبەستووە، بۆ ئەو مەبەستەش، سەردانی نووسینگەی پەرلەمانمان کردو ئەوانیش گەیشتنە ئەوەی کە لیژنەی ڕێکخراوەکان نووسراو بۆ سەرۆکایەتیی بکەن، بۆئەوەی لە هۆکاری نەبەستنی کۆنگرە بکۆڵێتەوە»، ڕاشیگەیاند، کە بڕیاریانداوە، لە دادگا داوای یاسایی لەسەر سەندیکای کارمەندانی تەندروستی تۆمار بکەن، چونکە لایەنی بەرپرس، بەپێی پەیڕەو کاریان نەکردووە.

هەروەک ڕەخنەی ئەوە دەگرێت، کە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، نەیتوانیوە ئەرکە سەرەکییەکانی سەندیکا برەو پێبدات‌و وەک پێویست پشتگیریی‌و داکۆکیی لە کارمەندانی تەندروستی بکات‌و مافیان بۆ دەستەبەر بکات، وتیشی: «هەنگاو بە هەنگاو کار دەکەین بۆئەوەی کە لایەنە بەرپرس‌و پەیوەندیدارەکان لەو دۆخە ئاگادار بکەینەوە، دوای ئەوە لە ڕێی یاساوە کار دەکەین، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوا ناچار دەبین ڕای گشتیی کارمەندان هانبدەین، کە ئەو سەندیکایە پێویستی بە گۆڕانکارییە».

یاسایەکی دیکە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی 6

## پسپۆڕێکی سیاسیی: کۆبوونەوەکان گرنگ نین، گرفت ئەوەیە چی تێدا باسدەکرێت

# پەیوەندییە حیزبییەکانی هەرێم بە حکومەتەکانی دەرەوە، بەردەوامە



وێنەی ئەو هەواڵەی لە سایتی رەسمیی یەکێتی بڵاوکرایەوە


کۆبوونەوەی جێگری سەرۆکی پارتی لەگەڵ سەرەک وەزیرانی تورکیا

**راپۆرتی: توانا قادر**

پەیوەندیی بەرپرسانی حیزبیی هەرێم لەگەڵ حکومەتەکانی دەرەوەدا بەپێچەوانەی وتارێکی پێشووی سەرۆکی هەرێم، بەردەوامەو پسپۆڕێکی سیاسیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە پەیوەندیی بەستنی حیزب لەگەڵ حکومەتەکاندا رێگەپێنەدراوە

دووشممەی رابردوو (١٠/٢٥) نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی تورکیای کردو لەگەڵ رەجەب تەیب ئۆردۆغان، سەرۆک وەزیران‌و ئەحمەد داود ئۆغلوی، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە کۆبووەوە، پێشتریش لە مانگی شوباتی رابردوودا نوێنەرایەتی یەکێتی لە بەریتانیا وەڵامی رەسمیی داوایەکی بڵاوکردەوە، کە لەلایەن گۆردن براون، سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیای راگەیاند: کە سەبارەت بە کێشەی پەنابەرانی کورد لەو وڵاتە ئاراستەی کردبوو، لەکاتێکدا، کە نوێنەرایەتی رەسمیی حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا هەیەو بەیان دزەیی، لەسەر لیستی پارتی بەرپرسیەتی.

ئەم دوو نموونەیە دوای ئەوە دێت، کە لە وتارێکیدا لە دانیشتنی ٢٠٠٩/٥/٥ی پەرلەمانی کوردستاندا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رەخنەی لە بەستنی پەیوەندیی رەسمیی‌و دبلۆماسی پارتە سیاسییەکان گرت لەگەڵ حکومەتەکانی دەرەوەو وتی: «پەیوەندیی رەسمیی‌و دیبلۆماسی پێویستە هەرێم بیکات، بەڵام بۆ نموونە هەبوونی پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی نەمسا، یان پارێزگارانی بەریتانی، یان هەر حیزبێکی ئیسلامیی، حیزبەکان لێی ئازادن، بەڵام پەیوەندیی رەسمیی لەگەڵ دەوڵەتان دەبێت حکومەت بیکات‌و یاساشی پێ دەربچێت‌و داواش دەکەم هەموو لایەک لەوبارەیەوە هاوکاربن‌و یەکەمین جاریش یەکێتی‌و پارتی بگرێتەوەو کەس هەڵاوێر ناکرێت».

لەوبارەویە بیلال سلێمان، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان‌و رۆشنبیریی راگەیاندن‌و شوێنەوارەکانی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا؛ کە دەبێت خەڵکی تر لە حکومەتدا ئەو کارە جێبەجێ بکەن‌و بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەگەڵ رێزمدا بۆ نێچیرڤان بارزانی، کە لە سەردەمی حکومەتەکەیدا توانی رۆڵی باش بگێڕێت لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، بەڵام ئێستا بەڕێزیان پۆستی حکومییان لەبەردەستدا نییەو دەبێت خەڵکێکی تر ئەو کارە جێبەجێ بکەن‌و بسپێردرێت بە حکومەت، نەک کاک نێچیرڤان، کە جێگری سەرۆکی پارتییە، ئەوەش پێچەوانەی وتارەکەی پێشتری سەرۆکی هەرێمە».

هاوکات کاروان جەمال تاهیر، جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە دەبێت پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتەکانی دەرەوە لە رێگەی حکومەتەوە بێت‌و رەتیشی دەکاتەوە، کە رووداوی لەو جۆرە روویدابێت و بە رۆژنامەی راگەیاند: «بۆ حاڵەتی یەکەم کاک نێچیرڤان، وەک جێگری سەرۆکی پارتی لە تورکیا پێشوازیی لێکراوەو کەسایەتییەکی سیاسییەو هەندێک جاریش لە وڵاتان ئەو کەسانەی پێشتر پۆستیان وەرگرتووە، پێشوازییان لێدەکرێت‌و بۆ حاڵەتی دووەمیش لەو کاتەدا کێشەی پەنابەرانی کورد هەبووە، بۆیە نوێنەرایەتی یەکێتی لە بەریتانیا ئەو هەنگاوەی ناوە».

هاوکات بیلال سلێمان، کە لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ «کە مرۆڤ ئازادە پەیوەندیی لەگەڵ کێدا دەبەستێت‌و ئەو هەنگاوەش پێویستی بە دانانی یاسا نییە»، وەک لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێمدا هاتبوو، بەڵام وتی: «نابێت ئەو پەیوەندییانە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسەتی هەرێم بگەیەنێت».

ئەو تێڕوانینانە سەبارەت بە شەرعیەت، یان ناشەرعیبوونی پەیوەندیی حیزبەکانی هەرێم بە وڵاتانی دەرەوە لەکاتێکدایە، چەندینجار نوێنەرانی پارتە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵاتانی دەرەوە سەردانی هەرێمیان کردووەو لەگەڵ بەرپرسانی حکومیی کۆبوونەوە، بەبێ ئەوەی حکومەتی وڵاتەکانیان رێیان لێبگرێت لە سازدانی دیدارو بەستنی پەیوەندییەکانیاندا.

بەڵام رێبوار کەریم، پسپۆڕی سیاسیی ئاماژە بە تێبینیکردنی هەنگاوی لەو جۆرە دەکات لە کۆبوونەوەی نێوان بەرپرسانی حیزبیی‌و هەرێم‌و بەرپرسانی حکومەتی وڵاتانی دەرەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «گرنگ سازدانی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە نییە، گرنگ ئەوەیە لەو کۆبوونەوانەدا چی باسکراوەو ئەو بەرپرسە حیزبییە بە ناوی حکومەتەوە رەفتاری کردووە، یان نا؟و بە تێڕوانینی من سەردان‌و کۆبوونەوەی بەرپرسانی حیزبیی هەرێمیش بۆ دەرەوە زیاتر رەهەندی ئابووریی هەبووە».

ئەو پسپۆڕە سیاسییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە مافی حیزبەکان نییە بە ئارەزووی خۆیان پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتەکانی دەرەوە ببەستن، بەوپێیەی لە هەرێمدا حکومەت‌و دەزگاو دامەزراوە هەیە، دەبێت ئەو جۆرە پەیوەندییانە لە رێگەی حکومەتەوە بێت، ئاساییە لەو کۆبوونەوانەدا هانی بازرگانان بدرێت بێنە هەرێم، بەڵام ناتوانن گرێبەست ئیمزا بکەن.

# دواکەوتنی بودجەی هەرێم دەستیپێکرد

**راپۆرتی: بەرهەم خالید**

زیاترلە (٤٠)رۆژ بەسەر وادەی ناردنی بودجەی خەملێنراوی هەرێم بۆ پەرلەمان تێدەپەرێت‌و بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانیش، داوای هەڵوێستوەرگرتن لەحکومەت دەکات.

بەپێی رێوشوێنە یاساییەکان‌و وەک لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیشدا هاتووە: پێویستە ساڵانەو پێش کۆتاییهاتنی ساڵی دارایی، پرۆژەیاسای بودجە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا بگاتە پەرلەمان، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێم بودجەی خەملێنراوی ئاراستەی پەرلەمان نەکردووە.

دلێر مەحمود، بڕیاردەری لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی لە پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: وەزیری دارایی‌و پلاندانان پێیان راگەیاندوون، کە بودجەی خەملێنراوی ساڵی (٢٠١١)تەواو بووەو تەنیا بودجەی سەرۆکایەتیی هەرێم‌و حکومەت‌و پەرلەمان ماوە بۆ ئەوەی بودجەکە لەلایەن حکومەتەوە تەواوبکرێت‌و بنێردرێتە پەرلەمان بە مەبەستی گفتوگۆکردن‌و پەسەندکردن.

دەربارەی کاردانەوەی دواکەوتنی بودجەکەش، دلێر مەحمود، وتی: «ئێمە تەنیا لیژنەیەکین‌و ئەگەر بودجەکە زیاتر دوابکەوێت، دەبێت پەرلەمان هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر حکومەت لەسەر ئەو دواکەوتنەو ئێمەش راپۆرتی خۆمان دەبێت‌و داوای روونکردنەوە لە هەردوو وەزیری دارایی‌و پلاندانان دەکەین».


حکومەت هەموو ساڵێک پرۆژەبودجە درەنگ دەنێرێتە پەرلەمانەوە فۆتۆ: ئینتەرنێت

پاش کۆتاییهاتنی پشووی هاوینەی پەرلەمان،سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەڕەسمیی داوای لە سەرۆکایەتیی حکومەت کرد، کە لە کاتی یاسایی خۆیدا بودجەی خەملێنراوی ساڵی داهاتوو بنێرێتە پەرلەمان، هەروەها مانگی رابردوو فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان نووسراوێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردو داوای روونکردنەوەیان کرد دەربارەی دواکەوتنی بودجەکە، بەڵام بێوەڵام بووە.

ئیسماعیل گەلاڵەیی،ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، باس لەوە دەکات: لەبەرئەوەی پێشتر لە هەرێمدا دەزگایەک نەبووە کە بەدواداچوون بکات لەسەر هۆکارەکانی دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجە لەلایەن حکومەتەوە، بۆیە ئەم دواکەوتنەی بودجە بووەتە نەخۆشییەکی درێژخایەن‌و بەردەوام لە هەرێمداو بنەبڕکردنی ئەو نەخۆشییەش هەوڵی زۆری دەوێت.

سەرەرای قەیرانی سیاسیی عێراق‌و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، بەڵام وەزارەتی دارایی عێراق بودجەی خەملێنراوی ساڵی داهاتووی عێراقی بە (١٠٢)ترلیۆن دینار خەمڵاندووەو پشکی هەرێمیشی لەو بودجەیە بە پێی رێژەی (١٧٪) پاش لێدەرکردنی بودجەی سیادیی‌و بودجەی حاکیمە، دەکاتە (١٢)ترلیۆن‌و (٤٨٤) ملیار دینار.

بەپێی لێدوانی گەورەبەرپرسانی وەزارەتی دارایی عێراقیش، پەسەندنەکردنی بودجەی حکومەتی عێراق رێگر نییە لەوەی حکومەتی هەرێم بودجەی ساڵی (٢٠١١)ی خۆی پەسەند بکات، بەڵام بە بڕوای پسپۆڕانی ئابووریی، دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە، کاریگەریی خراپی لەسەر ئابووریی وڵات دەبێت.

د.محەمەد رەئوف، پسپۆڕی ئابووریی‌و مامۆستای زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: دواکەوتنی ناردنی بودجەی خەملێنراو بۆ پەرلەمان، مانای ئەوەیە حکومەتی هەرێم‌و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە رێوشوێنە یاساییەکان هەڵناسن، چونکە دەبێت بودجە پێش کۆتاییهاتنی ساڵی دارایی پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتە داراییەکانی حکومەت، چوارچێوەیەکی دارایی‌و یاساییان هەبێت‌و بە تەواویی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

دەربارەی کاریگەرییەکانی دواکەوتنی بودجەش، ئەو پسپۆڕە ئابوورییە، وتی: «ئەگەرچی هیچ کاریگەریی لەسەر مووچە نابێت، بەڵام کاریگەریی زۆری لەسەر بودجەی وەبەرهێنان‌و پرۆژەکان دەبێت، لەبەرئەوەی هیچ پرۆژەیەک تەخسیساتی بۆ ناکرێت ئەگەر لە بودجەدا پارەی بۆ تەرخان نەکرێت، هەربۆیە ئەو پرۆژانە پەکیان دەکەوێت، ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر کارەکانی حکومەت‌و باری ئابووریی هەرێم دەبێت».

# ـــــەسکردنەوەی ئازادی

## ـــــاندان بگەڕێنێتەوە پەرلەمان




فۆتۆ: رۆژنامە «ئەرشیف»

بەداخەوە ئەنجامی نەبوو، ناوەڕۆکی ئەم یاسایەو تێپەڕاندنی لە پەرلەمان لە لایەن لیستی زۆرینەی دەسەڵاتەوە، لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە سەرچاوەی نەگرت، هێندەی لە ئەو ئاراستانەوە سەرچاوەی گرت کە لە مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانییانەوە ئاراستە کرا، هەست دەکەین وردە وردە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان دەیەوێت بە سوودوەرگرتن لە زۆرینەو کەمینە لە پەرلەمان، سیستمی سیاسیی لە کوردستان بەرەو سیستمێکی ستەمکاریی ببات».

لای خۆشیەوە، حەمەسەعید حەمە عەلی، باس لەوە دەکات؛ کە خۆپیشاندان سروشتی ئادەمیزادو مافێکە بەپێی دەستـوورو جاڕنامەی گەردوونیی‌و مافی مرۆڤ‌و پەیماننامەی نێودەوڵەتیی، ئەوەش دەخاتە روو؛ کە «ئۆپۆزسیۆن چەندین داوای زانستی‌و ئەکادیمی‌و مەنتیقی‌و یاسایی‌و دیموکراتییان کرد، بـەڵام کەمترینی چـووە نـاو یاساکەو تێبینیی زۆرمان لەسەر مادەو بڕگەکانی یاساکە هـەبـووە، بۆیە پێویست بوو یاساکە شارستانی‌و سەردەمیانە بێت‌و لەگەڵ رۆحی دیموکراسی‌و کرانەوەو ئازادیدا بگونجێت، نەک یاسایەک بێت بە نەفەسێکی حیزبیی‌و دەسـەڵات‌و بەپێی ویستی رژێم‌و دەوڵەتە تۆتالیتارییەکان نووسرابێت، کە بەکەڵکی (٣٠) ساڵ لەمەوبەر بێت، چونکە دەستەواژەی وای تێدایە، کە باوی نەماوە»، وتیشی: «یاساکە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییان‌و خەڵک نییەو لیستی زۆرینەی دەسەڵات‌و تەدەخول‌و بەرژەوەندیی سیاسیی‌و حیزبیی هۆکاری ئەوە بوون بەوشێوەیە یاساکە تێپەڕێت، کە بە شێوەیەکە پێچەوانەی دیموکراسی‌و کـرانـەوەو بـەرتـەسـکـکـردنـەوەی ئازادییەکانەو زیاتر لە بەرژەوەندیی دەسەڵات‌و حکومەت دانراوە».

### نارەزاییەکان

دوای پـەسـەنـدکـردنـی یاساکە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان‌و بەشێکی زۆری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، یاداشتێکی نارەزاییان لەسەر یاساکە بڵاوکردەوە.

لە یاداشتێکی نارەزاییدا فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: رۆژی چوارشەممە ٢٠١٠/١١/٣ پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی (جگە لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و چەند ئەندامێکی بەرێزی فراکسیۆنەکانی تـر) پرۆژەیاسای خۆپیشاندانیان لە کوردستاندا پەسەند کـرد، بە داخـەوە زۆرینەی نێو پەرلەمان پرۆژەیاسایەکی پەسەند کرد، کە دلنیاین دەبێتە هۆکارێکی گـەورە لـەبـەردەم چوونە پێشەوەی پرۆسـەی دیموکراسی لە هەرێمداو بەرتەسککردنەوەی ئازادیی هاوڵاتییان کە لە دەسـتـوورو هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا هاتووە.

لەلایەکی دیـکـەوە، رۆژێـک دوای پەسەندکردنی یاساکە فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە یاداشتنامەیەکدا کە ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کـردووە داوا دەکـەن، سەرۆکی هەرێم یاساکە واژۆ نەکات، لە یاداشتەکەشدا هاتووە: «لە یاساکەی پەرلەماندا چەندین کۆسپ‌و رێگریی دەبینرێت، لەوانە: ناچارکردنی خۆپیشاندەران بە مۆڵەت وەرگرتن لەبری ئاگادارکردنی لایەنە بەرپرسەکان، جێگیر نەکردنی خۆپیشاندانی لەناکاو، نا روونیی لە چۆنێتی مامەلەکردنی هێزەکانی ناوخۆ لەگەڵ خۆپێشاندەراندا، تێکەلکردنی بەندێکی سزایی بە پرۆژەیەکی مەدەنی، ئاماژەیە بۆ توندیی یاساکە، دەرچوونی یاسایەک کە لە چەند برگەیەکیدا ماف لە هاوڵاتییان زەوت دەکات، پێشێلکردنی هەموو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان‌و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە، ئەمەش ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەکەدار دەکات».

هەروەک هاتووە: «ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد، پەرلەمانی کوردستان یـاسـایـەکـی تـــەواو مـەدەنـیـانـەو دیموکراسییانە پەسەند بکات، بەڵام ئەم هەلوێستە هەموومانی تووشی شۆککرد، لەبەر ئـەوەی پەرلەمان نوێنەرایەتی گەلێک دەکات کە پێشتر زۆری بەدەست ستەمکاریی‌و بێدەنگییەوە چەشتووە».

هـەروەک تۆڕی بەرگریی لە ماف‌و ئازادییەکانی خەڵک لە یاداشتێکدا رەخنە لە پەسەندکردنی یاساکە دەگرێت بەو شێوەیەو لە یاداشتەکەیاندا هاتووە: «بەپێی برگەکانی ئـەو پرۆژەیاسایە سـەرەتـایـتـریـن مـافـی خـەڵـک بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانیان‌و دەربڕینی نارەزایەتییەکانیان بە خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە زەوت دەکـرێـت، ئەمە لە کاتێکدایە دەسەڵاتدارانی کوردستان رۆژانە بانگەشەی فەراهەمکردنی دیموکراسی‌و ئازادیی دەکەن بۆ دانیشتووانی هەرێمەکە، پرۆژەیاسای لەو جۆرە راستەوخۆ ئازادیی خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە زیندەبەچاڵ دەکات»، لە یاداشتەکەشدا بانگەوازی پارتە سیاسییەکان‌و رێکخراوو سەندیکاو چین‌و توێژەکان کراوە، کە دژ بە دەرچوونی ئەو یاسایە خۆپیشاندان ئەنجام بدەن.

### سەرۆکی هەرێم

لـەو نـارەزایـی‌و یـاداشـتـانـەدا، کە فـراکـسـیـۆنـەکـانـی ئـۆپـۆزسـیـۆن لە پەرلەمانی کوردستان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دوای تێپەڕاندنی یاساکە رایانگەیاند، داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن؛ کە واژۆی پەسەندکردن لەسەر یاساکە نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە پەرلەمان بۆ ئـەوەی گفتوگۆی دیکەی لەسەر بکرێت، بەوپێیەی یاساکە بەو شێوەیەی ئێستا «ئازادیی بەرتەسک دەکاتەوەو رێگریی زۆر بۆ خۆپیشاندەران دروست دەکات».

حەمەسەعید حەمە عەلی، لەو رووەوە دەڵێت: «داوامان لە بەڕێز سەرۆکی هەرێم کـردووە واژۆ لەسەر یاساکە نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە پەرلەمان، بۆ ئـەوەی گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێت‌و کەسانی پسپۆڕو شارەزاو مامۆستایانی زانکۆو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی قسەو رای خۆیانی لە بارەوە بکەن، هەروەها راپرسیی چین‌و توێژەکان بکرێت‌و یاسایەک بێت بگونجێت لەگەڵ دیموکراسی‌و ژیانی سەردەم‌و ئەو لەمپەرو کەموکوڕییانەی تێیدایە، چارەسەر بکرێت».

لای خۆشیەوە، عەبدوڵڵا مەلانوری، وتی: «بە رەسمیی داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەین یاساکە پەسەند نەکات، چونکە ناکۆکە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ‌و ئامرازێکە بۆ سەندنەوەی مافێکی خەڵکی کـوردسـتـان»، وتیشی: «تێپەڕبوونی یاساکە بەو شێوەیە پەڵەیەکی رەشە بە ناوچەوانی خولی سێیەمی پەرلەمانەوەو مەسئولییەتێکی مـێـژوویـی لـە سەر سەرۆکی هەرێم دروستدەکات، چونکە لە سەردەمێکدا دەردەچێت، کە ئەو سەرۆکی هەرێمەو ئەویش مافی ئەوەی هەیە رەتی بکاتەوە».

## ـــــەڵگەی مەدەنی لەبەرچاونەگرت

چەند رێگەیەکی مەدەنیپانە دیاریی بکرێت‌و ئەو پرسە بەجێ نەهێلرێت بۆ دەرکردنی رێنمایی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە.

**رۆژنامە: رێی تێدەچێت دەسەڵات رێگە بە خۆپیشاندانێک بدات کە دژی خۆیەتی، بە نموونە مۆڵەت لای قایمقام بێت‌و نارەزایی دژی قایمقام دروست بووبێت، ئایا ئەو مۆڵەت بەو خۆپیشاندانە دەدات؟**

– ئەمەش یەکێک بوو لەو خاڵانەی کە مایەی نیگەرانییەو مایەی تانەلێدانە، داوامانکردبوو هەموو ئاگادارکردنەوەکان لەلای دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکانی یەکە کارگێڕییەکان بێت، نەک سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، چونکە سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان دادەمەزرێن‌و تاکەکەسێکەو توانای رەتکردنەوەی هەیە، بەڵام ئێمە کە داوا دەکەین ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان ئەو ئەرکەیان پێ بسپێردرێت، لەبەر ئەوەیە کە ئەو ئەنجومەنانە نوێنەری قـەوارە جیاوازەکانی تێدایە، ئەمەش وادەکـات کە مـەودای رەتکردنەوەو بڕیاری مەزاجی‌و تاکەکەسی کەمبێتەوە، بەڵام ئەگەر مۆڵەت لای تاکەکەسێک بێت، قایمقام، یان پارێزگار خۆپیشاندان، نەک لە دژی ئەو بێت تەنانەت ئەگەر رەخنەگرتنیش بێت لەو، ئەوا رێگەی پێنادات.

**رۆژنامە: بەپێی یاساکە خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت بە تاوان هەژمار دەکرێت‌و سزای بۆ دیاریکراوە؟**

–لە یاساکەدانەوتراوە کە خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت تاوانە، بەڵام هەر شتێک بە یاسا رێکخراو یاسا رێڕەوێکی بە روونی بۆ دیاریکرد، کەواتە لادان لێی دەسەڵات بۆی هەیە بە تاوان بیژمێرێت، ئەگەر بە تاوانیش هەژمار نەکرێت، بە سەرپێچیی هەژمار دەکرێت‌و لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت، لە یاسای خۆپیشاندانیشدا سزای زیندانیی بۆ کەسی سەرپێچیکەر دانـراوە، لەکاتێکدا پێویستە لە یاسای مەدەنیدا سزاو لێپرسینەوەکان مەدەنی بن‌و وەک تاوان سەیر نەکرێن.

**رۆژنامە: لە ئێستادا هەولەکانی ئێوە بۆ چاککردنەوەی کەموکوڕییەکانی ناو یاساکە لە چ ئاستێکدایە؟**

– لە ئێستادا فیدراسیۆنی رێکخراوە ناحکومییەکان لە سلێمانی، یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کرد، کە ئەو پرۆژەیاسایە ئیمزا نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان بە مەبەستی چاکسازیکردن تیایدا، بە تایبەتی چەند خاڵێکی یاساکە، لەوانەش؛ گۆڕینی مۆڵەت بۆ رێگەپێدان، نەهێشتنی سـزای دەستگیرکردن، رێگەپێدانەکە لە دەسـت دەسەڵاتە



سەرکەوت حەمە حسێن

هەڵبژێردراوەکان بێت، نەک سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، چۆنێتی مامەڵەکردنی هێزەکانی ناوخۆ لەگەڵ خۆپیشاندەران بۆ بڵاوەپێکردنیان روونبکرێتەوە، لانی کەم دەمانەوێت خۆپیشاندانی (لەناکاو) جێگیر بکرێت، چونکە نەهێشتنی زیان بە ئازادییەکانی تاکەکانی هەرێم دەگەیەنێت.

**دەقی یاداشتی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**
**بابەت/ یاسای رێکخستن یا رێگری لە خۆپیشاندان**

رۆژی چوارشەممە ٢٠١٠/١١/٣ پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی (جگە لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن و چەند ئەندامێکی بەرێزی فراکسیۆنەکانی تر) پرۆژە یاسای خۆپیشاندانیان لە کوردستاندا پەسەند کرد.

ئەم یاسا گرنگە رۆڵێکی گەورەی دەبێت لە پرۆسەی سیاسیی‌و چوونە پێشەوەی دیموکراسی و داننان بە مافە سەرەتایی و ئاساییەکانی هاوڵاتیانی کوردستاندا. هەڵوێست لەم یاسایە هەڵوێستە لە دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادیە سیاسی و سروشتیەکانی خەڵکی کوردستان.

بەداخەوە زۆرینەی نێو پەرلەمان پرۆژە یاسایەکی پەسەندکرد، کە دڵنیاین دەبێتە هۆکارێکی گەورە لەبەردەم چوونە پێشەوەی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمداو بەرتەسککردنەوەی ئازادیی هاوڵاتییان کە لە دەستوورو هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا هاتووە. لەو یاسایەدا بە روونی هەموو ئەو مافانە پێشێل کراوەو ئەنجامدانی خۆپیشاندانی هێناوەتە ئاستی رێگری. لەو یاسایەدا هەموو جۆرە خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوەیەکی گشتی (تەنانەت بۆ حیزب و سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مۆڵەتدراویش) پێویستی بە رەزامەندیی نووسراوی بەرپرسە ئیدارییەکانی ناوچەکان هەیە، کە ئەمەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا یەکسانە بە نەدانی ئەو مۆڵەتە، چونکە هیچ بەرپرسێکی ئیداری ئامادە نابێت بەرپرسیارێتی خۆپیشاندانەکان بخاتە ئەستۆی خۆی‌و لەم حاڵەتەدا بیانووەکانی رازی نەبوون زاڵتر دەبێت.

ئەو لایەنانەی کە دژ بەو یاسایە وەستاینەوە پێمانوایە بە وەرگرتنی هەموو رێوشوێنێکی یاسایی‌و ئسوڵی دەبێت مافی خۆپیشاندان پارێزراو بێت و پێویست بە رەزامەندیی نووسراو ناکات بۆ ئەنجامدانی. بەڵکو تەنیا بە ئاگادارکردنەوەو ئامادەسازیی پێشوەخت (لانیکەم ٤٨ سەعات پێش ئەنجامدانی خۆپیشاندان). هەروەها خۆپیشاندانی لە ناکاو پێویستە بەدەر بێت لە کوت‌و بەند.

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکردنی ئەم یاسایە بە وەرچەرخانێکی ترسناک دەزانێت لە ئاست ئازادیەکانی هاوڵاتیانی هەرێمدا و پێشێلکردنی مافێکی دەستوری هاوڵاتیانە. پێمان وایە ئەمە یاسای قەدەغەی خۆپیشاندانە بە مانا راستەقینەکەی نەک رێکخستنی خۆپیشاندان. بۆیە لێرەدا داوا لە بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەو یاسایە بگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ گۆڕینی هەموو ئەو ماددەو برگانەی ئازادیەکان قەتیس‌و کۆت دەکات. هاوکات داوا لە هەموو ئازادیخوازانی کوردستان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، سەندیکاکان، رۆشنبیران، رۆژنامەنووسان، حیزب‌و رێکخراوەکان، کەسایەتیە سیاسیەکان دەکەین، بە توندی دژ بەم یاسایە بوەستنەوە و کەمپەینێکی گەورە بەرێبخەن و فشاری خۆیان بەکاربهێنن بۆئەوەی ئەم یاسایە بەم شێوەیەی ئێستای پەسەندنەکرێت.

فراکسیۆنی گۆڕان/ ٢٠١٠/١١/٧

# یـاسایـەکی دیکە بۆ بەرتـ

# چەندین لایەن داوا دەکەن: سەرۆکی هەرێم یاسای خۆپیش

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتارانی کوردستان نارەزایی لێدەکەوێتەوە، ئۆپۆزسیۆن‌و بەشێکی زۆری چاودێران‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش پەسەندکردنەکە بەوشێوەیە، بە بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان دەزانن‌و بە پێویستی دەزانن گۆڕانکاریی لە بەشێکی بڕگەو مادەکانیدا بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەن واژۆی نەکات‌و بۆ گفتوگۆی زیاتر ڕەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە.

یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان لە هەرێمی کوردستان لە (١٨) مادە پێکهاتووەو ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٣) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە زۆرینەی دەنگی (٤٢-٥٦) پەسەندکرا.

## ناکۆکییەکان لەسەر ناوەڕۆکی یاساکە

لە ماوەی ڕابـــردوودا دوو پرۆژە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، یەکێکیان بە هاوکاریی (٤٠) چل ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە پێشکەشکرا، ئەوەی تریش لەلایەن لیستی کوردستانییەوە پێشکەشکرا، دوو هەفتە لەمەوبەر لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەیاسای خۆپیشاندان خرایە ڕوو، بەڵام بە هۆی ناکۆکییەوە هەر چوار لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆو مافی مرۆڤ‌و کۆمەڵگەی مەدەنی ڕاسپێردران، کە لە ماوەی هەفتەیەکدا کۆبوونەوە بکەن‌و ڕاپۆرتی هاوبەش لە بارەی پرۆژەکەوە ئامادە بکەن، ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەی لەنێوان لیژنەکاندا ئەنجامدران، کە نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنیان تێدایە، نەگەیشتنە ڕێککەوتنێک‌و چەند خاڵێکی جەوهەریی بە هەڵواسراویی مانەوەو تا دواجار لە هۆڵی پەرلەماندا بە دەنگی زۆرینەی لیستی دەسەڵات یاساکە پەسەند کرا.

گرنگترین ناکۆکییەکانی ناو کۆبوونەوەکان‌و هۆڵی پەرلەمان لەسەر وەرگرتن، یان وەرنەگرتنی مۆڵەت‌و سزای ڕێکخەران لە کاتی ڕوودانی بارگرژیی‌و پاراستنی ئەمنیی خۆپیشاندانەکان‌و بوونی چەند دەستەواژەیەکی «لاستیکی» بوو، کە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن پێیانوایە؛ دەتوانرێت بەپێی میزاج بەکاربهێنرێن.

حەمەسەعید حەمە عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیاسای خۆپیشاندان بە گرنگو یەکێک لە پێوەرو بنەماکانی بوونی پرۆسەی دیموکراسی‌و سیستمی سیاسیی کامڵ دەزانێت، بەڵام پێیوایە؛ پەسەندکردنی یاساکە بەو شێوەیەو چارەسەر نەکردنی دەستەواژەو بڕگەکانی گرفت لەبەردەم ئازادیی دروستدەکات.

ئەو داواکارییەکان ڕووندەکاتەوە کە پێشکەشیان کردووە، بۆ ئەوەی لە یاساکەدا جێی بکرێتەوە، بەوپێیەی کاریگەریی دەبێت لە خزمەتکردن بە دیموکراسی‌و پێدانی ماف‌و ئازادیی کۆمەڵگە، بەڵام وەک دەڵێت «ڕەتکراوەتەوە»، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «داوامانکرد خۆپیشاندان بە مۆڵەت نەبێت، تەنیا ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت، جگە لەوەی حیزب‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی‌و سەندیکا پیشەیی‌و جەماوەرییەکان کە بە یاسا مۆڵەتیان پێدراوەو بەپێی یاساکەیان بۆیان هەیە خۆپیشاندان بکەن، بەڵام بەم پێیەبێت دەبێت مۆڵەت وەربگرن».

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لەو بڕوایەدان؛ مەرجی وەرگرتنی مۆڵەت‌و دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی داوای خۆپیشاندان لەلایەن وەزیرو لێپرسراوی یەکە ئیدارییە خۆجێییەکان‌و لەبەرچاونەگرتنی خۆپیشاندانی لەناکاو (کە دەکرێت لەلایەن چین‌و توێژێک لە شارێک، یا شارۆچکەو گوندێک سازی بکەن) لەمپەرو فلتەر لێدانە لەبەردەم ئازادیی خەڵک.

پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو، دەڵێت: «ئەوانە وادەکات خۆپیشاندان نەکرێت، هەروەها لەمپەری تێدایە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی»، باس لەوەش دەکات؛ کە خاڵێکی تری ناکۆک کۆبوونەوەی گشتییە، کە هەموو حیزب‌و ڕێکخراوێک بۆی هەیە کۆبوونەوەی گشتیی بکات، بەڵام بەوپێیە بێت لە داهاتوودا دەبێت مۆڵەت وەربگرن.

سەرباری ئەو ناکۆکییانە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لەو بڕوایەدان چەندین دەستەواژەو زاراوە لە یاساکەدا هەیە، کە مەتاتیی‌و گشتین‌و وا دەکات دەسەڵاتی جێبەجێکار بتوانن سوودی لێوەربگرن‌و بەرژەوەندیی کەسیی میزاجی خۆیان کاریگەریی هەبێت لەسەری، عەبدوڵڵا مەلانوری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «پێمانوایە؛ ئەم یاسایە ناکۆکە بە بنەما سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ، کاتێک دێینە سەر ئەرکی پەرلەمان لە ئاستی مافی خۆپیشاندان لە دوو خاڵ خۆی دەبینێتەوە، دەبێت یاسایەک دیاریی بکەین، کە یەکێکیان دەستەبەرکردنی ماف بێت بۆ هاوڵاتییان، ڕەگەزی دووەم، ڕێکخستنی ماف بێت بۆ هاوڵاتییان، بەڵام بەداخەوە کە پێدانی ئەو مافەت بەخشییە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەژێر ناوی مۆڵەتدا، هەروەها دانانی کۆمەڵێک دەستـــەواژەی لاستیکیی لە یاساکەدا گومانی تێدانییە، کە لە داهاتوودا ئەوانە بە خراپ بەکاردەهێنرێن، لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە سوودی لێدەبینرێت بۆ بەرتەسککردنی ئەو مافە سروشتییە لە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان».

ئەو پێیوایە؛ «خالی هەرە نامەنتیقی یاساکە ئەوەیە، کە بەرپرسی یەکەیەکی ئیداریی دەتوانێت مۆڵەت نەداتە خۆپیشاندانێک، لەکاتێکدا ڕەنگە لە ناوچەیەکدا دژی گەندەڵییەکانی ئەو خۆپیشاندان بکرێت».

پەرلەمانتارەکەی یەکگرتووش دەڵێت: «یاساکە چەندین بڕگەو مادەی تێدایە، تەفسیر هەڵدەگرن، ئەوەش وادەکات بەپێی ئارەزوو تەفسیری بۆ بکرێت، بۆیە دەبێت ئەو شتانە چارەسەر بکرێن لە یاساکەدا».

## تێپەڕاندنی یاساکە

دوای کـۆبـووەنـەوەو گفتوگۆکانی پەرلەمانتارانی لیستە جیـاوازەکان پـرۆژەیـاسـاکـە بـە نـارەزاییـەکـانی ئـۆپـۆزسـیـۆنـەوە بـە دەنـگـی زۆرینـە پەسەندکراو «تـێـپـەڕێـنـرا»، ئـەوەش نیگەرانییەکانی ئۆپۆزسیۆنی زیادکردو ڕەخنە لە یاسا پەسەندکراوەکە دەگرن‌و پێیانوایە؛ لەگەڵ ڕۆحی دیموکراسی‌و بنەما نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا نایەتەوەو ڕێگر دەبێت لـەبـەردەم ئازادییەکانی خەڵکدا.

عەبدوڵڵا مەلا نـوری، لەو ڕووەوە دەڵێت: «ئۆپۆزسیۆن‌و چەند ئەندامێکی لیستی دەسەڵات هەموو هەوڵێکمان دا بۆ ئەوەی یاساکە بەو شێوەیە تێپەڕێ لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ‌و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان یەکبگرێتەوە، بەڵام



پەرلەمانی کوردستان بە یاسایەکی تر مافێکی مەدەنییانەی هاوڵاتییانی کۆت‌و بەند کرد

---

# سەرکەوت حەمە حسێن: زۆرینەی پەرلەمان داواکانی ڕێکخراوەکانی کۆمـ

سازدانی: ڕۆژنامە

**سەرکەوت حەمە حسێن، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE) ڕایگەیاند: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان لە یاداشتێکدا داوایان لە سەرۆکی هەرێم کردووە، کە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان ئیمزا نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، بە مەبەستی چاکسازیکردن تیایدا، بە تایبەتی چەند خاڵێکی یاساکە، لەوانە: گۆڕینی مۆڵەت بۆ ڕێگەپێدان، نەهێشتنی سزای دەستگیرکردن‌و چۆنێتی مامەڵەکردنی هێزەکانی ناوخۆ لەگەڵ خۆپیشاندەران بۆ بڵاوەپێکردنیان ڕوونبکرێتەوەو خۆپیشاندانی لەناکاو لەیاساکەدا جێگیر بکرێت.**

**ڕۆژنامە: نیگەرانییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر یاسای خۆپیشاندان، لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

- ئەو یاسایە بە ڕێگریی دەزانین لە بەردەم فراوانکردنی ئازادیی ڕادەربڕین‌و بـەشـداریـی سیاسییداو پێمانوایە؛ پەسەندکردنی، بۆ لە چوارچێوەدانی ئەو ئازادیی‌و دیموکراسییەیەو ئەو ئازادیی‌و ڕادەربڕینەی کە ئێستا هەیە، تا ڕادەیەک بەرتەسک دەکاتەوە، بەپێی هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان‌و تانەنات دەستووری عێراقیش خۆپیشاندان بەشێکە لە ئازادیی ڕادەربـڕیـن‌و یەکێکە لە مافە سەرەکییە مەدەنی‌و سیاسییەکان کە دانی پێدانراوە، ڕاستـە پێویستمان بـە یاسا هەیە بۆ ڕێکخستنی پیادەکردنی ئەو مافانە، بەڵام دەبێت یاساکان ڕێکخەربن‌و ئاسانکاربن، نەک مەرج‌و بەربەستیان بۆ زیاد بکرێت.

ئـەوەی زۆر زەقـەو ئێمە بە ڕێگریی دەزانین لە یاساکەدا، وەرگرتنی مۆڵەتە، ئەگەر مەبەست لە مۆڵەت ڕێکخستنی، یان زانینی چوارچێوەی یاسایی بێت بۆ خۆپیشاندان، یان زانینی ئەو چوارچێوەیە بێت کە بەپێی یاساکە ڕێـکـخـراوە بۆ خۆپیشاندان، هەر لە دیاربوونی لایەنی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکەو ئامانجی خۆپیشاندانەکەو هەموو شتێکی تایبەت بە خۆپیشاندانەکە، دەکرێت ناو بنرێت ڕێپێدان، نەک مۆڵەتپێدان، بەڵام ئەوەی مۆڵەت لە ڕێپێدان جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە لە وەرگرتنی مۆڵەتدا ئیمتیازو مافێکی زیاتر دەدرێت بە دەسەڵات‌و ئەو دەستکراوەیی زیاترە کە ڕێگریی لە ئەنجامدان‌و لە پیادەکردنی مافی خۆپیشاندان بکات، ئێمە پێمان باشە ڕێپێدان بێت، چونکە لە ڕێپێداندا دەســەڵاتــی دامــودەزگـاکـانـی حکومەت کەمدەکرێتەوە لە ڕێگرتن لە خۆپیشاندان‌و تەنیا مافی چاودێریکردنی خۆپیشاندان‌و ئاسانکاریکردنی خۆپیشاندانی هەیە، مافی ئەوەی هەیە کە لێپرسینەوە بکات لەکاتی لەیاسادەرچوونی خۆپیشاندەر، بەڵام مافی ڕێگریکردنی لە خۆپیشاندان نابێت.

**ڕۆژنامە: پێشتر ئەو تێبینیانەی خۆتان بە پەرلەمانتاران ڕاگەیاندووە؟**

- بـەڵـێ، ئێمە لـە ٢٠٠٩/١٠/٢٠دا ڕەشنووسی پرۆژەیاسایەکمان پێشکەشی پەرلەمان کـــردووە، ئـەوەش کە ئێستا پەرلەمان پەسەندی کردووە تێکەڵەیەک بوو لە پرۆژەیاساکەی ئێمەو ئەو پرۆژەیەی کە لیستی کوردستانیی پێشکەشی کردبوو، زۆربــەی ئەو خاڵانەی کە لە یاساکەدا چەسپێنراوە، خاڵەکانی پرۆژەکەی لیستی کوردستانییە، خاڵەکانی پـرۆژەکـەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە بەرچاو نەگیراوە، ئێمە بۆ جارێکی تریش بۆ گرنگیی پرۆژەیاساکە لە ٢٠١٠/١٠/٣١دا کۆمەڵێک پێشنیازو پرەنسیپی تر کە پێویست بوو لە یاسای خۆپیشاندان‌دا جێگیر بکرێت، دامانەوە بە پەرلەمان.

**ڕۆژنـــامـــە: واتـــە ئـاگـــاداریـــی ئەو کەموکوڕییانە بوون، کە لە پرۆژەکەدا هەیە پێش پەسەندکردنی؟**

- بەڵێ، بێگومان، لە دانیشتنی پەرلەماندا، کە ٢٠١٠/٩/٢٧ لەسەر یاساکە بەسترا، تێگەیشتین کە ئەگەر هەیە ئەو پرۆژەیاسایە بـە چ ئاقارێکدا بـــڕوات، بۆیە بەپەلە جارێکی تر پەیوەندیمان کرد بە ئەندامانی پەرلەمانەوە لە سەرجەم فراکسیۆنەکان کە بۆ ئەو پرۆژەیاسایە هاوکاریمان بکەن، بە ئاقارێکی دیموکراسیدا بڕوات‌و لە خزمەتی دیموکراسیدا بێت لە هەرێمدا.

**ڕۆژنامە: ئەو ڕێ‌و شوێنانەی کە ئێوە لە پرۆژەکەی خۆتاندا دیاریتان کردبوو، چی بوون؟**

-لە پرۆژەیاساکەی ئێمەدا دەسنیشانمان کردبوو کە خۆپیشاندانە ئاساییەکان ئەوانە بن، کە دەتوانرێت پێشوەخت مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت، بەڵام خۆپیشاندانێکی تر هەیە کە پێی دەوترێت (لەناکاو)، کە کاردانەوەیەکی خێرای هاوڵاتییانە بەرامبەر بە ڕووداوێک، یان بڕیارێک هەر شتێکی تر کە هاوڵاتییان، یان ڕێکخراوەکان بە پێویستی دەزانن، ئەو هەڵوێستانەش بە هاتنە سەرشەقام تەعبیر لێ دەکەن، بەڵام ئەم حاڵەتە بەداخەوە لە پەرلەماندا دەنگی بەدەست نەهێنا، بەڵام لە یاساکەی کە دەنگی پێدرا خۆپیشاندانی (لەناکاو) نەهێڵراوەو دەبێت بۆ هەموو جۆرە خۆپیشاندانێک (٤٨) کاتژمێر چاوەڕێ بکرێت، واتە (٤٨) کاتژمێر پێش ئەنجامدنی دەبێت داوای مۆڵەتی بۆ بکرێت، نەهێشتنی خۆپیشاندانی لەناکاویش وامانلێدەکات بۆ هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بە پرسە نەتەوایەتییەکان، کە شتی هەنووکەیین، نەتوانین بێینە سەر شەقام، کە ئەگەر خۆپیشاندانەکە بخرێتە دوای (٤٨) کاتژمێر، ئەو هەڵوێستوەرگرتنە سارد دەبێتەوەو ڕێژەی بەشداربووان کەمدەبێتەوە، دووریش نییە بڕیارێکی دژە نەتەوە دەربکرێت، بەتایبەت لەو پرسانەی پەیوەندیی بە مافی کوردەوە هەیە لە عێراقدا.

**ڕۆژنامە: ئەو یاسایەی کە تێپەڕێنرا بە بەرتەسکردنەوەی خۆپیشاندانەکان‌و لەباربردنی نازانن؟**

- نالێین بۆ لەباربردن، بەڵام لە سەدا سەد بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو خۆپیشاندانانەیە، کە حکومەت نایەوێت، چونکە یەکێک لە شتە نەرێنییەکان کە ئێمە لە یاساکەدا تێبینیمان لەسەری هەیە، ئەوەیە کە چەند شتێکی بە لاستیکیی‌و بە ناڕوونی بەجێهێشتووە، ئەویش مامەڵەکردنی هێزەکانی ناوخۆیە لەگەڵ خۆپیشاندەران‌و چۆنێتی بڵاوەپێکردنیان، چونکە لە یاساکەدا هاتووە، کە هێزەکانی ناوخۆ بۆی هەیە بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکات، ئەمە چۆن؟ دیاریی نەکراوە، کە ئێمە پێمان باشە لە یاساکەدا

# بە (٥٠) هەزار چەکدار، ئەمنیەتی کەرکوک کۆنترۆڵ ناکرێت

ئارام جەمال– کەرکوک


دۆخی ئەمنیی کەرکوک ناجێگیرە

نزیکەی (٥٠)هەزار چەکداری پێشمەرگەو سوپاو پۆلیس‌و ئاسایش‌و ئەمریکی لەکەرکوک هەن، بەڵام تا دێت رەوشی ئەمنیی شارەکە بەرەو خراپتر دەڕوات.

بـەرپـرسـانـی پـۆلـیـس خـۆیـان بە کەمتەرخەم نازانن‌و لایەنی هەواڵگریی بەخاڵی لاوازی خراپبوونی رەوشی ئەمنیی دەزانن، لەکاتێکیشدا عەرەب‌و تورکمانەکان بەردەوام دژایەتی بوونی هێزەکانی ئاسایش دەکـەن لەکەرکوک‌و دوای رووداوەکـانـی هەفتەی رابـردووش، ئاسایش هێزی زیاتر لەناوکەرکوکدا بڵاودەکاتەوە.

## پێکهاتەی ئەمنیی کەرکوک

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەلای رۆژنامەن‌و لەسەرچاوەی ئەمنیی تایبەتەوە وەرگیراون، لەئێستادا ژمارەی هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک، نزیکەی (١١)هەزار، سوپا (٢٠)هەزار، هەردوو ئاسایشی یەکێتی‌و پارتی (٧)هەزار، پێشمەرگە (٥)هـەزار، دەزگاکانی زانیاری، پاراستن، دژەتیرۆر، ئەمنیی نیشتمانیی عێراق، هەواڵگری عێراق، هێزەکانی ئەمریکاو هێزەکانی سەحوە لەباشوری کەرکوک ژمارەکە دەگەیەننە زیاتر لە (٥٠)هەزار.

دابەشبوونی ئەم هێزانەش بەمشێوەیەن: سوپا لە دەرەوەی شـار لە ناوچەکانی باشوورو خۆرئاوا، پێشمەرگە لە دەرەوەی شار لە ناوچەکانی باکوورو خۆرهەڵات، هێزەکانی ئەمریکا لە فڕۆکەخانەی کەرکوک‌و پۆلیس‌و ئاسایش‌و دەزگاکانی دیکە لەناو شاری کەرکوک، هەرچوار دەروازەکـەی کەرکوکیش لەژێر دەستی هێزی هاوبەشی (پێشمەرگە، سوپا، پۆلیس، ئەمریکییەکاندایە)، بـەڵام لەگەڵ بوونی ئەم ژمـارە زۆرەی هێزی چەکداردا، رەوشی ئەمنیی رۆژبەڕۆژ لەخراپبووندایە.

## رووداوەکانی ئەمدواییە

دوایین رووداوەکانی ئەمدواییەی شاری کەرکوک کە بریتیبوون لە هێرشکردنە سەر بازاڕی زێڕەنگەرەکان‌و تەقاندنەوەی سێ ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە گەڕەکە کوردنشینەکان، لەکاتێکدا ئەو شەوە هێزەکانی پۆلیس مانۆڕی ئەمنییان ئەنجامدا، هەروەها دەرکەوتنەوەی تیرۆری تاکەکەس‌و رفاندن‌و فڕێدانی تـەرم، لەئەنجامی هەموو ئەو رووداوانەش زیاتر لە (٥٠)کوژراو و بریندار لێکەوتەوە.

عەمید سەرحەد قـادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاوناحیەکانی کـەرکـوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «رێکخراوەکانی قاعیدەو دەولـەتـی ئیسلامیی‌و ئەنسارولسوننەو گرووپی نەقشبەندی‌و کەتیبەکانی شۆڕشی بیست‌و پاشماوەکانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە، لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا خەریکی خۆڕێکخستنەوەن‌و بەرەیەکیان لەدژی هێزە ئەمنییەکان پێکهێناوەو لەهەولی تێکدانی رەوشەکەدان».

لەگەڵ هەموو ئەو رووداوانەی دواییدا، هێزەکانی پۆلیس خۆیان بە کەمتەرخەم نازانن‌و لایەنی دەزگای هەواڵگریی بەلاواز وەسفدەکەن.

لیوا جەمال تاهیر، فەرماندەی پۆلیسی کـەرکـوک، بە رۆژنـامـەی وت: «هەموو رووداوەکانی ئەمدواییە، گرێدراوی دۆخی سیاسیی‌و ئەمنیی تەواوی عێراقن‌و ئەوەی لەسەر پۆلیس بووە کردوویەتی، چونکە کاری پۆلیس جێبەجێکردن‌و چوونە سەر رووداوە، ئەوە کاری دەزگا هەواڵگرییەکانە کە پێشوەخت ئەو پلانانە پووچەڵ بکەنەوە کە هەولی ئەنجامدانیان دەدرێت».

ئەوەشی نەشاردەوە: «پۆلیس لەبواری وەرگرتنی زانیاریی پێشوەختدا، لاوازەو هاوکاریی مادیی‌و مەعنەویی ناکرێت، ئەوەشی کە هەیە بە بێبەرامبەر هاوڵاتییان‌و دەزگاکانی ئاسایش بەپۆلیسی دەدەن، بەڵام ئەو زانیارییانە بەس نین بۆ پاراستنی کەرکوک».

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاوناحیەکانی کەرکوکیش، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: «ئەو لایەنە هەواڵگرییانەی لەکەرکوکدا کار دەکەن، وەک پێویست نین‌و پێویستە گرنگی بە کۆکردنەوەی زانیاریی ورد لەسەر ئەو گرووپانە بدرێت‌و دەزگـا هەواڵگرییەکان هەولبدەن، خەڵکی خۆیان بخزێننە ناو ئەو گرووپە توندڕەوانەوە، تا ئاگاداری گەورەبوون‌و کردەوەکانیان بن».

## ئاسایش، رۆڵی خۆی دەگۆڕێت

لەدوای رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی دواییدا، بەتایبەت تەقاندنەوەی سێ ئۆتۆمبێل لە بـەردەم ماڵی بەرپرسە کوردەکاندا، هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی‌و پارتی لەناو شـاردا، بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکان بڵاوبوونەتەوەو بەرپرسانی ئەو هێزانەش ئـامـاژە بۆ ئـەوە دەکـەن، چیتر گـوێ بە نیگەرانی‌و دژایەتیی عەرەب‌و تورکمانەکان نادەن.

عەمید هەڵکەوت عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکوکی یەکێتی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیس‌و جێگرەکەی کە تورکمانەو ئەمریکییەکان کۆبووینەتەوەو پێمانڕاگەیاندوون کە چیتر دەستەوەستان ناوەستین‌و بەشداریی پاراستنی ئاسایشی کەرکوک دەکەین، ئەوان رازی بوون‌و لەدوای تەقینەوەکانەوە، هێزمان لەناوشار، بەتایبەت لەناوچە کوردنشینەکان، بڵاوەپێکردووە».

هاوکات، عەمید هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لەکەرکوک، بە رۆژنامەی وت: «پێشتریش رۆڵی خۆمان بینیوە، بەڵام لەدوای رووداوەکانی ئەمدواییەوە، بەتەنسیق لەگەڵ ئاسایشی یەکێتی‌و بەئاگاداریی پۆلیس‌و ئەمریکییەکان کارەکانمان لە هەلمەتی گەڕان‌و پشکنین‌و چاوخستنە سەر گرووپە تیرۆریستییەکان‌و پاشماوەکانی بەعس، گەشە پێدەدین‌و گوێ لەو نیگەرانی‌و دژایەتییانە ناگرین کە تا ئێستا هەندێک لایەنی عەرەب‌و تورکمان لەدژمان بڵاوی دەکەنەوە».

لەبەرامبەر فراوانکردنی رۆڵی دەزگاکانی ئاسایشدا، رۆژنامەنووس‌و چاودێر، لەتیف فاتیح فەرەج بە رۆژنامەی وت: «هەنگاوێکی باشە کە هێزەکانی ئاسایش بەئەرکی پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتییان هەستن، بەڵام نەک بەوجۆرەی ئێستاو بەکارکردنی جیاواز وەک ئاسایشی یەکێتی‌و ئاسایشی پارتی، بەڵکو دەبێت لەکەرکوک ئەو دووهێزە یەکبخرێن، یاخود ئاسایش بەشێوەیەک دابمەزرێتەوە کە ڕەنگدانەوەی تەواوی لایەن‌و پێکهاتەکانی خەڵکی لەخۆبگرێت، چونکە ئەگەر وا نەبێت، ئەو هێزانە جارێکی دیکە دەکەونە بەر رەخنەی نەیارەکان‌و بە دوژمن‌و داگیرکەر ناویان دەبەن».

## مەرامی سیاسییان لەپشتەوەیە

هاتنە ئارای ئەم دۆخەی ئێستا لەکاتێکدا کە دوای زیاتر لە حەوت مانگ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، حکومەت پێکنەهێنراوەو ئەنجامدانی سەرژمێریی لەئارادایە.

ئاوات محەمەد ئەمین، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی وت: «ئەم دۆخە، پەیوەندیی بە دۆخە سیاسییەکەوە هەیەو پێدەچێت، کەسانێک لەپشت شێواندنی ئەمنییەوە بن بە ئامانجی ئەوەی کە سەرژمێریی‌و پرۆسەی سیاسیی عێراق بەقازانجی خۆیان بشکێتەوە».

لەبارەی کاراترکردنی کاری ئاسایشەوە، ئەندامەکەی لیستی برایەتی دەڵێت: «پێشتر ئەو هێزانە رۆڵیان سنوورداربووەو ئێستاش ئەگەر رۆڵیان فـراوان بکەن، لە سنووری ناوچە کوردییەکان دەرناچێت‌و ئەم دۆخە ئەمنییەش تەنیا لە دژی کورد نییە، بەڵکو تورکمان‌و مەسیحییەکانیش رووبـەڕووی توندوتیژیی‌و تیرۆر دەبنەوەو رەنگە لەحاڵەتی فراوانکردنی ئەرکی هێزەکانی ئاسایشدا، عەرەب‌و تورکمانەکانیش داوای هێزی تایبەت بەخۆیان بکەن، بۆیە باشترین شت ئەوەیە کە ئەو هێزانە بە هەماهەنگیی لەگەڵ پۆلیس‌و ئەمریکییەکان لەهەولی پاراستنی تەواوی رەوشی ئەمنیی شارەکەدا بن».

---

## سەرۆکی لیستی عێراقییە لە کەرکوک:

# ناتوانین بەتەنیا پۆستی سەرۆک کۆمار بدەینەوە بە تاڵەبانی

سازدانی: ئارام جەمال

**مازن عەبدولجەبار، سەرۆکی لیستی عێراقییە لە کەرکوک‌و بەرپرسی لقی کەرکوکی حیزبی ویفاقی نیشتمانیی، لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا بۆچوونەکانی لەسەر کێشە هەنووکەییەکانی کەرکوک دەخاتە روو.**


مازن عەبدولجەبار

**رۆژنـامـە: لەئێستادا، لـە زاری بەرپرسانی کـوردەوە، یاخود هەندێک سـەرکـردەی عێراقییەوە، هاوبەشی زیاتر لەنێوان کوردو لیستە شیعەکاندا رادەگەیەنرێت، وەک لە کوردو لیستی عێراقییە، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

* بەپێچەوانەوە، نزیکترین لیست لە لیستی عێراقییەوە، لیستە کوردستانییەکانە، بۆنموونە ئـەو داواکـاریـیـانـەی کـورد لەچوارچێوەی خاڵی دانوستاندا پێشکەشی لایەنەکانی کـردووە، زۆربـەیـان هەمان داواکارییەکانی لیستی عێراقییەن، خاڵی هاوبەشی زۆر لەنێوانماندا هەیە، ئەگەر لە هەندێک مەسەلەی وەک مـادەی(١٤٠)و یاسای نەوت‌و غازدا جیاوازیمان هەبێت، بەڵام من دەپرسم کام لایەن‌و حکومەتی شیعی گرەنتی جێبەجێکردنی ئەو داوایانە دەکات، هەموو ئەو ناوچانەی لەگەڵ نفوسی کورددا تێکەڵی هەیە، عێراقییە نوێنەرایەتییان دەکات، من دەڵێم، ئەگەر لیستی دەولەتی یاسا بەڵێنی (١٠٠٪)ی داواکارییەکانی کـورد بـداتو عێراقییە (٧٠٪)، ئـەوەی عێراقییە لە بەرژەوەندیی کوردە، چونکە قابیلی جێبەجێکردنە‌و لەواقیعەوە نزیکە. دەپرسم، بەدرێژایی ساڵانی رابردوو، کورد چ سوودێکی لە هاوپەیمانیی‌و پشتگیریی شیعەکان وەرگرت، سەرۆک وەزیران دەچوو بۆ کوردستان، شتێکی دەوت‌و دەگەڕایەوە بەغدا شتێکی دیکە، من پێموایە گرەنتی کورد لە هاوپەیمانیی لەگەڵ عێراقییە دکتۆر ئەیاد عەلاوییە، چونکە کەسایەتییەکی نیشتمانی‌و راستگۆیە، ئەو شتانەشی لەبارەی کەرکوک‌و مـادەی (١٤٠)ەوە دەوترێن لەلایەن هەندێک ئەندامی لیستەکەوە، تەنیا بۆچوونی شەخسین‌و گوزارشت لەسیاسەتی لیستی عێراقییە ناکەن، نوێنەرەکانی کەرکوک لە لیستی عێراقییە لەبەغدا، هەمیشە پێداگریی لەنزیکبوونەوە لەگەڵ برایانی کورد دەکەن بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک بەشێوازێکی تەوافوقی.

**رۆژنـامـە: وای نـابـیـنـیـت، ئـەو مەترسییانەی کـە هـەن لە هاوپەیمانیبەستنی کورد لەگەڵ عێراقییە، بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە هەندێک لە ئەندامانی ئەو لیستە، لێدوانی دژ بە داواکارییەکانی کورد دەدەن؟**

* لەم ماوەیەی کۆتاییدا، هەندێک کەس لەعەرەب‌و تورکمان، هەندێک شتیان وتبوو، ئەوە زۆر دوورە لەواقیعەوەو ئەوان ناتوانن بەناوی لیستی عێراقییەوە شتی وابڵێن، بەڵام لەکۆمەڵگای دیموکراسیدا شتێکی ئاساییە کە خەڵک چۆن بیروڕای خۆی بڵاودەکاتەوە، تەنیا لیستی عێراقییەیە نوێنەرایەتی زۆرینەی عەرەب‌و تورکمان لە کەرکوک دەکـات، سەرجەم لایەنەکان لەدانوستاندن لەگەڵ کوتلەی کـوردی، هەندێک لایەن رەزامەندییان دەربڕیوە لەسەر تەواوی داواکارییەکانی کورد، بەڵام لیستی عێراقییە بەپێی واقیع مامەڵە دەکات، هەندێک داواکاریی کورد دەستوورین‌و عێراقییە رەزامـەنـدە لەسەریان، بەڵام هەندێکی دیکەیان وەک نـەوت‌و غازو سەرچاوە ئاوییەکان، نادەستوورین‌و مافی عێراقییە نییە، بڕیاریان لەسەر بدات، بەڵکو مافی پەرلەمانی عێراقە ئەو مەسەلانە یەکلایی بکاتەوە، بۆنموونە تەنیا لیستی عێراقییە ناتوانێت پۆستی سەرۆک کۆمار بداتەوە بە جەلال تالەبانی، بەڵکو پێویستی بە کۆدەنگی نیشتمانییە، بەگشتی ئێمە داواکانی کوردمان رەت نەکردووەتەوەو بەشێوەیەکی ئیجابی مامەڵەمان لەگەڵ کردووە، چونکە خاڵی هاوبەشی زۆریان تێدا بەدی دەکەین، بەبڕوای ئێمە، داوایەکی کورد جێبەجێکردنی مـادەی(١٤٠)ە، ئەو مادەیە دەستوورییە.

**رۆژنامە: تا دێت، کێشەی کەرکوک قوولتر دەبێتەوە، یاخود ناگات بە چارەسەر، پرۆژەی لیستی عێراقییە چییە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟**

* بە بـڕوای من، کێشەی کەرکوک نە موعجیزەیەو نە مەحالە تا چارەسەر نەکرێت، چارەسەر هەیە. عێراقییە بڕوای وایە، نە مادەی (١٤٠)و نە ئەمری واقیع‌و نە سیاسەتی راگواستن وەک لەسەردەمی دەسەڵاتی پێشوودا چارەسەرن، چارەسەر دەبێت بە تەوافوقی سیاسیی نیشتمانیی عێراقی لەنێوان سەرجەم کوتلە سیاسییە عێراقییەکاندا، خەڵکانی ناو کەرکوک ناتوانن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، خەڵکی شۆڤێنی لەناوەوە کێشەکەیان ئاڵۆزتر کردووەو لە قەبارەی خۆی گەورەتریان کردووەو هەڵوێستەکانیان لەبەرژەوەندیی ئەجێندای دەرەکییە، بڕوامان وایە، بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان پێکهاتەکانداو لەنێوان حکومەتی بەغداو هەرێمداو گەڕانەوەی پردی متمانە بۆ پێکهاتەکانی کەرکوک، کێشەکە چارەسەر دەکرێت، نەک هەر لایەنەو دروشمێک کە تەنیا بەرژەوەندیی خۆی تێدا رەچاو بکات، چارەسەریش لەناوخۆدا نابێت بەهۆی موزایەدات‌و نەبوونی متمانەو رەچـاونـەکـردنـی بـەرژەوەنـدیـی باڵای نیشتمانییەوە. کێشەی کەرکوک، ئێستا ئەوە نییە سەر بە هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو کێشەی هەموو عێراق، نەبوونی حکومەتێکی دامـەزراوەیـی‌و داتەپینی ژێرخانی ئابووریی‌و خزمەتگوزارییە، کە پێموایە ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێن، کێشەی کەرکوک چارەسەری گران نییە.

**رۆژنامە: دۆخی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت، لەکاتێکدا لە پرۆسەی سیاسییدا گۆڕانکاریی گەورە روویداوەو ئێستا لەپەرلەماندا ئۆپۆزسیۆن هەیە، یاخود ئایندەی ئەم هەرێمە لەعێراقدا چۆن دەبێت؟**

* کوردستان، لەدوو لایەنەوە لەپێش عێراقەوەیە، لەمەسەلەی وەبەرهێناندا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هەروەها سەرەڕای نەبوونی یاسای نەوت‌و غاز، بەڵام پێشکەوتنی باش بەدیهاتووە، لایەنی دووەم، دیموکراسی بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆن پێش ناکەوێت کە کوردستان لەو بوارەشدا هەنگاوی باشی ناوەو ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنەی کە هەیە، بەتایبەت بزووتنەوەی گۆڕان، رۆڵیان بەئیجابی‌و پێویست دەزانم‌و حکومەتیش پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنە تا ئەدای کارەکانی بەرەو باشتر بەرێت، ئەوەی تا ئێستا کردوویانە، ئەدایەکی زۆرباشەو پێویستە دەسەڵات گوێیان لێبگرێت‌و رێزیان لێبگرێت.

مووچەی پەرلەمانتارەکانی عێراق، حەرامە، یان حەڵاڵ؟ 10

## پەرلەمان لە یاساکانی خۆی ناپرسێتەوە

# ئەنجومەنی (شورا)ی هەرێم هەڵپەسێردراوە

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

**دوای دووساڵ لە دەرچوونی یاساکەی، ڕێژەی یاسایی ئەنجومەنی شورای هەرێم پێکنەهاتووە، حکومەتیش باز بەسەر ڕێوشوێنە یاساییەکانی ئەنجومەنەکە دەدات و پرۆژەیاساکانی ڕاستەوخۆ ئاراستەی پەرلەمان دەکات.**

لەگەڵئەوەی یاسای ژمارە (١٤)ی تایبەت بە پێکهێنانی ئەنجومەنی شورای هەرێم لە (٢٠٠٨)ەوە لە پەرمانی کوردستان دەرچووە، کە گرنگترین ئەرکەکانی بریتیی دەبن لە: یاساکاریی، بیروڕا دەربڕین و ڕاوێژکاری یاسایی، دادوەری کارگێڕیی، بەڵام بەهۆی خەمساردیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پێکنەهێنانی دامەزراوەکانی و تەواونەکردنی ڕێژەی یاسایی دەستەی گشتیی، ڕۆڵ و ئەرکی ئەو ئەنجومەنە وەک بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێم هەڵپەسێردراوە.

دادوەر شوان محێدین، سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرێم باسی لەوە کرد؛ هەرچەندە بەشێک لە هەیکەلی ئیداریی و یاسایی ئەنجومەنەکە تەواو نەکراوە، کەچی ئەوان وەک سەرۆک و جێگری ئەنجومەنەکە لە حوزەیرانی (٢٠٠٩)ەوە دەستبەکاربوون.

### پرسیارەکان بۆ حکومەت

پێشتریش پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، بورهان ڕەشید، چەند پرسیارێکی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت و وەزیری داد کردووە، لەوانە: بۆچی حکومەت کار بە مادەی (٧)ی یاساکە ناکات، کە تێیدا حکومەت پەیوەست دەکات بە ناردنی پرۆژەیاساکانی بە فلتەری ئەو ئەنجومەنەدا؟ کێ هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاساکەیە؟ حکومەت بەرنامەی چییە بۆ جێبەجێکردنی؟ بۆچی ئەو ئەنجومەنە نەیتوانیوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات؟

بەپێی مادەی (٤)ی یاساکە، ئەنجومەنی شورای هەرێم پێکدێت لە دەستەی گشتیی، کە تائێستا ڕاوێژکارەکانی دانەمەزرێندراوە، دەستەی سەرۆکایەتی، بەرزەفتکارەی فەرمانبەرانی هەرێم (تایبەت بە کێشە ئیدارییەکانی فەرمانبەران).

دادوەر شوان محێدین، سەرۆکی ئەنجومەنەکە بۆ «ڕۆژنامە»ی ڕوونکردەوە، دامەزراندنی ئەنجومەنی شورا پێویستی بە تەواوکردنی ڕێژەی یاسایی دەستەی گشتییە، واتە جگە لە سەرۆک و جێگر پێویستی بە ژمارەیەک ڕاوێژکار هەیە، کە لە (٥) کەمتر نەبن و لە (٩)ش زیاتر نەبن، بۆ ڕاوێژکارەکانیش ماوەیەکی زۆرە ناوەکان لە ڕێگەی وەزیری داد-ەوە بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانیش بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیان بەرزکردووەتەوە، کە پێدەچێت لە ماوەیەکی تر ئەوانەی دەستنیشانکراون فەرمانیان بۆ دەربچێت.




لەبارەی هۆکاری دواکەوتنی دامەزراندنی ڕاوێژکارەکان، شوان محێدین، وتی: «ڕاوێژکار وەک کارمەندێکی ئاسایی نییە، پێویستی بە ئیجرائاتی ئیداریی و یاسایی و لێکۆڵینەوە لە تواناو پاشخانی کەسەکان هەیە، بۆیە ماوەیەک دواکەوت».

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دواکەوتنی پێکهێنانی ئەنجومەنی شورای هەرێم بە خەمساردیی حکومەت دەزانێت و ئاماژە بەوە دەکات، پێویستبوو دوای ئەوەی یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە واژۆ کرا، ڕێوشوێنە ئیدارییەکانی تەواو بکرایە.

عومەر عەبدولڕەحمان، وتیشی: «ئەنجومەنی شورا یەکێکە لە دەزگا هەستیارەکانی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم و پێویستبوو دوای دەرچوونی یاساکەی، دامودەزگاکەی تەواو بکرایە و دادوەرەکانی بۆ دابمەزرایە، کە نەکراوە، کەمتەرخەمییە، لەکاتێکدا گەلێک ئەرکی گرنگی گرتووەتە خۆی، بەڵام خەمساردیی هەیە لە دروستبوونی، پێویستە لەو حاڵەتەش بپرسرێتەوە؟».

### ئەو برگە یاساییەی جێبەجێ نەکراوە

ئەوەی پەرلەمانتارانی نیگەرانکردووە، بازدانی حکومەتە بەسەر برگەو مادە یاساکانی ئەنجومەنی شورا، بۆ ئەمەش مادەی (٧) دیارترین نموونەیە، کە پێویستی دەکات لەسەر حکومەت پێشئەوەی پرۆژەیاساکانی بۆ پەرلەمان بنێرێت، بگاتە ئەو ئەنجومەنەو بە فلتەرە یاساییەکانی تێپەڕێت، لە کاتێکدا زۆربەی پرۆژەیاساکانی حکومەت ڕاستەوخۆ ئاراستەی پەرلەمان کراوە.

لەوبارەیەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرێم وتی: «بە بۆچوونی یاسایی خۆم، نابێت هیچ یاسایەک لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەگەر بە فلتەری ئەنجومەنی شورادا نەڕوات، چونکە بەپێی یاساکە دەبێت لێرە پێداچوونەی بۆ بکرێت و ئینجا بڕوات بۆ حکومەت و لەوێشەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام تائێستا پەیوەست نەبوون بەو یاسایە!».

لای خۆشیەوە، ئەندامەکەی لیژنەی یاسای پەرلەمان، ئەوە ناشارێتەوە؛ بە هۆی ئەوەی پرۆژەیاساکانی حکومەت ڕاستەوخۆ دەنێردرێت بۆ پەرلەمان، زۆرجار یاساکان بە نەنگییەوە دەڕۆن و وتی: «یەکێک لە ئیشەکانی ئەو ئەنجومەنە پێداچوونەوەو ڕێکخستنی پرۆژەیاساکانی حکومەتە، کە بە ئەزموونی خۆیان سازاندنێکی دروست بۆ پرۆژەیاساکان دەکەن، بەمەش ئەرکی لیژنەی یاساییش سووکتر دەکەن».

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانیش هۆکاری نەگەڕانەوەی پرۆژەیاساکان بۆ ئەنجومەنی شورا، دەگەڕێنێتەوە بۆ پێکنەهاتنی ڕێژەیی یاسای ئەنجومەنەکە.

محەمەد قەرەداغی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زیاتر لە (٤٠) پرۆژەیاسامان بۆ ناردوون، بەڵام خۆیان بۆیان گەڕاندووینەتەوە، چونکە پێکهاتەی دەستەکەیان تەواو نەبووە، ئێمەش بە ناچاریی لە لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران یاساکانمان ڕێکخستووەو ناردوومانە بۆ پەرلەمان».

لە بارەی ئەو لێدوانانەی ئاماژە بە خەمساردیی حکومەت دەکەن، لە پێکنەهێنانی ئەو ئەنجومەنەدا، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی: «وەزیری داد ڕاسپێردراوە، بۆ هەرچی زووە پێکهێنانی ئەنجومەنەکە، بەڵام حکومەت فەرمان بۆ کەسەکان دەرناکات، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێمە کە ڕاوێژکارو دەستەی گشتیی ئەنجومەنەکە دابمەزرێنن».

### دادگای کارگێڕیی و پەنایەک بۆ فەرمانبەران

جگە لە ڕاوێژکاری یاسایی، ئەنجومەنی شورای هەرێم دوو دامەزراوەی گرنگی تر تایبەت بە کێشە یاسایی و ڕێوشێوینە ئیدارییەکانی هەرێم لەخۆدەگرێت، کە یەکێکیان، بوونی دادگای کارگێڕییەو ئەوی تریش بەرزەفتکارەی فەرمانبەرانی هەرێم (دەستەی قەزایی فەرمانبەران)ە.

شوان محێدین، سەرۆکی ئەنجومەنەکە دەڵێت: «هەیکەلەی ئیداریی دادگای کارگێڕیی هەولێر تەواوبووە، هەرچی پەیوەندیی بە سلێمانی و دهۆکەوە هەیە، لەبەر کەمیی دۆسییەکان و سکاڵاکان بڕیار نەدراوە لەو دوو پارێزگایە بکرێتەوە، ئەگەر پێویستیشی کرد لە داهاتوودا دەکرێنەوە».

ئەوە لە کاتێکدایە، کە عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان ڕوونیدەکاتەوە؛ بەپێی یاساکە پێویستە دادگای ئیداریی لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئیدارییەکان پێکبهێندرێت.

لە بارەی ڕۆڵی دەستەی قەزایی فەرمانبەران لە ئەنجومەنەکەدا، سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرێم ئەوەی خستە ڕوو؛ هەر فەرمانبەرێکی هەرێم کێشەی هەبێت لە خزمەت، یان خۆی بە زیانمەند بزانێت لە پلە بەرزکردنەوەو دەرماڵەی وەزیفیی، یان تانەدان لە سزادانی، یان هەر کێشەیەک، کە لەگەڵ فەرمانگەکەی هەیەتی، دەتوانێت پەنا بەرێت بۆ ئەو دادگایە.

لەگەڵ هەبوونی ئەو دامەزراوە گرنگە بۆ خزمەتی فەرمانبەران، بەڵام دیسانەوە بەهۆی پێکنەهاتنی دەستەی گشتیی ئەنجومەن، دەستەی بەرزەفتکارەش تەواو نەکراوە، بەو حوکمەی دەستەی گشتیی دەستەی دووەم دەستنیشان دەکات.

هەروەک عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کوردستانیی دەڵێت: «یاساکان بە شەونخوونیی و ماندووبوون دێنە بەرهەم، بەڵام کاتێک حسابی بۆ ناکرێت و ئیشی پێناکرێت، دەبنە مەرەکەبی سەر کاغەز، ئەگەر وشەکانی بە ئاڵتوونیش بنووسرێتەوە، ڕۆڵی نابێت و پرسیار لە دەسەڵاتی پەرلەمانیش دروستدەکات!».



# ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە یاداشتنامەکەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی

ئێمە وەکو نزیکەی (٤٠٠)مامۆستای کۆلێجە جیاجیاکانی زانکۆی سلێمانی، یاداشتێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی زانکۆو ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و دواتریش دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد بەبێ جیاوازیی، هەموو لایەنەکانی ڕاگەیاندن بە سوپاسەوە ناوەڕۆکی یاداشتەکەیان وەکو خۆی گەیاندە خوێنەران و بینەران و بیسەران، بەڵام هەندێک تێبینیمان لەسەر دابەزاندنی ناونیشانی بابەتەکەو ئەو زانیارییانە هەیە، کە لەسەر زاری مامۆستایەکی بەڕێزی زانکۆوە لەسەر یاداشتەکەمان لە یەکەم لاپەڕەی ژمارە(٦٠٥) لە (٢٦,١٠,٢٠١٠) ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا ئاماژەی پێدراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی، ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاوبکەینەوە:

یەکەم: ناونیشانی یاداشتنامەکەمان بریتی نییە لە «٤٠٠ مامۆستای زانکۆ لەبەر (ناعەدالەتیی)ماندەگرن»، بەڵکو بریتییە لە «یاداشت و داواکاری»، کەواتە بابەتی یاداشتنامەکە ناڕەزایی نییە، بەڵکو داواکارییە.

هەرچەندە ئێمە لەو یاداشتنامەیەدا ئاماژەمان بە ناڕوونیی و نایەکسانیی لە دابەشکردنی زەوی و خانووی نیشتەجێبوون لە زانکۆدا کردووە وەکو بەشێک، یان کایەیەک لە کایەکانی کۆمەڵگا، کە هەموو لایەک دەزانین ناعەدالەتیی و ناڕوونیی و نادامەزراوەییبوونیان بە ئاشکرا پێوەدیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە یاداشتنامەکەدا بەڕوونیی پیرۆزباییمان لەو مامۆستایانە کردووە کە بە مافی خۆیان خانوویان وەرگرت و بە بەشێک لە چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوونی مامۆستایانی زانکۆمان زانیوە، وێڕای ئەوەی کە مامۆستای وایشی تێدایە، چەند جارێک سوودمەندبووەو خانووشی وەرگرتووەو ئێمەش لەملاوە چاوەڕێی قەدەرێکی نادیارین.

ئێمە لێرەدا، چەند بە گرنگی دەزانین کە لەم یاداشت و ڕوونکردنەوەیەماندا نادادپەروەریی بخەینەڕوو، هێندەش بە گرنگی دەزانین کە هەوڵبدەین وێنەیەکی جوانی زانکۆ بۆ کۆمەڵگا نیشانبدەین.

دووەم: لە ڕاستیدا تا ئێستا، بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەشێوەیەکی فەرمیی داواکەمانی ڕەتنەکردووەتەوە، بەڵام دواکەوتنی وەڵامدانەوەی بەڕێزیان، جێگەی نیگەرانیمانەو ئەگەر ئاوابێت، دەمانباتە قۆناغێکی تری خەباتی مەدەنییانەی ڕەواوە.

سێیەم: یاداشتنامەکە وشەی مانگرتنی تێدا نییە، بەڵکو نووسراوە: «بەمافی خۆمانی دەزانین، ڕێوشوێنە مەدەنییەکان بگرینەبەر»، کە بێگومان یەکێک لەو مافانە، مانگرتنی مەدەنییانەیە، بەڵام ئێمە هیوادارین، داواکارییەکانمان نەگاتە ئەو قۆناغەو وەڵامی ئیجابیی وەربگرین.

چوارەم: لە یاداشتنامەکەدا، باسی هەڵوەشاندنەوەی دابەشکردنی ئەو خانووانە نەکراوە.

لە کۆتاییشدا لەسەر ئەو ناونیشانەی ڕۆژنامە، تەنیا ئەوەندە دەڵێین، خۆزگە (٤٠٠)مامۆستای زانکۆ، لەسەر ناعەدالەتیی، یان مافی مەدەنی، یان تۆپبارانی سنوورەکان، نەبوونی نەزاهە، ئازادیی بیروڕا، کۆچی پێچەوانەی کوردو دووبارە تەعریبکردنەوەی کوردستان، مانیانبگرتایە، ئەوسا زانکۆ دەبووە پێشەنگی ئازادیی و مەدەنیبوون بۆ کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام بابەتی ئەم یاداشتنامەیەمان تایبەتە بە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون.

لیژنەی بەدواداچوونی داواکاریی شوێنی نیشتەجێبوونی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی:

١. م. ئارام عەلی فەرەج.
٢. م. سرود عومەر ڕەشید.
٣. م. ڕێبین مەحمود سالح.
٤. م. ئیدریس کەریم محەمەد.
٥. م. ئەحمەد محەمەد سالح.

REPORTERS WITHOUT BORDERS
FOR PRESS FREEDOM

# میدیا لە کوردستانی عێراق
# لەنێوان ئازادیی‌و خراپ بەکارهێناندا

ئا: شالاو فەتاح

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پەیامنێرانی بێسنوور، راپۆرتێکی تەحقیقی لەسەر دۆخی میدیای لە کوردستانی عێراق بڵاوکردەوە. راپۆرتەکە لە چەندین بەش پێکهاتووەو میتۆدی لێکۆلینەوەو چاوپێکەوتنی بۆ دەستخستنی ئەنجامێکی گشتگیر بەکارهێناوەو لە دوابەشیشدا چەند پێشنیازێکی بۆ هەر یەکە لە رۆژنامەنووسان‌و دەسەڵات کردووە.

دۆخی ئازادیی رۆژنامەوانی لە کوردستانی عێراق، باشترە لە هەرێمەکانی دراوسێی، بەهۆی بوونی (٨٥٠)بڵاوکراوەی میدیایی‌و (٥)هەزار رۆژنامەنووسەوە، دۆخی رۆژنامەوانی لە دەیەی رابردوودا، بەشێوەیەکی باش گەشەیکردووە، بەڵام ژمارەی هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسانیش لەم دوو ساڵەی دواییدا، زیادی کردووەو بەرپرسیاری سەرەکیی ئەم زیادبوونەش، هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیسن کە وابەستەی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەن: پارتی دیموکراتی کوردستانی مەسعود بارزانی‌و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی جەلال تالەبانی.

لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە تا ئێستا، دوو رۆژنامەنووس بەهۆی کارەکانیانەوە کوژراون، دوایەمین کەیسی سەردەشت عوسمانیش لە ئایاری (٢٠١٠)دا، بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەو زیادبوونی ترسی پیشەوەرانی ئەم پیشەیە، ئەمە جگە لە بوونی لێکتێنەگەیشتنێکی زۆر لەنێوان دەسەڵات‌و پیشەوەرانی میدیادا، وەک ئەوەی هیچ یەکێک کاری ئەوی دیکەیانی پێ قبووڵ نەبێت. لەم راپۆرتە نوێیەیدا، «لەنێوان ئازادیی‌و خراپ بەکارهێنانیدا: ئیزدیواجیەتی میدیا لە کوردستانی عێراق»، پەیامنێرانی بێسنوور، رانانێک بۆ دۆخی مێژوویی‌و سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی لە گەشەکردنی میدیا لە هەرێمی کوردستان تێبگات‌و راپۆرتەکە پێشنیازی بۆ هەریەکە لە دەسەڵات‌و رۆژنامەنووسانیش تێدایە.

## میدیاو پارتە سیاسییەکان: پەیوەندییەکی درێژخایەن

مێژووی میدیای کوردستانی عێراق، بەرهەمی مێژووی سیاسیی هەرێمەکەیەو تا ساڵی (١٩٩١)یش بڵاوکراوە میدیاییەکان لە کوردستانی عێراق، رێنمایی‌و پروپاگەندەی سیاسیی بوون‌و لەلایەن بزووتنەوە بەرهەلستکاریی‌و پێکدادانە سەربازییەکانەوە بەکاردەهێنران‌و رۆڵیان لەسەر ناوخۆی رێکخراوەکە دەبوو، ئەم بڵاوکراوانە یەک پەیامیان هەبوو، دژایەتیکردنی پەیامەکانی رژێمی سەدام، نموونەی ئەمەش بڵاوکراوەی بەرەی کوردستانی بوو لە ساڵی(١٩٨٨). لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە، هەموو پارتە سیاسییەکانی هەرێم، بەردەوامبوون لەوەی رێکخراوی میدیایی خۆیان هەبێت، بە تەلەفزیۆنی ناوخۆییشەوە.

لە (١٩٩٢)دا، یاسایەکی رۆژنامەوانی دەرکراو دوای هەڵبژاردنی ئایار، جەمسەرگرتن بووە واقیعێک لە میدیای هەرێمداو لەهەمان ساڵدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رۆژنامەی رۆژانەی کوردستانی نوێی دەرکرد، دەزگایەکی تەلەفزیۆنیشی بەناوی گەلی کوردستانەوە دامەزراندو پارتی دیموکراتی کوردستانیش، دەستیکردەوە بە دەرکردنی رۆژنامەی برایەتی‌و لە تشرینی دووەمی ئەوساڵەدا رۆژنامەی دیکەی وەک (هەرێم) دەرکەوتن‌و هەندێک لە رۆشنبیرە کوردەکانی وەک بەختیار عەلی، مەریوان قانیع، ئاراس فەتاح، ئیسماعیل حەمەئەمین، گۆڤاری (ئازادی)یان دەرکرد بۆ رەخنەگرتن لە دەوڵەت. شەڕی ناوخۆی پارتی‌و یەکێتی لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە بووە هۆی دروستکردنی دوو هەرێمی سەربەخۆ، یەکێکیان سەنتەری لە هەولێرو لەلایەن پارتییەوە بەڕێوەدەبرا، ئەوی دیکە پایتەختی لە سلێمانی بوو لەلایەن یەکێتییەوە بەڕێوەدەبرا. ئێستاش ئێمە تێبینیی بەهێزکردنەوەی دووجەمسەری میدیا دەکەین لە کوردستاندا، ئەمە جگە لە دابەشبوونی میدیا لەنێوان باکوورو باشووردا (هەولێرو سلێمانی).

## سەردەمی پۆست-سەدام: رێچکەیەکی کراوە بەرەو ئۆتۆنۆمی

رووخاندنی رژێمی سەدام لە (٢٠٠٣)دا، خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ مێژووی سیاسەتی هەرێمی کوردستان‌و میدیاش. فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، وتی: «ئەو سانسۆرەی کە لە سەردەمی سەدامدا گەشەی دەسەند، نەما، ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ چاخی ئازادیی‌و دەرکەوتنی میدیای بێشومار».

لە ساڵی (١٩٩٤)دا چەند رۆشنبیرێکی چەپ، رۆژنامەیەکی هەفتانەیان دەرکرد بەناوی (ئەمرۆ) کە بە بێلایەن دادەنرا، بەڵام زوو فشاریان خرایە سەرو رۆژنامەکەیان پێداخراو تێڕوانینی رۆژنامەکەیان بە «زۆر رەخنەگر» حوکمدرابوو، لەم دۆخەشدا بوو کە تاریق فاتیح لە ساڵی (٢٠٠٠)دا رۆژنامەی هاوڵاتی دامەزراند، کە چەند نووسەرێکی سەربەخۆ لە دەوری کۆبووبوونەوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش بەرهەمی سیاسەتەو بۆ ماوەی چەندین ساڵ، دوو سەندیکای رۆژنامەنووسان هەبوون، سلێمانی‌و هەولێرو تەنیا لەساڵی (٢٠٠٣)وە یەکیانگرت.

## دروستبوونی گۆڕان: بڕین، یان بەردەوامیی؟

دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی بەناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر دۆخی میدیا لە کوردستان‌و ئەو کاریگەرییەش پێش هەموو شتێک، سیاسیی بوو. دروستبوونی گۆڕان لەگەڵ یەکگرتوو، کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستاندا، بووەهۆی تەحەداکردنی مۆنۆپۆلی پارتی‌و یەکێتی، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی مشتومڕی پەرلەمانی‌و رێگەی بۆ رۆڵێکی نوێی میدیا خۆشکرد. گرووپی پەرلەمانیی ئۆپۆزسیۆن، دوودڵ نەبوون لە گفتوگۆکردن لەگەڵ رۆژنامەنووسانداو دروستبوونی گۆڕان کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتیشی هەبوو، بۆیەکەمجار (بۆشایی نێوان نەوەکان) لەنێوان نەوەی لاوو نەوەی پیر دەرکەوت‌و نەوەی لاو نەیدەویست چیدیکە لەسەر پارتە سیاسییە تەقلیدییەکان حساب بکرێت.

## میدیای کوردستان، لە ساڵی (٢٠١٠): سەربەخۆییەکی رێژەیی

لەم ساڵانەی دواییدا، دۆخی ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان زۆر گەشەی کردووەو رۆژنامەنووسانی کوردستان سەلامەتترن‌و سوود لە دۆخی ئیشکردنی گونجاوتر لە رۆژنامەنووسانی وڵاتانی دراوسێ وەردەگرن‌و ئێستا (٨٥٠)بڵاوکراوەی میدیایی دەردەچن، کە (٤١٥)یان رۆژنامەو گۆڤارن‌و (٥٠٠٠)رۆژنامەنووس بەشێوەیەکی فەرمیی ناویان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تۆمارکراوەو ئەم تەقینەوەیە لە بڵاوکراوە بەهۆی ئاسانیی دەرکردنی بڵاوکراوەی میدیاییەوەیە، بەتایبەت میدیای نووسراو.

ئەمڕۆ دووکەرتبوون لە میدیای کوردیدا بەدی دەکرێت، سلێمانی‌و هەولێر، ئەم دابەشبوونە جوگرافییە ئاکامی دابەشبوونی درێژخایەنی سیاسییەو هەر لەکۆنەوە هەولێر کۆنزەرڤاتیڤتر بووەو پەیوەندیی لەگەڵ عێراق باشتربووە لە سلێمانی، کە بە شارێکی یاخی‌و کلتووریی دادەنرێت، کە زۆرترین ئازادیی لێیەو زۆربەی گرووپە میدیاییە سەربەخۆکان ئێستا لە سلێمانین.

«میدیای حیزبیی» بەهۆی پاڵپشتی مادییان لەلایەن حیزبەوە بەوشێوەیە ناودەبرێن، بە تێڕوانینی لایەنگرانەوە هەواڵ پەخشدەکات. زوهێر ئەلجەزئیری، بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵی ئەسوات ئەلعێراق، پێیوایە، میدیای نیمچە سەربەخۆ، «میدیای سێبەر» بۆ ئەوە دروستکراون کە بۆشایی میدیای لایەندار پڕبکەنەوە، لەبەرئەوەی هیچ کەس باوەڕی بە میدیای لایەندار نییەو ئەوانەشی پێیان دەوترا، میدیای «سەربەخۆ»، هەوڵدەدەن بێلایەن بمێننەوە.

میدیای کوردی، لەبەرئەوەی دەرکەوتەی بزووتنەوە بەرگریکاریی‌و نهێنییەکانە، بۆیە دەیەوێت رۆڵێکی گرنگ لە سیاسەتدا بگێڕێت‌و هەندێک گرووپی میدیایی رۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن‌و لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵاو دەبن، ئەمەش جیاکردنەوەی میدیاو گرووپی سیاسیی قوورس دەکات، هەرچەندە ئەرکی میدیا لە دیموکراسیەتدا ئەوەیە کە تەحەدای دەسەڵات بکات‌و وەک «دەسەڵاتی چوارەم» کاربکات.

## میدیای دەسەڵات، سێبەر، ئۆپۆزسیۆن و سەربەخۆ

رۆژنامەنووسان، سیاسییەکان‌و بەرپرسانی رێکخراوە ناحکومییەکان، یەک دیدیان نییە لەسەر میدیای ئەم هەرێمەو پاش چل چاوپێکەوتن، پەیامنێرانی بێسنوور، نزیکەی پێنج دیدی جیاوازی بۆ میدیا بەرچاوکەوت. بۆ مەبەستی ئەم راپۆرتە، پەیامنێرانی بێسنوور، رێکخراوە میدیاییەکان بۆ چوار گرووپ دابەش دەکات:

گرووپی یەک: میدیای لایەنگری حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بۆ نموونە، خەباتی پارتی‌و کەناڵی گەلی کوردستانی یەکێتی.

گرووپی دووەم: ئەو میدیایەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لایەنگری حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، کە بە میدیای سێبەر ناسراوە. وەک، رۆژنامەی رووداو، گۆڤاری سڤیل کە لەلایەن پارتییەوە فەند دەکرێن‌و رۆژنامەی ئاسۆ لەلایەن یەکێتییەوە فەند دەکرێت.

گرووپی سێیەم: ئەو میدیایەی راستەوخۆ لایەنگری ئۆپۆزسیۆنە، وەک کەناڵی (سپێدە)ی یەکگرتوو، کەناڵی (KNN)ی گۆڕان‌و رۆژنامەی (کۆمەڵ)ی کۆمەڵی ئیسلامیی.

گرووپی چوارەم: ئەو میدیایەی بانگەشەی سەربەخۆبوون دەکات، وەک هاوڵاتی‌و ئاوێنەو لڤین، ئەمە جگە لە بڵاوکراوەی بچووکتر وەک ستاندارد و چەتر پرێس.

## مەترسییەکانی بەردەم رۆژنامەنووسیی کوردستان

یاسای رۆژنامەنووسیی (٣٥)ی ساڵی(٢٠٠٧) بەپێشکەوتنێکی بەرچاو دادەنرێت لە میدیای کوردیدا، بەڵام ئەم یاسایە تەنیا گرنگی بە میدیای نووسراو دەدات، نەک ئەوانی دی‌و پرۆژەیەکی دیکە ئێستا کاری لەسەر دەکرێت، هەرچەندە ئەم یاسایە هێشتا هەندێک شوێنی گومانلێکراوو ئاڵۆزی تێدایە.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئەم یاسایە، ئەوەیە کە جێبەجێکردنی لەلایەنی دادوەرییەوە بەهۆی کەمیی سەربەخۆیی دادگاکانیشەوە، گومان لە دروستی جێبەجێکردنی دەکرێت‌و بەپێی وتەی ئاسۆس هەردی، هەرچەندە هەندێک دادوەر سەربەخۆن، بەڵام ئەوانی دیکە سەربەخۆ نین.



فۆتۆ: RWB

یاسایەکی نوێ جێگەی نیگەرانیی رۆژنامەنووسە سەربەخۆکانی کوردستانەو هەندێک لە رۆژنامەنووسان ترسیان لەوە هەیە کە بەهۆی رێککەوتنێکی سیاسییەوە، پلانێک دژی رۆژنامەنووسە سەربەخۆکان رێکبخرێت. فەرهادعەونی، سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسان، نکۆڵی لەوەکرد کە هیچ هەوڵێکی لەوشێوەیە لەئارادا بێت، بەڵام کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێم، باسی لە هەموارکردنی یاسای گشتیی زانیاریی کرد کە میدیاش دەگرێتەوەو بەرهەم ساڵح، سەرۆک وەزیرانی ئێستای کوردستانیش وتی: کە ئەو سەربەخۆیی بۆ میدیا دەوێت، بەڵام ئەو دۆخەی ئێستا بەرەو ئانارشی (ئاژاوە) هەنگاو دەنێت‌و پێویستە یاسایەک رێکبخات. بەڵام زۆرێک لە پەرلەمانتارانیش پێیانوایە، هەرچەندە یاسای رۆژنامەوانی تەواو نییە، بەڵام پێویستە نەگۆڕدرێت.

## «هێڵە سوورەکان»

هەرچەندە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە، بەڵام هێشتاش زۆر بابەت تابۆن‌و پەیامنێرانی بێسنوور ئیدانەی ئەو تابۆیانە دەکات کە بەسەر ئازادیی دەربڕیندا سەپاون، بەهەر پاساوێکی مێژوویی یان سیاسیی. ئەم «هێڵە سوور»انە تەنیا زۆرنین، بەڵکو لە بڵاوکراوەیەکەوە بۆ بڵاوکراوەیەکی دیکە دەگۆڕێن‌و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەش دەگۆڕێن (هەولێر-سلێمانی). بە تێڕوانینی کەمال رەئوف، سەرنووسەری هاوڵاتی، چەند بابەتێکی وەک گەندەڵی‌و پێشمەرگە پێش ساڵی (٢٠٠٣) نەدەتوانرا باسبکرێن، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە گۆڕاوەو بەگوێرەی وتەی ئاسۆ حامید، بەڕێوەبەری بەشی هەواڵی کەناڵی سپێدەش، «ئەوەی لە سلێمانی رێگەپێدراوە، رەنگە لە هەولێر وانەبێت، سنوورێکی ئاشکرا نییە».

هەندێک «هێڵی سوور» هەمیشەیین: وەک دین، سێکس، سەرکردە خێڵەکییەکان‌و کەسایەتییە سیاسییەکانی وەک مەسعود بارزانی‌و جەلال تالەبانی‌و یەکێکی دیکەش لە کەیسەکان، راپۆرتێک بوو لەلایەن گۆڤاری لڤینەوە کە گومانی دەخستە سەر پاڵەوانێتی مەلا مستەفای بارزانی‌و کە پارتی کەمپەینێکی لەدژی گۆڤاری لڤین رێکخست‌و رۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی فەرمیی پارتیش، هەڕەشەی لە رۆژنامەنووسەکانی لڤین کردو گرووپە گەنجەکانی پارتیش بەهەمان شێوە، چەند پەڕەیەک بڵاوکرایەوە کە داوای دەکرد ئەحمەد میرە، سەرنووسەری لڤین بە رەسمیی پۆزش بهێنێتەوەو یەکێکی دیکە لە تابۆکان لێکۆلینەوەیە لە گەندەڵی، ئەمە جگە لە دراوسێکانی عێراق، بەتایبەت ئێران‌و کێشەی دۆخی کەرکوکیش تابۆیەکی ترەو راستییەکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە میدیاکانی ئۆپۆزسیۆنیش ئەم «هێڵە سوور»انە بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی سیاسیی.

## بەربەستەکانی بەردەم ئازادیی رۆژنامەوانی

پەیامنێرانی بێسنوور، تێبینیی بێمتمانەییەکی حەقیقی (تەنانەت بەدگومانیش) لەلایەن سیاسییەکانەوە بەرامبەر میدیاو بەپێچەوانەوە کردو ئەم بێمتمانەییەش لەنێو سیاسییە کۆنەکانی حکومەتی هەرێمدا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی نهێنی (زەمەنی شۆڕش)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیاسییەکان تەنیا بەمدواییانە لەسەریان پێویست بووە بەرگریی لەخۆیان بکەن‌و نەبوونی پرۆفیشناڵی لە هەندێک بڵاوکراوەی میدیاییشدا، کێشەکەی گەورەتر کردووە.

رانانێک بە بڵاوکراوەکانی هەنووکەی هەرێمدا، ئەوە دەردەخات کە هەندێک رۆژنامەنووس، جیاوازیی نێوان بیروڕاو زانیاریی نازانن‌و زۆرێک لە رۆژنامەنووسەکان لە پلە حیزبییەکانەوە هاتوون، هەربۆیە راهێنانی رۆژنامەنووسییان نەبووەو سیاسییەکانیش، لەبەرئەوەی ترسیان لە بەهەڵە گواستنەوەی قسەکانیان هەیە، دوودڵن لە لێدوان دان بۆ میدیاو لەمەش زیاتر زۆرێک لە سیاسییەکان داوای ئەوە دەکەن، پرسیارەکانیان بۆ بنێردرێت‌و بە نووسین وەڵامبدەنەوەو ئەم بێمتمانەییەش کاریگەریی بۆ سەر ئازادیی میدیا هەیە.

هەموو ئەو رۆژنامەنووسانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کردن، باسیان لە قورسیی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی کرد، هەرچەندە مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی‌و وردبینیکردنی کە پرەنسیپێکی هەرە بنەڕەتی رۆژنامەنووسییە، لە یاسای رۆژنامەوانی کوردستاندا باسکراوەو ئەم کێشەیەش بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە پێیاندەوترێت سەربەخۆ، زۆر قورسترەو ئەم رۆژنامەنووسانە باس لەوە دەکەن، کە چۆن ئەوان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت‌و چۆن رۆژنامەنووسە حیزبییەکانیش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئاسۆ حامید دەڵێت: «بۆ نموونە، کاتێک مەسعود بارزانی لە سەفەری خۆی لە فەرەنساو تورکیا گەڕایەوە، تەنیا ئەو رۆژنامەنووسانە داوەتی پرێس کۆنفرانسەکە کران کە لە پارتییەوە نزیک بوون».

## هەڕەشەو هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان

سیاسییەکانی کوردستان، حەزناکەن رەخنەیان لێبگیرێت، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر سکاڵا لەسەر رۆژنامەنووسان تۆمارکراوە، لە کوردستانی عێراق ژمارەیەکی زۆر کەیسی یاسایی لە دژی رۆژنامەنووسان تۆمارکراوە کە دژی پرەنسیپی بنەڕەتی حوکمی یاسایە، بۆ نموونە، نۆ سکاڵای یاسایی دژی رۆژنامەی ئاوێنەو (١٠-١٥) لە دژی گۆڤاری لڤین لە ساڵی (٢٠٠٩)دا تۆمارکراون‌و میدیای لایەنگری حیزبی، زۆر بەکەمی حوکم دەدرێن. ئاسۆ حامید، دانی بەوەدا نا کە هیچ سکاڵایەک دژی میدیای ئەوان تۆمارنەکراوەو ئەو بە روونی ئەوەی وت: کە کەناڵەکەیان نرخی هەموو ئەو شتانەدا نادات کە بڵاویان دەکاتەوە، بەڵکو هەندێک کێشە لە ئاستی سیاسییدا چارەسەر دەکرێن، ئەمە بۆ کۆمەڵی ئیسلامییش هەروایە.

زۆر رۆژنامەنووس بە پەیامنێرانی بێسنووریان راگەیاند: کە ئەوان هەڕەشەی کوشتنیان پێگەیشتووە، ئەمەش بە مەسجی مۆبایل‌و ئیمەیڵ‌و فاکس‌و تادو زۆرینەی ئەم رۆژنامەنووسانەش، یان بۆ میدیای سەربەخۆ کاردەکەن، یان بۆ ئۆپۆزسیۆن‌و لە زۆربەی کاتیشدا هەڕەشەکان بەنادیاری دەنێردرێن. هۆشیار عەبدوڵڵا لە (KNN) وتی: تەنانەت هەڕەشە بە دەرگای ماڵەوەیان هەڵواسراوەو ئەحمەد میرەی سەرنووسەری لڤین لە دەفتەرێکدا لیستی ئەو هەڕەشانەی پیشاندانین کە لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوەو دوای کوژرانی سۆرانی مامەحەمە لێیکراون، میرە رۆژو ساڵ‌و خولەکی هەڕەشەکان، ئەمە جگە لە ناوەڕۆکیان دەپارێزێت.

زۆرێکی دیکە لە رۆژنامەنووسان، باس لە هێرشی جەستەیی دەکەن، بەتایبەت لەلایەن کارمەندانی پۆلیس‌و ئاسایشەوە، تەنانەت لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پارتی‌و یەکێتیشەوە، ئەو هێزانەی کە هیچ دانپێدانانێکی یاساییان نییەو بە میلیشیا دادەنرێن‌و تەنانەت هەندێک رۆژنامەنووس باس لە هەوڵی تیرۆرکردن دەکەن‌و لەم نێوانەشدا هەوڵی زۆر دراوە بۆ نەهێشتنی دیاردەی هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان.

**تەواوی راپۆرتەکە بە زمانی ئینگلیزی لە سایتی (www.rsf.com) بخوێنەوە**

# هەڵنەبژاردن

**بەهادین یوسف**

نوری مالیکی، تاکە کاندیدی لیستی دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانەکانێتی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بژاردەی دووەم نییە.

ئیئتیلافی کوردستانیش لە وەرەقە تەفاوزییە (١٩)خالییەکەیدا، پۆستی سەرۆک کۆمار بە مافێکی نەتەوەیی خۆی دەزانێتو جەلال تاڵەبانیش تاکە کاندیدەو هەڵبژاردەی دووەم نییەو چەندجارێکیش سەرۆکی هەرێم ئەوەی دووپاتکردووەتەوە، لیستی عێراقیپەی زۆرینە سوننە بە سەرۆکێکی شیعەی رادیکاڵەوە، راسپێردراوە کە کاندیدێک دەستنیشان بکات بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، بێگومان، جێگرەکانی ئەو سێ سەرۆکەش، بەهەمانشێوە لەنێوان ئەو سێ پێکهاتەیەدا دابەشدەکرێن.

شیعەکانی عێراق، دوای زیاتر لە (٨٠)ساڵی دەسەڵاتی رەهای سوننەکان، لەدوای داگیرکردنی عێراق لە (٢٠٠٣)ەوە، سەرۆکایەتیی حکومەت دەکـەنو ئـامـادەش نین کە بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری بن، هەرچەندە لە هەڵبژاردنەکەی (٣/٧)دا، لیستی عێراقییە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بردەوەو بەپێی دەستووریش، دەبوو سەرۆک کۆمار کاندیدیان راسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاریی، بەڵام هەرزوو، هەردوو لیستی شیعە، هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانیی نیشتمانی، هەموو ناکۆکییەکانیان خستەلاوەو بوونە یەک کوتلە بۆ لە دەست دەرهێنانی پۆستی سەرۆکی حکومەت لە دەست کوتلەی براوەی هەڵبژاردن.

ئەم هەڵوێستو هەڵپانەی دواهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، عێراقییەکان تووشی نائومێدیی دەکات، بەوپێیەی ئەوان هەر بژاردەیەکی تریان بووێت، دواجار سیناریۆکانی دوای (٢٠٠٣) بـەردەوامـن بۆ نمایشو سـەرۆکـی (٦)سـاڵـی رابردوویان، چوار ساڵی دیکەی دەوێت، هەمان سەرۆک وەزیرانی (٤)ساڵی رابردووی، میراتیی (٤) ساڵو رەنگە چەند چوار ساڵێکی دیکەی بووێت.

کەواتە، عێراقییەکان بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن بۆئەوەی پەیرەوی سەرەتاییترین مافی خۆیان بکەن کە دەنگدانو ئاڵوگۆڕی دیموکراسییانەی دەسەڵاتە، بەڵکو سەرانی سیاسیی وڵاتەکەیان، تەنها دەیانەوێت رۆتیناتێکی پشت پێنەبەستوو بەرێوەببەنو بەرجەستە بکەنو بڵێن، ئێمەش میراتگری هەمان دەسەڵاتەکانی پێش (٢٠٠٣) نین، بەڵام دەمانەوێت تا سەر هەر خۆمان بریاردەرو بریارلێدراوبین.

کـورد لـەمـاوەی چـوارسـاڵـەی کابینەکەی مالیکیدا، کێشەکانی ئاڵۆزترو دۆسییەکانی نێوانیان هەڵپەسێردراوتر بوون، لەگەڵئەوەشدا نایەوێت بەدیلێکی دیکەیان هەبێتو بەهەندێک گرەنتییەوە کە تائێستا نەنووسراوەتەوەو بەشێکیان هەمان گرەنتییەکانی (٢٠٠٥)ن دەچێتەوە ناو هاوپەیمانێتییەکەوە لەگەڵ مالیکیدا.

کوردیش کە دەستبەرداری پۆستی سەرۆک کۆمار نابێت- کە مافی خۆیەتی وەک نەتەوەی دووەمو پێکهێنەری سەرەکیی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق ئەو پۆستە وەربگرێت، جەلال تاڵەبانیش کە لەماوەی (٦)ساڵی رابردوودا، سەرۆکێکی عێراقیو باوکێکی باش بووە بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەی عێراق- دەکرێت جەخت لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو پۆستەی بۆ بکرێتەوە، هەرچەندە پێشتر ئەوە نەشارراوەتەوە کە ئەوە یەکێکە لە برگەکانی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان، بەڵام خۆ دەکرێت کورد هەڵبژاردنی تری هەبێتو هەوڵی زیاتر بداتو لانیکەم، داوای پۆستی سەرۆک وەزیران بکات، بەوپێیەی لەماوەی (٧)ساڵی رابـردوودا، لانیکەم شەریکێکی راستەقینەی دەسەڵات نەبووە، هەروەک رێگەشی پێبدرێت دلسۆزی خۆی بۆ عێراق بسەلمێنێتو پێش هیچ دیالۆگو دانوستاندنێک دەستی خۆی کەشف نەکردایەو سەقفی داواکانی خۆی بەرزبکردایەتەوە.

کـەواتـە، مـن وەک هـاوڵاتییەکی عێراقی کە بەشداریی سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقمان کردووە، هیچم هەڵنەبژاردووە جگە لە درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتدارییەکان، بۆیە دەکرێت وەک مافێکی دەستووریی خۆم، داوابکەم کە لەمەودوا هیچ هەڵبژاردنێک نەکرێتو تەنها راپرسییەک بکرێت بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دەسـەڵاتـداران لە راپرسییەکدا کە تەنها یەک هەڵبژاردەم هەبێتو بۆ هەڵبژاردەکەش، یەک وەڵام ئەویش، با هەر شیعە سەرۆک وەزیـرانو کورد سەرۆک کۆمارو سوننەش سەرۆکی پەرلەمان بێتو پێویست ناکات ئـەو هەموو خەرجییە لەهەڵبژاردنەکاندا بکرێتو ئەوەندە ئێمەمانانیش بە هەڵبژاردنو خوێندنەوەی بەرنامەی کارەوە سەرقاڵ مەکەن.

# رکابەرەکەی تاڵەبانی خۆی راگەیاند

**راپۆرتی: کاروان عومەر**

حسێن موسەویی، رکابەری جەلال تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، ئاماژە بە پشتگیریی نهێنیی چەند لایەنێک دەکات بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستەو رەخنە لە ئەدای سەرۆک کۆماری پێشووش دەگرێتو بە «سەرۆک کۆماری کورد» ناوی دەبات.

موسەویی، هۆکارەکانی خۆپاڵاوتنی بۆ ئەو پۆستە روووندەکاتەوەو دەڵێت: «دەمـەوێـت چاکسازیی لە پرۆسەی سیاسیدا بکەم».

دوای دووجـار لە پێشکەشکردنی بریاری خۆپاڵاوتنی بۆ سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، حسێن موسەویی، بەرەسمیی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بەغدا، خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار راگەیاند، بەمەش بووە دووەم پاڵێوراوی ئەو پۆستە دوای جەلال تاڵەبانیو بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ١٠/٧دا داواکاریی خۆکاندیدکردنم پێشکەش بە د. فوئاد مەعسوم، سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە، بەڵام ناوبراو رەتیکردەوە کە هیچ داوکارییەکی لەوبارەیەوە پێگەیشتبێت، بۆیە دووبارە ئەو داواکارییەم رادەستی بەرێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی نوێنەران کردەوەو سەرجەم لایەنەکان بەئاگان لە وردەکاریی ئەو داواکارییەم».

حسێن موسەویی کە دادوەریشە لە دادگای تێهەلچوونەوەی تاوانی عێراق، هـۆکـاری خۆکاندیکردنی بۆ پۆستی سـەرۆک، دەبەستێتەوە بە هەوڵەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی لە پرۆسەی سیـاسـیو رزگـارکـردنـی عـێـراق لە موحاسەسەی تایفیو رەتکردنەوەی ئیستیحقاقی نەتەوەییو ئاینیو تایفی


حسێن موسەوی

بەو پێیەی بە وتەی ناوبراو، ئەو دیاردانە دیموکراسییەتو پـرۆسـەی سیاسی لەعێراقدا دەشێوێنن.

موسەویی رایگەیاند: «بەپێی دەستوور، هەموو هاوڵاتییەک مافی خۆکاندیدکردنی هەیە بەبێ رەچاوکردنی لایەنی سیاسیو نەتەوەو ئایینو مەزهەبی».

پێشێلکردنی دەستووریش، یەکێکە لە هۆکارەکانی تری خۆپاڵاوتنی حسێن مـوسـەویـی، کـە بەگرنگی دەزانـێـت سـەرجـەم مادەکانی دەسـتـوور بچنە بواری جێبەجێکردنەوەو لەبری ئەوەی وەک سیمبولو دروشـم بمێننەوە، وتیشی: «گرنگترین بەرپرسیارێتییەکانی سەرۆک کۆمار، پاراستنو جێبەجێکردنی دەستوورە، بەڵام لەئێستادا دەستووری عـێـراق بەشێوەیەکی زەق پێشێل دەکرێت».

مادەی (٦٨)ی دەستووری عێراق، مەرجەکانی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری داناوە کە گرنگترینیان، تەمەنی لە چل ساڵ زیاتر بێتو باوکو دایکی عێراقی بنو خاوەن ناوبانگێکی باش بێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە مەرجی پەرلەمانتاربوونی تیا نییە کە موسەویی دەگرێتەوە.

حـسـێـن مـوسـەویـی، رەخـنـە لە رکابەرەکەی دەگرێت کە جەلال تاڵەبانییە لە کاتی بەرێوەبردنی پۆستی سەرۆک کۆماردا لە ماوەی رابـردوودا دەڵێت: «تاڵەبانی، وەک سەرۆکێکی کوردی هەڵسوکەوتی کـردووە، نـەک وەکـو سەرۆکێکی عێراقی، بە بەڵگەی ئەوەی کە نـاوبـراو، سـەردانـی هیچ شارێکی عێراقی نەکردووەو هیچ هەڵوێستێکی نەبووە دەربارەی کێشەو تەنگژەکانی کە دووچاری شارە عێراقییەکان بوونەتەوە، جگە لەوەی کە بەڵێنی ئەوەی داوە کە واژۆ لەسەر سزای لەسێدارەدان نەکات، بەمەش دەسەڵاتە دەستوورییەکانی سەرۆک کۆمار پەکدەخات، چونکە دەستووری عێراق ئاماژەی بۆ ئـەوە کـردووە کە پەسەندکردنی سزای لەسێدارەدان لەلایەن سـەرۆک کـۆمـارەوە دەبـێـت»و پێشی وایە: «ئەگەر تاڵەبانی سووربێت لەسەر خۆکاندیدکردنەوە بۆ ئەو پۆستەو ئەو پۆستەی پێدرا، دەبێت پاشگەز بێتەوە لە بەڵێنەکانی بۆ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە سزای لەسێدارەدان واژۆ ناکات».

ئەگەرچی لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسیی، پۆستە سیاسییەکان لە عێراقدا دابەش دەکرێنو تا ئێستا سەرۆک کۆمار بۆ کوردو سەرۆک وەزیران بۆ شیعەو سەرۆکی پەرلەمان بۆ سوننە بووەو لە کێشمەکێشمی ئەم رێککەوتنانەشدا لە رووی واقیعییەوە، حسێن موسەویی هیوایەکی کەمتری لە رکابەرەکەی هەیە، بـەڵام لە رووی تیۆرییەوە، ئایندەی وەرگرتنی ئەو پۆستە گەشبینانە دەبینێت بەوپێیەی وەک خۆی دەڵێت: «لەپەرلەماندا، پشتگیریم لێدەکەن».

حسێن موسەویی، ئـامـاژە بەوە دەکات کە ژمارەیەک لیستی سیاسییو پەرلەمانتار، بەنهێنیی پشتگیرییان کردووە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار، بەڵام بە وتەی ناوبراو، سەرجەم لیستەکان ئیلتزاماتیان هەیە بەرامبەر بەیەکتری، بۆیە ناتوانن لە ئێستادا بە راشکاوانە دان بەو پشتگیریکردنەدا بنێن، بەڵام وتی: «لەکاتی خۆپاڵاوتنو دەنگدان لەسەر کاندیدەکان، ئەوا سەرجەم لایەنەکان هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا دەکەن».

موسەویی کە شیعەیەکی خەڵکی عەمارەیە، داواشـی لەسەرجەم کەسە بەتواناکان کرد کە سەربەخۆبن، یان سەر بە پارتە سیاسییەکان بن، خۆیان کاندید بکەن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بە مەبەستی کاراکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقداو رێگرتن لە دەستبەسەرداگرتنی پۆستەکان لە رێگای دانوستاندنەکانەوە کە لە ژوورە تاریکەکاندا ئەنجامدەدرێن.

بـەڵام رکـابـەرەکـەی تاڵەبانی، بەرەسمیی دانوستاندنی لەگەڵ کوردو لایەنەکانی تردا نەکردووە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمارو ئاشکرای کرد کە لیستە کوردییەکانو هیچ لیستێکی تری ئاگادار نەکردووەتەوە لە هەنگاوی خۆپاولاتنیو وتـی: «خۆکاندیدکردنم بۆ ئەو پۆستە، پەیوەندیی نییە بەهیچ لایەنێکەوە».

# مووچەی پەرلەمانتارەکانی عێراق، حەرامە، یان حەڵاڵ؟

**هەستیار قادر، کاروان عومەر**

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عێراقی، هەوڵەکانیان بۆ گەڕاندنەوەی مـووچـەی پێنج مانگی رابـردووی پەرلەمانتاران، چڕدەکەنەوەو مەلایەکی پەرلەمانتاریش، ئاماژە بە حەڵاڵیی ئەو مووچەیە دەکاتو پسپۆڕێکی یاساییش دەڵێت: «دەبێت پەرلەمانتارەکان، دووبارە سوێندی یاسایی بخۆنەوەو سەرجەم مووچەکانیان لێوەربگیرێتەوە».

## دەستپێکی هەوڵی رێکخراوەکان

پـاش تێپەڕبوونی هەشت مانگ بەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو پێنج مانگ بەسەر یەکەم دانیشتنی (٢٠)خولەکیی ئەو ئەنجومەنەدا، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عێراقی لە بەغدا، بەرامبەر بەو پێشێلکارییە دەستوورییانە هاتنەدەنگ، کە لە پێکنەهێنانی حکومەتەوە دروست بوونو پەرلەمان دانیشتنی ساز نەداوە، دوای ئەوەی کە داوایەکی یاساییان بردەوە سەبارەت بە نادەستووریی بەکراوەیی هێشتنەوەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نـوێـنـەران لـەلایـەن سـەرۆکـی کاتیی ئەنجومەنەوەو گرووپی دەستپێشخەریی مەدەنی بۆ پاراستنی دەستوور، داوایەکی یاسایی تر پێشکەش بە دادگـا دەکات بۆ گەڕاندنەوەی مووچەی پێنج مانگی ئەندامانی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە مانگانە جگە لە مووچەی پاسەوانەکانیانو دەرماڵەی نیشتەجێبوون کە (٢٦٠٠)دۆلارە، هەر پەرلەمانتارێک (١١)هەزار دۆلار وەردەگرێت، کە تێکڕای مووچەو دەرماڵەی ئەو پێنج مانگەی هەر یەک لەو (٣٢٥)پەرلەمانتارە، دەکاتە (٤٠) هەزار دۆلار.

گرووپی دەستپێشخەریی نیشتمانیی بۆ پاراستنی دەستووری عێراق، نزیکەی (٨٠٠) رێکخراو بەشدارییان تیادا کردووە کە گرنگترینیان، رێکخراوەکانی گرووپی هیوا، ناوەندی دارولسەلام، مافی ژنان


تارق حەرب

لەپێناو ئاشتی، رێکخراوی تەمموز بۆ پەروەردەی عێراقی، تۆڕی ئایندەو سەدان رێکخراوی تر.

سەبارەت بەو هەنگاوە، هەنا ئەدوەر، ئەندامی دەستەی هەماهەنگیی گرووپی دەستپێشخەریی نیشتمانیی بۆ پاراستنی دەستووری عێراق، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «داوایەکی یاساییمان تۆمار کردووەو تیایدا داوای ئەوەمان کردووە کە سەرجەم ئەو مووچەو ئیمتیازاتانەی کە دراوە بە پەلەمانتارەکان، لێیان بسەنرێتەوە بەهۆی ئەوەی لەماوەی چەند مانگی رابردوودا، تەنیا (٢٠)خولەک ئامادەی پەرلەمان بـوون، لەکاتێکدا مووچەیەکی زۆریان وەرگرتووە».

## مووچەکە حەڵاڵە، یان حەرام؟

بەوپێیەی ئاینی ئیسلام، ئاینی سەرەکییە لە دەسـتـووردا و نابێت مادەکانی ئـەو دەسـتـوورەش دژ بە بنەماکانی شەرعییەتی ئیسلام بن، حەڵاڵبوون، یان حەرامبوونی مووچەی چەند مانگی رابـردووی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی، دەکەوێتە بەر شرۆڤەکانی ئاینی ئیسلامو یەکێک لە دیارترین فەرموودەکانی پێغەمبەریش کە ئەو مووچەیە دەکەوێتە چوارچێوەیەوە، ئەوەیە کە دەڵێت «أعطوا أجیر أجره قبل أن یجفه عرقه»، واتە پارەی کرێکار، یان بەکرێگیراو بدەن، بەرلەوەی عارەقەکەی وشک بێتەوە.

مەلا عوزێر حافز، کە مامۆستایەکی ئاینییەو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراقە، وێڕای ستایشکردنی ئەو هەنگاوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو هاوڕابوونی لەگەڵیان، بۆ رۆژنـامـەی روونـکـردەوە، کە دەبێت رێکخراوەکان زیاتر لەو پرسەدا بچنە بنجو بناوانی کێشەکەو هۆکاری سازنەدانی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانو وتی: «من پێم وایە، کەمتەرخەمییەکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە نییە، بەڵکو کەمتەرخەمییەکە لە سەرۆکی لیستەکانەوەیە کە حکومەت پێکنایەتو ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتن ناکات».

مەلا عوزێر، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەوپێیەی کەمتەرخەمییەکە لە پەرلەمانتارەکانەوە نەبووە، وەرگرتنی ئەو مووچانە لە رووی شەرعییەوە حـەرام نییەو حـەڵاڵـە، بـەڵام وتـی: «مرۆڤ موعەزەب دەبێت کە پارەیەک وەربگرێتو لەبەرامبەردا ئەرکێکی بەجێ نەهێنابێت».

## یاسا چی دەڵێت؟

پشتیوانیی یاسایی داواکەی گرووپی دەستپێشخەریی نیشتمانیی بۆ پاراستنی دەستوور بۆ گەڕاندنەوەی مووچەی پێنج مانگی پەرلەمانتارەکان، وەک پێشکەشکارانی باسی لێوە دەکەن، چەند مادەیەکی دەستوورە.

لەوبارەیەوە، هەنا ئەدوەر، ئەندامی دەستەی هەماهەنگیی ئەو گرووپە ئاشکرای کـرد، کـە مـادەی (٥٠)لـە دەستووری عێراق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێت پەرلەمانتارەکان کار بکەن لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیو خزمەت


مەلا عوزێر حافز

بە هاوڵاتییانی عێراق بکەنو مادەی (٢٧) یش ئاماژە بەوە دەکات، دەبێت سەرجەم هاوڵاتییان ماڵو موڵکی گشتی بپارێزن، وتیشی: «بە پشتبەستن بەو دوو مادەیە، ئەو داوایەمان بەرزکردووەتەوە».

هـاوکـات، پسپۆڕێکی یاساییش، پاڵپشتی یاسایی ئـەو هەنگاوەی رێکخراوەکان دووپات دەکاتەوەو ئاماژە بە هەنگاوی دووبارە سوێندخواردنەوەی پەرلەمانتارەکانیش دەکات.

تاریق حەرب، پسپۆڕی بواری یاسایی بە رۆژنامەی راگەیاند: «لێسەندنەوەی مووچەی پەرلەمانتارەکان، پێویست بـە پێشکەشکردنی داواکـاریـیو بـەرزکـردنـەوەی داوای یاسایی ناکات، چونکە دادگـای فیدراڵی، نەک کۆتایی بە دانیشتنی پەرلەمان هێناوە، بەڵکو ئەو دانیشتنەی کە ئەنجامدرا، پووچەڵکردووەتەوە، واتە سەرجەم ئەو کارانەی کە لەو دانیشتنە ئەنجامدراون، پـووچـەڵـکـراونـەتـەوە، بۆیە دەبێت پەرلەمانتارەکان، دووبـارە سوێندی یاسایی بـخـۆنـەوەو سـەرجـەم ئەو مووچانەی کە وەریانگرتووە، لێیان بسەنرێتەوە».



# مەڵگـــەی ئـــازاد

نی ژیان بکرێت، تا «کۆمەڵگەی ئازاد» بەرهەم بهێنرێت. لەو کۆنفرانسەدا کە ڕۆژانی (٣٠و٢٠١٠/١٠/٣١)، خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی،
نامەی ڕۆژنامە بە پێویستی زانی کە دۆسیەیەک لەوبارەیەوە بکاتەوەو سیمینارو گفتوگۆکانی ئەو کۆنفرانسە بکاتە بنەمایەک بۆ دۆسیەکە. لەم
ئازادیی ئابووریی، دیموکراسی لیبراڵ و ئیسلام، مافەکانی تاک و حوکمی یاسا، دیموکراسی و ئاشتی، ڕۆژنامەگەریی ئازاد، تیۆری لیبراڵ، ڕچەشکێنی

ئامادەکردنی: هیوا جەمال

# ڕێکخراوەکان، هەوێنی کۆمەڵگەی ئازاد

بە بڕوای شارەزایانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە گرنگی بدرێت بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بۆئەوەی لە ڕێگایەوە تاکەکان بەشداریی لە حکومڕانیی بکەن لە وڵاتداو لەوێشەوە کۆمەڵگەی مەدەنی پێکبهێنرێت.

لە کۆمەڵگەی ئازاددا، حکومەت تاکە ئەکتۆر نییە، بەڵکو ئەکتۆرەکانی تریش هەن کە بەشداریی لە دروستکردنیدا دەکەن، ئەویش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو تاکەکانن.

د. لیڤینت کۆرکۆت، درێژە بەو بۆچوونەی سەرەوە دەداتو دەڵێت: دەبێت ئەم ئەکتۆرانە بەشداریی لە کاروباری سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بکەنو پێویستە ڕێکخراوی زۆر لە کۆمەڵگەدا هەبن، کە بتوانن گوزارشت لە بیروڕای خەڵک بکەن.

کۆمەڵگەی ئازاد، بەبێ هۆکارە یاساییو دەستوورییەکانی دروست نابێت، کە تیایدا حوکمی یاساو مافەکانی مرۆڤی بەرقەرار بێت، بەڵام بە بڕوای د. لیڤینت کۆرکۆت، مامۆستا لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی حەجەتەپە لە تورکیا، تەنیا بەدروست بوونی دەستوور، یان یاسا، کۆمەڵگەی مەدەنی دروست نابێت، دەستووری باش کە مافەکانی تیاپارێزراو بێت، بەتەنیا بەس نییە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی.

ناتوانرێت لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا، کۆمەڵگەی مەدەنیو ئازادیی تەندروست دروست بکرێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی کلتوریو مێژووییەو هەموو کۆمەڵگەکان بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە، ڕابردوویەکی تاریکمان لە تێوەگلان بە جەنگەوە هەیەو کۆمەڵگەی کوردیی تازە بەتازە سێبەری دەسەڵاتی دیکتاتۆریی لەسەر لاچووە، بۆیە وەک د.لیڤینت دەڵێت: پێویستمان بە گەشەسەندنی بەپەلە هەیە، وەک ئەوەی ئێستا لەکوردستان دەیبینین.

## هاوکێشەی دیموکراتی

بۆئەوەی حکومەت بەتەنیا بڕیارەکانی نەدات، پێویستمان بە هاوکێشەیەک هەیە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەکو تاکەکانیش لەلایەکی ترەوە بەشداریی لە بڕیارەکاندا بکەن.

د. لیڤینت کۆرکۆت، دەڵێت: ئەگەر لە دەولەتێکی دیموکراتیشدا، ڕێگە بە دەسەڵاتدارەکان بدرێت، تەنیا خۆیان بڕیار بدەن، ئەوا هەر بەقازانجی خۆیان بڕیار دەدەن، بۆیە تەنیا هەڵبژاردن بەس نییەو پێویستمان بە بەشداریی نوێنەرانی تاک هەیە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بۆیە ئەگەر بمانەوێت، سیستمێکی دیموکراسی دروست بکەین، پێویستمان بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەیە.



ئەدمۆند بێرک

یەکێک لە گرفتەکانی دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیو ئەکتیڤبوونی ڕێکخراوەکان، نەبوونی شەفافییەتو دەستەبەرکردنی زانیارییە، بۆیە ئەگەر زانیاریی تەواو هەبوو لەبارەی کێشەکانەوەو زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگە پشتگیرییان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆڵی گرنگیان لەوبارەیەوە دەبێت.

هەرچەند پێناسەی زۆر بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی کراوە، بەڵام دەوترێت، ئەو کۆمەڵگە سیاسییەیە کە بەپێی حوکمی یاسا لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدان، بەڵام بەپێی پێناسەی ئەدمۆند بێرک (١٧٢٩-١٧٩٧)، ئەو گرووپە بچووکانەن کە لە دەوڵەت جیان، بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی لە دامەزراوە تایبەتییە سەربەخۆکاندا کۆدەبنەوەو لەلایەن تاکەکانەوە بەڕێوەدەبرێنو بەرژەوەندییو مەبەستی دیاریکراویان هەیە.

بەپێی وتەی مامۆستاکەی زانکۆی حەجەتەپە: ئەو کۆمەڵگایانەی بەحوکمی دیکتاتۆریدا تێپەڕبوون، نەیانتوانیوە ستراکچەری کۆمەڵگەی مەدەنی گەشەپێبدەن، بۆیە پێویستە بەپەلە بیر لە گەشەپێدان بکرێتەوە.

پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کاریگەرییان هەبێتو گۆڕان دروست بکەن، بەڵام ئایا چۆن دەتوانن گۆڕان دروست بکەن؟

ناسک قادر، خاوەنی ماستەر لە «سۆسۆلۆژیا» لە زانکۆی کارلتۆن لە کەنەداو پسپۆڕ لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا، بڕوای وایە، پرۆسەی گۆڕان پرۆسەیەکی بازنەییە، لەیەکەم ساتەوە لە هۆشیاریی بۆ گرنگی گۆڕان لە ڕووی ڕاستییەکان دەستپێدەکات، دوای ئەوە هەڵوێستوەرگرتنی دەوێت، واتە ئێمە ئەم کێشانەمان هەیە، چۆن هەڵویست بەرامبەریان وەربگرین، ئەویش لە ڕێگەی تەحلیلکردنی وەزعیەتەکانەوە دەبێت. دوای ئەوە، ئەو ئیرادەیەی هەیە بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە هەیە، گرنگترین هەنگاوە لە پرۆسەی گۆڕیندا.

بە بڕوای ناسک قادر، گۆڕین، خەڵکێکی چالاکی دەوێت، پاشان بیرکردنەوە لەوەی بە چ ئاراستەیەک بیگۆڕین، دواتر پلانداناتمان هەیەو پێویستە دوای ئەوە بڕیار بدەین.

لەکوردستاندا، دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی شاقوڵی دروست بوون، بۆیە ناسک قادر لەوبڕوایەدایە کە «پرۆسەی گۆڕین لە کوردستاندا، کارێکی گرنگو قورسە».

## مۆمی داگیرساو

بەشداریکردنی تاکەکان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، گرەنتی ئەوەمان دەداتێ کە پرۆسەی بەرەو کۆمەڵگەی ئازاد زیاتر خێرا بکەین، چونکە ئەوان وەک مۆمی داگیرساو، دەتوانن ناوچە تاریکەکان ڕووناک بکەنەوە.

ئێستا لە تورکیا، (٧)ملیۆن کەس لە ڕێکخراوەکاندا کاردەکەن کە (١٠٪)ی دانیشتووانەکەیەتی، بەڵام لە نەرویج (١٥)ملیۆن ئەندامی ڕێکخراوەکانن کە چوارئەوەندەی ڕێژەی دانیشتووانەکەیەتی، واتە هەرتاکێک ئەندامی (٤)ڕێکخراوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەدیموکراتیبوونی وڵاتەکان هەیە.

لە سەدەی(١٩)دا، نیشانەکانی گەشەکردن بریتیبوون لە دروستکردنی جادەکانو بەرهەمهێنان، بەڵام لەم سەدەیەدا، کۆمەڵگەی مەدەنی نیشانەی پێشکەوتنە.

ئێستا لە ئەمریکا، زۆر لە شارەوانییەکان لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەڕێوەدەچن، نەک لەلایەن ئەوانەی هەڵبژێردراون لە هەڵبژاردنەکاندا.

د. لیڤینت، بڕوای وایە، ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان لە سەرەتای پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدایە، بۆیە پێویستە بەشداریی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکرێت.

بەپێی بۆچوونێک، ئێستا لە عێراقدا، نزیکەی (٣٥٠٠)ڕێکخراو بەناوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئەم ڕێکخراوانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەبووە.

## ئینتەرنێت لە کۆمەڵگەدا

جیهانی ئینتەرنێت، گرنگیی تایبەتی هەیە لە بواری پەیوەندیکردندا، ئەمەش بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خاڵێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی خێراتر.

د. لیڤینت، دەڵێت: لەچەند ساڵی ڕابردوودا لە سیرالیۆن بووم، لەبەرئەوەی هێڵی ئینتەرنێتیان نەبوو، خەڵکیان لە لادێکانەوە دەنارد بۆ شار بۆ پەیوەندیکردن، تەنانەت ئێستاش هەندێک خەڵک هەیە کە ئاگاداری بەکارهێنانی ئینتەرنێت نین.

ئەم نموونەیە تا ئەندازەیەک بۆ کوردستانیش دروستە، چونکە لە کوردستان جگە لە شارەکانو کەمترین ناوچەی دەوروبەری شارەکان، ئینتەرنێت لە لادێکاندا نییە، ئەوە جگە لەوەی بڵاوکراوە کاغەزییەکانیشیان بەشێوەیەکی باش بۆ ناچێت، تەنانەت لە هەندێک لە لادێکاندا، تۆڕەکانی موبایلیشی تێدا نییە.

## پێویستییەکان

بۆئەوەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کاریگەریمان هەبێت، پێویستمان بە ئەکتۆرە، ئەوانەش بریتین لە سەرمایەدارانو کەسە ئەکتیڤەکانی کارکردن، هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

گرنگترین پاڵپشت بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەخشینی مادەیە (بەتایبەت پارە)، بۆ بەردەوامبوونو کارکردن. کۆمپانیاکان، چونکە بەدوای قازانجدا دەگەڕێن، دەبێت هۆشیاریی ئەوەیان هەبێت کە کاتێک پارە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خەرج دەکەن، ناراستەوخۆ قازانج دەکەن.

تا ئێستا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، کۆکردنەوەی کۆمەک زەحمەتە، لەبەرئەوەی هۆشیارییەکی بەرفراوان نییە، بۆیە چارەسەر ئەوەیە کە لە سەرچاوەکانی ترەوە پاڵپشتی مادیی بۆ ڕێکخراوەکان دەست بخەین، ئەمەش چارەسەرێکی کاتییە.

## هۆشیاریی ڕێکخراوەیی

هەر گرووپێک لە ڕێکخراوەکان، پێویستە ئامانجی خۆی هەبێت بۆ بەشداریکردن لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا، بۆنموونە ئەگەر ڕێکخراوەکە، ڕێکخراوێکی کەمئەندامیی بێت، پێویستە بەشداریی لە چارەسەرکردنی کێشەی کەمئەندامانددا بکات.

ئەگەر هاتوو، گرووپەکان هۆشیاریی تەواویان نەبوو، یان تاکەکانی هۆشیاریی تەواویان نەبوو، ئەوا ئەم گرووپە بەشداریی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی نابێت.

گەیشتن بە کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراتییەت بەبێ موجازەفە، نابێت، سیستمێکی دیموکراتی، داهاتووی ڕوونی نییەو پێویستی بە ئەدێنتیتی هەیە، چونکە دیموکراسییەت بەبێ موجازەفە، دەبێت بە سیستمێکی دیکتاتۆریی.

بۆکەمکردنەوەی ئەم ریسکانە، پێویستمان بە بەشداریی تاک هەیە لەهەموو بوارەکاندا بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، ئەمەش پێچەوانەی حکومەتێکی دیکتاتۆرە کە نایەوێت تاک بەشداریی بکات لە کاروباری سیاسیدا.

## پلانی تەندروست

ئەگەر بمانەوێت ڕێکخراوێکی تەندروست پێکبهێنین، پێویستە ئەو کەسانەی بەشداریی دەکەن، بینینێکی ڕوونیان هەبێت بەرامبەر کارەکان، ئەمەش پێویستە لەلایەن دامەزرێنەرانەوە بڕیاری لێبدرێت.

دەبێت (دیدگایەک) ڤیژنێک هەبێت بۆ کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا، بۆ نموونە، ئەگەر ڕێکخراوێکی ژنان کاربکات بۆئەوەی ڕێژەی ژنان بگاتە (٥٠٪) لەپەرلەماندا، ئەوا پێویستە دیدگای بۆ دابنرێت.

ئەرکی (میشن) ئەو ڕێکخراوە چییە بۆئەوەی بگات بە ڤیژنەکەی؟

بە بڕوای د. لیڤینت، پێویستە (٤)ئاراستە دیاریی بکرێن بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجامەکانی هەر ڕێکخراوێک، ئەوانیش، دیدگا، موهیمە، پلان، ستراتیژ.

ناسک قادر، بۆچوونێکی تریش بۆ ئەم چوار پێویستییە زیاد دەکاتو دەڵێت، شتێکی گرنگ کە بەراستی ونە لە ڕێکخراوەکاندا، بریتییە لە کۆنترۆڵکردن، دواتر ئایا ئەو کۆنترۆڵەی کە کردوومانە دەمانگەیەنێتەوە بە پەیامەکەمان.



د. لیڤینت کۆرکۆت

بە بڕوای د. لیڤینت: یەکێک لە تەکنیکییەکانی کارکردن (SWOT)ە کە زۆرگرنگە، سوات ئەوەیە کە هەر پیتێک مانایەکی دیاریکراوی هەیە، بۆنموونە، لە ئینگلیزیدا، (S)مانای ترسناکی هەیە، (W)مانای لاوازیی، (O)بۆ هەل، (T)بۆ مەترسی.

## بەهێزیی و لاوازیی حاڵەتی ناوخۆیی

بەهێزییو لاوازیی، هەر لە بوونی مادەو بیناوە دەستپێدەکات تا دەگات بە تاکەکانو چالاکییەکانو پەیوەندیی بەمانەوە هەیە، هەروەک مامۆستاکەی زانکۆی حەجەتەپە لە تورکیا دەڵێت: بۆ نموونە، ئەگەر لە ڕووی مادییەوە بەهێز نەبێت، لاوازییە. ئەگەر ژمارەی ئەندامەکان زۆربوون، ئەوا بەهێزییە.

ناسک قادر، پسپۆڕی کۆمەڵناسیی، دەڵێت: بەداخەوە، لای ئێمە ڕێکخراوە سیاسییەکان، ئەوەندەی باسی لایەنە ئیجابییەکان دەکەن، ئەوەندە باسی سلبیاتەکان ناکەن، بۆ نموونە لە تەندروستیدا، خاڵی بەهێز ئەوەیە کە زۆرترین نەخۆش لە ڕۆژێکدا ببینرێت، لەکاتێکدا ئەمە لاوازییە، نەک بەهێزی.

بۆیە دەڵێت: ئێمە ئەوەندەی مەبەستمانە ئیجابییەکان باس بکەین، ئەوەندە مەبەستمان نییە کە لاوازییەکان باس بکەن.

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوەکانیش، ناسک قادر دەڵێت: دەبێت ئێمە لەسەر ئاستی ژینگەیی باڵا (ماکرۆ) ئیش بکەین، بۆئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ ڕێکخراوەکان دیاریی بکەین.

د. لیڤینت کۆرکۆت، دەڵێت: ناکرێت ئێمە وەک ڕێکخراوەکان، جەخت لەسەر لایەنە دەرەکییەکان بکەینو تەنیا ڕەخنە بگرین، چونکە ئەگەر خۆشمان ڕەخنەمان لەخۆمان نەبێت، ڕەخنەکانمان لەسەر دەسەڵات، کاریگەرییان نابێت.

د. لیڤینت، لەوبڕوایەدایە، بۆئەوەی ڕێکخراوەکان بەردەوامبن لە کارکردن، دەبێت ئەو داهاتەی هەیانە، ٣٠٪ی بۆ چاکسازیی لەناو خودی ڕێکخراوەکاندا بۆ بیناکردنی خۆیان دابنرێت.

یاسایەکی زێڕین هەیە، دەڵێت، ئەگەر توانیت (٢٠٪)ی ڕێکخراوێک بگۆڕیت، ئەوا توانایەکی باشە بۆ گۆڕانکاریی.



# کـــۆ

دەیان ڕۆشنبیر، ئەکادیمی، سیاسیی‌و پەرلەمانتار، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە گۆڕانکاریی بەردەوام هەیەو پێویستە کار لەسەر هەموو جومگەکا
بە هاوکاریی (کۆمەڵەی فیکری لیبراڵ ALT) تورکی ئەنجامی دا، گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵگەی ئازادەوە کراو لەبەر گرنگیی باسەکەو پێویستیی هەنووکەیی بۆ کۆمەڵگەی کوردیی، ڕۆژ
دۆسیەیەدا، بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەخرێنەڕوو، کە ئەوانیش لەم بابەتانەدا خۆیان دەبیننەوە: بازاڕی ئازاد و ئابووریی بازاڕی ئازاد، پلاندانانی ستراتیژیی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی،
لە کۆمەڵگەی ئازاددا، هەروەها ماناو گرنگیی ئازادیی ئەکادیمی.

# حکومەت مافی چاودێریی هەیە، نەک دەستوەردان

پرۆفیسۆر د. مستەفا ئاچار، لەو بڕوایەدایە، باشترین حکومەت، ئەو حکومەتەیە کەمترین دەستێوەردانی هەبێت لە بڕیاری ئابووریدا، هەروەک دەڵێت: حکومەت، مافی ئەوەی هەیە کە چاودێریی بکات، بەڵام مافی نییە، تەداخول بکات، لەبەرئەوەی حکومەت ئەرکی پاراستنی سنوورەکان‌و ئاسایشی نیشتمانی‌و جێبەجێکردنی یاسایە.

ئەم بۆچوونەی د. مستەفا، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگە پێویستی بە بازاڕی ئازاد هەیەو بۆ گەشەسەندنی ئازادییش گرنگە کە سیستمی ئابووریی لیبراڵ پەیڕەو بکرێت.

## ئابووریی بازاڕی ئازاد

سیستمێکی ئابووریی لیبراڵە لەسەر ئەو بیروڕایەیە، کە هیچ لایەنێک بۆی نییە، دەست لە کاروباری بازاڕو کڕین‌و فرۆشتن وەربدات، بەتایبەت حکومەت، مەگەر بەپێی پێویستییەکی کەم بێت. هەروەک ڕێگە دەدات بە هەموو تاکەکان کە بە ئازادیی بازاڕ بکەن، بەپێی یاساکی دەوڵەت.

پرۆفیسۆر، د. مستەفا ئاچار، ڕاگری کۆلێجی بزنس لە زانکۆی کلکلەر لە ئەستەنبوڵ، بڕوای وایە، لەمڕۆدا بەگشتی، دوو سیستم هەن بۆ کارکردن لە بواری ئابووریدا، ئەوانیش (سیستمی سەرمایەداریی‌و سیستمی سۆشیالیزم)ن.

ئەو، سیستمەکانی دیکە لە ژێر چەتری ئەم دوو سیستمە «گشتگیرەدا» جێ دەکاتەوە.

مرۆڤەکان، پێویستیان بەوە هەیە کە لەگەڵ یەکتردا سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان ئاڵوگۆڕ بکەن، بەڵام ئایا چۆن ئەم سەرچاوانە ئاڵوگۆڕ دەکرێن؟

د. مستەفا ئاچار، دەڵێت: هەروەک پێویستە کە هەموو حکومەتێک وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە، چی بەرهەم دەهێنرێت، بۆچی، بۆکێ، چەند بەرهەم دەهێنرێت؟ بە چ ڕێگایەک؟ هێز، یان ئاشتی؟

## وەڵامی سۆشیالیزم

وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلایەن سیستمی سۆشیالیزمەوە، ئەوەیە کە دەسەڵات خاوەنی هەموو شتەکانەو هەموو بڕیارەکان دەربارەی ئابووریی، لەلایەن کۆمەڵێک کەسی دەسەڵاتدارو بڕیاربەدەستەوە دەدرێت، لەهەمانکاتدا هیچ کەس لە تاکەکان خاوەنی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان نین، بەڵکو خاوەندارێتی بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، بۆیە باشترین بەدیل بۆ سۆشیالیزم، کاپیتالیزم (سەرمایەداری)ە، کە ئەویش دوو شێوازی هەیە، یەکەمیان: ئەوەیە کە قۆرخکردن لەلایەن دەسەڵاتەوەیە، دووەمیان: لەلایەن بازاڕی ئازادەوە.

## بازاڕی ئازاد

لە بازاڕی ئازاددا، میکانیزمی دەستنیشانکردنی نرخ هەیە کە بەپێی پێیوستی دابینکردنە، خاوەنێتیی تایبەت بۆ هۆکارەکانی وەبەرهێنان هەیە، پێشبڕکێ لە پێشکەشکردنی باشترین جۆردا هەیە.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد، ئازادیی بازرگانییە، چونکە بە بڕوای مستەفا ئاچار، دەتوانین بە باشترین شێوە، بەرهەمهێنان بکەین، لەهەمانکاتدا بەباشترین شێوە، کات‌و وزەو سەرچاوەکان بەکاربهێنین، هەروەک توانا ئابووریی‌و سیاسیی‌و کلتوورییەکان بەکاردەهێنرێن، هەروەها داهێنان‌و نوێکاریی‌و توانای گەشەی کۆمەڵگە زیاد دەکات، هەروەها سەرمایە بەگەڕ دەخات.

## کۆڵەکەکانی بازرگانیی ئازاد

بازرگانیی ئازاد لە بازاڕی لیبراڵدا، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە کە مامۆستاکەی زانکۆی کلکلەر لە ئەستەنبوڵ، لەم تایبەتمەندییانەدا کۆیان دەکاتەوە، ئەوانیش: خاوەندارێتیی تایبەت، ئازادیی لە کارکردندا، قازانجی تایبەت، پێشبڕکێ، حکومەتێکی سنووردار.

## قازانجی تاک

پێویستە لێرەدا سود لە کتێبی (سامانی نەتەوە)ی ئادەم سمس، فەیلەسوف‌و یەکێک لە گەورە بیرمەندەکانی ئابووریی سیاسیی، وەربگیرێت کە پێی وایە، شتێکی ئاساییە تاک بەدوای قازانجی تایبەتدا بگەڕێت، چونکە قازانجی تاک‌و قازانجی کۆمەڵگە لە ململانێدا نین‌و دژی یەک ناوەستنەوە، چونکە کاتێک قازانجی تایبەت دەبێت، کۆمەڵگەش قازانج دەکات.

پرۆفیسۆر ئاچار لەو بڕوایەدایە کە سامانی تایبەت، یەکێکە لە هەرە سەرەکیترین مەرجەکان بۆ ئابووریی ئازاد، چونکە مافی خاوەندارێتی دەبێت‌و دەتوانێت بە ئازادیی بەکاریبهێنێت، هەروەک بەو هۆیەوە مومتەلەکاتە تایبەتییەکانی دەپارێزێت‌و وادەکات کە بۆ ماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوە.

لەبەرامبەریشدا لەو بڕوایەدایە کە سامانی گشتیی، کەس گرنگی بە مومتەلەکاتەکانی نادات‌و هیچ کەسێک خۆی بە خاوەنی نازانێت، بۆیە زۆرجار لەلایەن هەندێک کەسەوەو لەپێناوی قازانجی خۆیاندا بەکاردەهێنرێت.



ئادەم سمس

## ئازادیی هەڵبژاردن لە کاردا

د. مستەفا، دەڵێت، پێویستە تاک ئازادیی هەبێت لە هەڵبژاردنی کاردا، بەمەش بەکارهێنەر سەربەست دەبێت لەوەی کە چی بەکاربهێنێت‌و چۆن بەکاریبهێنێت‌و ئازادە لەوەی چۆن دەست بە کارێک دەکات.

کاتێک ئازادیی هەڵبژاردن لە کاردا دەبێت، بەکارهێنەر گرنگترین لایەنە، هەموو شتێک لەپێناوی بەکارهێنەردا دەبێت، بۆیە پێشبڕکێ لە نرخدا دروست دەبێت‌و نرخەکان دیاریدەکرێن، ئەمەش پێیدەوترێت، میکانیزمی بازاڕ.

## حکومەتی سنووردار

پرۆفیسۆر مستەفا ئاچار، دەڵێت: باشترین حکومەت، ئەو حکومەتەیە کە کەمترین دەستێوەردانی هەبێت، حکومەت مافی ئەوەی هەیە کە چاودێریی بکات، بەڵام مافی نییە کە تەداخول بکات، لەبەرئەوەی حکومەت ئەرکی پاراستنی سنوورەکان‌و ئاسایشی نیشتمانیی‌و جێبەجێکردنی یاسایە، بەڵام نابێت دەست لە کاروباری بارزگانیی وەربدات.

## بازرگانیی ئازاد‌و پاریزگاریکردن

بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو، باسی ئەم دوو بەشە کراوەو هەر کۆمەڵێک لایەنگریی بەشێک لەم دوو چەمکە دەکەن.

پارێزگاریکەرەکان (پرۆتێکشنستەکان)، دەڵێن، لەبەرئەوەی پیشەسازیی ساوامان هەیە، پێویستە ئاگامان لێیان بێت‌و گەشە بکەن، بەڵام مستەفا ئاچار دەڵێت: لە هەقیقەتدا، ئەمانە هەرگیز گەورە نابن، چونکە وەک منداڵێک وان کە تا نەیخەیتە ناو ئاوەوە، فێری مەلەکردن نابێت، بۆیە پێویشتە پێشبڕکێ هەبێت‌و پێویستمان بەدەسەڵاتیش نییە کە پارێزگاریی لە پیشەسازیی ساوا بکات.

مستەفا، بڕواشی وایە کە باڵانسکردن لە مووچەدا لە ڕێگەی پرۆتێکشنەوە دروست نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی ناردنەدەرەوەوە دروست دەبێت، هەروەها دەڵێت: دەرئەنجامێکی تری پرۆتێکشن، تۆڵەسەندنەوەیە کە تۆ بەشداریی لە وەبەرهێنانی وڵاتێک ناکەیت، ئەویش بەشداریت ناکات، کاتێک وڵاتێک کاڵا هەناردە ناکات، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی دیکە چاو ببڕنە بەرهەمەکان‌و سەرباز بنرێن بۆ بەدەستهێنانی.

## فەزیلەتی بازرگانیی ئازاد

بازرگانیی ئازاد، فەزیلەتی خۆی هەیە، چونکە د. مستەفا ئاچار بڕوای وایە، لەجیاتی جیهانی نەگۆڕ، جیهانێکی دینامیک دروستدەکات کە دەشتێت تێچوون‌و کات، کەمبکرێنەوەو ئازادیی بدات بە بەکارهێنەر کە چی بەکاربهێنن، هەروەها بەرهەمهێنەریش، چی بەرهەم بهێنێت.

هەروەها دەڵێت: بازرگانیی ئازاد، دەبێتە هۆی دروست بوونی پێشبڕکێی دابینکردنی خزمەتگوزاریی،خۆشگوزەرانیی بەکارهێنەر لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نرخ‌و کوالێتیی بەرزو بۆ وەربەرهێنەرانیش، دەستیان واڵا دەکات لە بەرهەمهێنانی زیاترو باشترو سنوورەکان واڵا دەکات بۆ بازرگانیی‌و ڕێگە لە بەرتیل وەرگرتن دەگرێت.

## ئازادیی‌و بەرهەمهێنان

پەیوەندییەک هەیە لە نێوان ئازادیی‌و سەرکەوتن لە بەرهەمهێناندا، ئەویش ئەوەیە کە گەشەی ئازادیی، پەیوەندیی بە سەرکەوتنەوە هەیە لەبەرهەمهێناندا.

ئازادیی ئابووریی، ئەوەیە کە مافی ئەنجامدانی هەموو چالاکییەکی ئابووریی دەدات بە تاک، بەپێی خواستی تاک بەڵێننامەکان دەبەسترێن، مافی بەکارهێنەر دەپارێزێت‌و ئاڵوگۆڕی گەرموگوڕ ڕوودەدات.

## پێویستییەکانی ئابووریی ئازاد

د. مستەفا ئاچار، لەو بڕوایەدایە کە هەڵبژاردنی کەسیی، پاڵپشی بەرهەمهێنان، بەشداریی دەرچوون لەکاردا بەپێی خواستی بەشداربووان، پاراستنی مومتەلەکاتەکانیان لە بەرامبەر هێرشی دەرەکیدا، ئەرکی حکومەتەو یەکێکە لە پێویستییەکانی ئابووریی ئازاد.

هەروەک پێویستە یاسای پارێزگاریکردن لە مافەکانی تاک، بوونی نرخی شتومەک لە ناو بازاڕ، ئازادیی ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل، لەلایەن حکومەتەوە دابینبکرێن.

د. مستەفا ئاچار، دەڵێت: پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ لەنێوان ئازادیی بازرگانیی‌و بوونی داهاتدا هەیە، هەروەک ڕێژەی وەبەرهێنان زیاد دەکات‌و ڕێژەی بێکارییش کەمدەکاتەوە، پێشبینیکردنی تەمەن لەپێشترەو مردن بە منداڵیی کەمتر دەکاتەوە، هەروەک ژینگەیەکی پاکی هەیە.



د. مستەفا ئاچار

**گرنگترین ئارگۆمێنتەکانی بیانووگرتن بۆ بازرگانیی پارێزگاریی:**

١. ئاسایشی نیشتمانیی.
٢. پیشەسازیی ساوا.
٣. کەمکردنەوەی بێکاریی.
٤. بازرگانیی ڕەوان، واتە یەکسانیی.
٥. باڵانسکردنی مووچە.
٦. بازاڕی نیشتمانیی بۆ دەزگا ناوخۆییەکان.
٧. کاری ماڵ‌و کەمیی کرێ.
٨. ژینگە.

**هەندێک ئارگۆمێنت دژی بازرگانیی پارێزگاریی:**

١. ئازاری بەکارهێنەران دەدات کە نرخی زیاترو کوالێتیی کەمترە.
٢. گرنگی دەدات بە بەرهەمهێنەران لەجیاتی بەرکارهێنەران.
٣. دەبێتە هۆی گەڕان بەدوای کرێدا.
٤. بەفیڕۆدانی سەرچاوەکانی ئابووریی.
٥. زیان لە بەرهەمهێنەران دەدات، چونکە پێشبڕکێ، کەمتر هەیەو هیچ پاڵپشتێک نییە بۆ داهێنانی تازە.

# ـــان بەرەو کــوێ ؟!!

بەردەم جێبەجێکردنی مادەکانی دەستوورو یاساکانی رێکخستنی پەیوەندیی نێوان هەرێمو ناوەند.

دەسەڵاتی کوردی مافە سەرەکییەکانی میللەتی کـــوردی کـــردووە بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی سەرکردایەتی هەردوو حـیـزب، بـە دەیـــان مەسەلەی لاوەکیی خولقاندووە بە بیانووی جۆراوجۆرەوە، کارێکی وای کردووە، کە بازارەکە ئەوەندە ئاڵۆزبێت کـەس سـەری لـێ دەرنـەکـات، وایلێهاتووە لە کوردستان کەس ئاگای لە مەلەفە هەستیارەکان نەماوە.

ئێستا لایەنە عێراقییەکانیش بە گومانو سەرسورمانەوە دەروانـنـە ئـەو جۆرە داخوازییانەی کورد، هەر بەو هۆیەشەوە حکومەتی ناوەند، کێشە مەرکەزییەکانی کـوردی پشتگوێخستووە، بۆ نموونە مەسەلەی نـەوت، پێشمەرگە، بودجە، شەڕی پلەو پایەکانی بەغدا، ئەمانە هەموو وایانکردووە، کە حکومەتی بەغدا ئەو کێشانە زیاد لە قـەوارەی خۆی گـەورە بکاتەوە، زیاد لە پانتایی خۆی حیساباتیان بۆ بکاتو سەرکردایەتی کوردی پێوە خەریک بکات، تا نەیپەرژێتە سەر کێشە چارەنووسسازەکان، ئەگینا مەسەلەی بودجەو پێشمەرگەو نەوت لەنێوان هەرێمو ناوەندا، لە دەستووردا جێگیرکراوە.

ئەمرۆ لە سەرتاسەری کوردستانو لە عێراقیشدا باس باسی بە تاڵانفرۆشتنی نەوتی کوردستانە، کاتێک کە پەردە لەسەر بە قاچاخفرۆشتنی نەوت لادرا، ئیتر بەرپرسە باڵاکانی دەسەڵات تووشی سەرسوڕمان بـوون، هیچکامیان ئاگای لە راگەیاندنی ئەویدی نەبوو، یەک بە پێچەوانەی ئەوی دی وەڵامی رۆژنامەنووسانی دەدایـەوە، راگەیاندنی سێبەریش لەو لاوە بە هەمان شێوە پشتگیریی لە وەڵامی ئەو بەرێزانە دەکرد.

هەندێک لە بەرپرسان دەیانوت: شتی وانییەو حاشایان لێدەکرد...، هەندێکیان دەیانگوت؛ بەس پاشەڕۆو خڵتەکەی ئاودیو دەکـرێـت... (باشە ئەگەر رێـژەی خڵتەو پاشەڕۆ لە نەوتدا ئەوەندە زۆربێت، تۆ بڵێیت وڵاتانی پیشەسازیی جیهان ئەوەندە بی ئەقڵ بن بەرمیلێک نەوت بە (٨٠) دۆلار بکڕنو بیگوێزنەوە بۆ ئەوروپاو لەوێ نیوەی فرێدەن، ئاخر چ ئەقڵو چ مەنتیقێک ئەم قسانە قبوول دەکات!... کەواتە ئەو وڵاتانە لە جیاتی نەوتەکە نیوەی قیرو قوڕ دەکڕن)، هەندێکیان دەیانوت: ئەوە نەوتی بەغدایەو تەنیا بەناو هەرێمدا دەڕواتو پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە...، هەندێکیان دەیانوت: بەڵێ نەوتە، بە رەسمیی لە رێگەی مقاولەکانەوە دەینێرنە دەرەوە بە رەزامەندیی حکومەتی بەغدا...، هەندێکیان دەیانوت: ئاخر ژینگە پیس دەکات، ئەی چی لێبکەین!، هەندێکیان دەیانوت: ئێمە ئاگامان لە پارەکەی نییە... هەندێکیان دەیانوت: کۆی پارەکە (٢٠٠) ملیۆن دۆلارە، کەس دەستی لێ نەداوە...، دوا وتەیان ئەوەبوو وتیان: ئەو کارە حکومەت نایکات، بەڵکو خەڵک هەڵدەستێت بە ئاودیوکردنی نەوتەکە، وەک ئەوەی کە خەڵکی وڵاتێکی تر ئاودیوی بکات!! ...هتد.

ئەگەر بێتو تەنیا یەک وەڵامیش لەو وەڵامانەی سەرەوە راستبێت، ئەوا هێشتا بە قاچاخفرۆشتنو هەراجکردنی نەوت مەسەلەیەکی سەلمێنراوە...، لەبەر ئەوە دەبێت دەسەڵاتی کوردی (هەردوو حیزب)، (داتای) تەواو و خشتەی تایبەت بە دەرهێنانو بەرهەمهێنانو فرۆشتنو هەناردەکردنی نەوت لەسەر ئاستی ستاندارد جیهانییەکان، بە شەفافی بخەنە بەردەست پەرلەمانو میدیای بێلایەن: لیستێک بە ژمارەی هەموو کێڵگەکانی نەوت لە کوردستان، بە مەرجێک هەموو زانیارییە پێویستەکان بۆ هەر کێڵگەیەک بە روونیو وردیی لەخۆ بگرێت:

یەکەم/ نیشانەکردنی کێڵگەکان بۆ دەرهێنانی نەوتو غاز.

١- دەبێت بە وردییو بە روونیی ئاماژە بکرێت بۆ شوێنی سەرجەم کێڵگە نەوتییەکان، ئەو بیرانە بە پێوەرە ئەندازیارییەکان نیشانە بکرێت، بۆ جێگیرکردنی هەلکەوتەی جوغرافی ئەو کێڵگانە لە نەخشەکاندا، ئەو بیرانە کەوتوونەتە چ پارێزگاو- ناوچەو- قەزاو- ناحیەو- گوندێکەوە.

٢- تاپۆو خاوەندارێتی ئەو زەوییانە، بە ناوی کێو چ لایەنێکەوە تۆمار کراون، وەک: وەزارەتەکانی دارایی، کشتوکاڵ، بەرگریی، جوتیارەکانو هاوڵاتییانی ناوچەکە...هتد.

٣- پانتایی ئەو کێڵگانە بە دۆنم چەندە؟

٤-سنووری دیاریکراوی کێڵگەکە، لە هەر چوار ئاراستە جوغرافییەکەوە بە وردیی- باکوور، باشوور، رۆژئاوا، رۆژهەڵات.

| ناوی پاڵاوتگە | خاوەندارێتی پاڵاوتگە | جێگا (شوێن) | جۆری بەرهەم | بەرهەمی رۆژانە | سەرچاوەی ئەو نەوتەخاوەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| س | أ | د | بنزين | لیتر | بەغدا |
| ص | ب | ه | نەوتی سپی | لیتر | کرکوک |
| ع | ج | و | گاز | لیتر | شێوە شوک |

نەخشەی ژمارە٢/ نمونەی بەرهەمهێنانی پاڵاوتگەکان

٥- ناو و رەگەزی کۆمپانیای دەرهێنەر بە هەموو وردەکارییەکانیەوە.

٦- بـەرواری ژمـارەی گرێبەست، ناو، ناونیشانی لایەنی بەرپرس لە مۆرکردنی ئەو گرێبەستە.

٧ -بـــــەرواری یـــەکـــەم رۆژی دەستبەکاربوونی کۆمپانیاکە لەو کێڵگەیەدا.

٨- دوا رۆژی کۆتاییهاتن بە کاری کێڵگەکە لە لایەن ئەو کۆمپانیایەوە.

| بەروار و رۆژ | ناوی کێڵگە | ناوی بەڵێندەر | رەگەزی بەڵێندەر | توانای بەرهەم | خاڵی سنووری | جۆری بەرهەم | نرخی فرۆشتن | جۆری دراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ............. | س | ص | ع | بەرمیل/لیتر | ک | گاز | دراو/لیتر | دۆلار |
| ..... | آ | ب | ج | بەرمیل/لیتر | د | بەنزین | دراو /لیتر | دینار |

نەخشەی ژمارە٣/ نمونەی هەناردەو فرۆشتن

٩- بەڵگەنامەو گەرەنتی مۆرکراو لەنێوان کۆمپانیاو لیژنەیەکی باڵاوە، کە لەم وەزارەتانە پێکهاتبێت: دارایی، نەوت، پیشەسازیی، بازرگانیی، کشتوکاڵو ئاودێریی، بۆ وەرگرتنی ئەو کێڵگەیە، مۆرکردنی پشتگیریی بۆ توانای ئامادەیی کێڵگەکە بۆ بەرهەمهێنان، بەپێی ستانداردە جیهانییەکان لە لایەن هەردوولاوە.

١٠- توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەکە بە بەرمیل بۆ هەر رۆژێک (چەند بەرمیل لە رۆژێکدا وەبەردەهێنێت).

١١- دوای وەرگرتنی کێڵگەکە لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە، دەبێت بیرەکە لۆک بکرێتو چاودێریی بکرێت، هەتا ئەو رۆژەی کە تەسلیم بە کۆمپانیای هەناردەکەر دەکرێت بەپێی ئەو گرێبەستەی کە بە ئاشکراو فەرمیی لە گەڵیدا مۆرکراوە.

دووەم/ پـرۆسـەی فـرۆشـتـنو چاودێریکردن.

١- پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ فرۆشتنی نـەوتو غـاز لـەسـەر ئاستێکی بـەرزو بێلایەن.

٢- دەبێت ئەو لیژنەیەی سەرەوە ناو، رەگـەزی ئەو کۆمپانیایانە ئاشکرابکات، کە داخوازییان بۆ کڕینی نەوتو غاز لە کوردستان پێشکەشکردووە.

٣- ئاشکراکردنی ناو، رەگەز، ناونیشانی ئەو کۆمپانیای کە تەندەرەکەی بۆ دەرچووەو گرێبەستەکەی لەگەڵدا مۆر دەکرێت.

٤- دیاریکردنو راگەیاندنی شێوەی هەناردەکردن، چ لە رێگەی بۆرییەکانی نەوتەوە بێت، رێگەی کەنداوەکانەوە، یاخود لە خاڵە سنوورییەکانەوە بە کامیۆن.

٥- نیشانەکردنو راگەیاندنی ناوی ئەو خاڵە سنوورییانەی کە نەوتەکەی لێوە هەنارده دەکرێت.

٦- دەبێت ئەو برە نەوتەی کە رۆژانە هـەنـاردە دەکـرێـت، بڕێکی دیاریکراوو نەگۆڕبێت، لای کەمی بۆ سێ مانگ بواری کەمکردنەوەو زیادکردنی نەبێت (تەنیا لە کاتی راوەستانی ئامێرەکاندا، بەهۆی هۆکاری تەکنیکییەوە، یاخود بڕیارێکی لیژنەکە).

ئاماژەکردن بۆ شێوازی وەرگرتنی پارەکە، جۆری دراو، ناوی بانکەکان، چۆنێتی گەڕانەوەی ئەو پارەیە بۆ وڵات، بەردەوام لەژێر چاودێریدا بێت.

٧-قەرەبووکردنەوەی خاوەن زەوییەکان بە شێوەیەکی شایستەو یاسایی.

٨- دانانی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی پێشکەوتوو بۆ کۆنترۆلکردنی بەرهەمهێنان، پاڵاوتن، فرۆشتنو هـەنـاردە، تەنسیق، کۆنترۆڵی مەرکەزی لەگەڵ وەزارەتدا.

# ـــەوتنی (٧٠٠٠)یەکەی نیشتەجێبوون لەمساڵدا



ئەم کابینە پرۆژەکان دەداتە دەست ئەو کابینە

لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە کەمتەرخەمیی هەیە، ئەوا دەبێت لێپێچینەوەی یاساییو کارگێڕیی بکرێت».

سەبارەت بە وتەکانی جێگرەکەشی کە لەمساڵدا دەزگای وەبەرهێنان ناتوانێت ئەو بڕە پارەیە خەرج بکات، حەمەسەعید وتی: «ئەوە پاساو هێنانەوەیە بۆ دەزگاکە، ئەگەر نا، بۆ ناتوانێت ئەو پارەیە خەرج بکات، چۆن ناتوانێت؟».

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی پەرلەمان، بە پێچەوانەی وتەی جێگرەکەشیەوە، ئاماژە بەوە دەکات: کەمکردنەوەی ئەو (١٠٠)ملیار دینارەی کە لە کاتی پەسەندکردنی بودجەدا، لە بودجەی دەزگای وەبەرهێنان کەمکراوەتەوە، هیچ کاریگەریی نەبووە لەسەر دواکەوتنی پـرۆژەکـان، بە پێچەوانەوە ئیجابیش بوو، چونکە ئەگەر ئەوان لە (٢٠٠)ملیار نەیانتوانیبێت هەمووی خەرج بکەن، لە (٣٠٠)ملیار دیناریش هەر نەیاندەتوانی خەرجی بکەن، وتیشی: «ئەو (١٠٠)ملیارە، ئێمە بردمان بۆ پشتگیریی سندووقی پێشینەی کشتوکاڵیو تواناسازییو پێشینەی خانووبەرە».

ئەمانە لەکاتێکدان کە سـەبـارەت بەدواکەوتنی دروستکردنی ئەو (٧٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوونە، هێرش موحەڕەم، سـەرۆکـی دەسـتـەی وەبـەرهـێـنـان، لە لێدوانێکی پێشتریداو لەمانگی ئەیلولی ئەمساڵدا بـە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: «پلانێکمان داناوە، تا لە رێی ململانێیەکی شەفافەوە دروستکردنی یەکەکان بدەینە وەبەرهێنەران، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری وەبەرهێنەر داوای دروستکردنی ئەو یەکانەی لێکردووین، بەڵام ئێمە بنەمای ململانێکەمان بەوەوە بەستووەتەوە کە چ وەبەرهێنەرێک دەتوانێت زۆرترین خزمەتگوزاریی پێشکەشی هاوڵاتییان بکات».

سـەرۆکـی دەسـتـەی وەبەرهێنان، ئـامـاژەی بـەوەش کـرد: هەوڵیانداوە کـە وانـە لـە هەڵەکانی رابـردوویـان وەربگرن، کە ئەگەر لە دروستکردنی یەکەکاندا روویدابێت، ئەویش لەڕێی سەرپەرشتیاری تایبەتو راوێژکاریی بە خەڵکی پسپۆڕەوە، وتیشی: «هاوڵاتییان دڵنیا دەکەینەوە کە دروستکردنی ئەو (٧٠٠٠)یەکەی نیشتەجێبوونە، ناکەوێتە کۆتایی ساڵەوە».

# وەڵامێکی راست بۆ بەڕێوەبەری نشینگەی سلێمانی

لـە ژمـــارە (٦٠٥)ی رۆژی (٢٠١٠/١٠/٢٦)ی رۆژنـامـەی رۆژنامەدا، بابەتێکم خوێندەوە لەسەر ئـەوەی کە (کارمەندانی نشینگەی سلێمانی، زیـــادەی مووچەیان نادرێتێ)، کە تیایدا چاوپێکەوتن لەگەڵ عەقید سالار کــراوەو تێیدا دەڵـێـت: «نەخێر، کارمەندانی بنکە سنوورییەکانی هەولێر مووچەیان وەرنەگرتووە». بۆ ئەم مەبەستە، بەپێویستم زانی کە ئەم راستییە بخەمەڕوو.

کارمەندانی هــەردوو بنکەی نشینگەی ئیبراهیم خەلیلو حاجی ئـۆمـەران کـە سـەر بەئیدارەی پێشووی هـەولـێـرن، تا ئێستا جگە لـە مووچەکانی خۆیان، مانگانە دەرماڵەی خواردنیشان بۆ سـەرفـکـراوە بە بـڕی(١٥٠) هــەزار دیـنـار، بـەڵام بنکەکانی سەر بەئیدارەی سلێمانی پێشوو، تــا ئێستا مانگانە، بــڕی(٧٥) هــەزار دیناریان وەرگـرتـووە، لەگەڵ زیادکردنو سەرفکردنی بـڕی(٢١٠) هــەزار دینار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ (٩)مانگی پێشوو، بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتیی پـاسـپـۆرتو نشینگەو هەموو فەرمانگەکانیو بنکە سنورییەکانی هــەولــێــر، ئــەو زیـادەیـەیـان بە تەواوەتی وەرگرت، بێئەوەی یەک دیناریشیان لێ کەمکرابێتەوە، تەنیا بنکە سنوورییەکانی سلێمانی، ئەو پارەیەیان لێ بڕدراوەو پێویست بــوو، بـەڕێـوەبـەری نشینگەی سلێمانی، بڕی پـارە زیادەکەی بەڕێوەبەرێتییەکەی وەرنەگرتایە تـا بنکەکانی خـۆی چـارەسـەر نەکردایە، بەڵام بەپێچەوانەوە، رۆژانی هەینیو شەممانو هەموو بۆنە رەسمییەکانی بەڕێوەبەرێتی، بە دەوام حسابکراوە کە تێکڕای مانگانە، دەوامەکەیان لە (١٨)رۆژ تێپەڕناکات تا سەعات (٢)، بەڵام بنکە سنوورییەکانی، مانگانە (١٥) رۆژ بە بەردەوامییو شەوو رۆژ، دەوام دەکەن.

لە کۆتاییدا، ئەوەندە دەڵێم کە پێویست بوو، بنکە سنوورییەکان لە هەموو روویـەکـەوە، لەپێش بـەڕێـوەبـەرێـتـیـی نشینگەی سلێمانییەوە بن، چونکە ئەگەر بنکەکان نەبن، بەڕێوەبەرێتی ئیشی چییە، نەک پشتگوێخستنیان وەک ئێستا.

**کارمەندێک**

ئەمساڵیش هەزاران خوێندکار وەرنەگیران 16

## راڤەی بودجە

# لەبارەی ژێرخانی خوێندنی باڵاوە


عەلی حەمەساڵح

لە رۆژانـــی ئـایـنـدەدا، بـەسـەدان خوێندکار بۆ نارەزایی دەربڕین لەمەڕ وەرنەگرتنیان لە هیچ زانکۆو پەیمانگایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دێنە سەر شەقام و شەقامەکان دەگرن، بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمیش، وەک ساڵانی رابردوو پێیان دەڵێن، حکومەتی هەرێم ئەوەی لەتوانایدا بێت، کردوویەتی، بەڵام دەسەڵاتمان نییەو بودجەی پێویست نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەو لەهەموو دونـیـادا وایـە کە مـەرج نییە هەموو خوێندکارێکی دەرچووی ئامادەیی، لە زانکۆ وەربگیرێت.

بە راستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو هەوڵێکی داوەو نەیتوانیوە ئەم گرفتە چارەسەر بکات؟

دوو هۆکار دەبنە هۆی ئـەوەی کە نەتوانێت سەرجەم دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆکانی کوردستان، وەربگیرێن، ئەوانیش (نەبوونی هۆڵی خوێندنی پێویستو کێشەی وانەبێژە)، بەڵام ئەوەی کە ئێمە ئاگادارین، لە زاری بەرپرسانی حکومەتیشەوە گوتراوە، کێشەی سەرەکیی، نەبوونی هۆڵی خوێندنی پێویستە.

کاتێک ئەم گرفتە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا زۆر بە زەقی دەرکەوتو کێشەی وەرنەگرتنی (١٠)هـەزار قوتابی کەوتە بەرباس، هەردوو وەزیری پەرەوەردەو خوێندنی باڵا هاتنە پەرلەمانو ئەو کات من وەک رۆژنامەنووسێک لەو دانیشتنەدا ئامادەبووم کە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی ئەم گرفتەیان بۆ نەبوونی هۆڵی خوێندن گەڕاندەوە، لەو کاتەدا پێمواببوو بۆ ساڵی(٢٠٠٩)، ئەوەندە هۆڵی خوێندن دروست دەکرێن، کە تا (١٠)ساڵی دیکە ئەم گرفتە چارەسەر بکات، ئەی حکومەت چی کرد؟

بەپێی بەڵگەنامەیەکی فەرمیی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی(٢٠٠٩)دا، تەنیا (٤٧)ملیار دیناری بۆ سەرجەم پرۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا خەرجکردووە، بەبینای راگرایەتیو هۆڵی خوێندنو بەشەناوخۆیی هەموو ئەو پرۆژانەی دیکەوە کە لە چوارچێوەی بودجەی وەبەرهێناندان بۆ ئەم وەزارەتە، ئەم پارەیە تەنیا (٠,٥٪)بودجەی گشتیی کوردستانە، ئەو پارەیەی کە بۆ هەموو پرۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا تەرخانکراوە، نزیکەی بودجەی یەک مانگی حیزبێکی دەسەڵاتدار بووە لە کوردستانداو سێ ئەوەندەی ئەو پارەیەی کە بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا تەرخانکراوە، دراوە بە رێکخراوەکان، ئەو رێکخراوانەی کە بەشی هەرە زۆریان پاشکۆو سێبەری حیزبن. بە راست، پارەدان بەو رێکخراوە حیزبییانە، پێویستە کە جگە لە بێ ئیشی، هیچ کارێکی دیکەیان نییە، یان دروستکردنی هۆڵی خوێندن بۆ قوتابییان؟

ئایا دەسەڵات، دەبێت چ نازێک بەسەر ئەو خوێندکارانەدا بکات کە بەماندووبوونو هەژاریی، ئامادەییان تەواوکرد، بەڵام بەو پارەیەی خۆیان کە لەنێو بودجەی گشتیی کوردستاندایە، هۆڵی خوێندنیان بۆ دروست ناکرێتو تەخشانو پەخشان بە پارەکەیانەوە دەکـرێـتو بەسەر رێکخراوی حیزبیدا دەبارێنرێت.

بەشێکی گرنگ لە پەرەپێدانی ژێرخانی خوێندنی باڵا، دروستکردنی بینای هاوچەرخە، ئەی حکومەت لە ئەمساڵدا چی کرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە؟

یەکێک لەو پرۆژانەی کە هەر لە سەرەتای ساڵەوە باسی دەکراو وەک ئەوەی خێر بە هاوڵاتییانی کوردستان کرابێت، بەچاویاندا دەدرایەوە، لە (٣/٥)بەردی بناغەی زانکۆی رانییە دانرا، لە (٣/١٦)بەردی بناغەی زانکۆی هەڵەبجە دانرا، لە (٤/١٤) بەردی بناغەی زانکۆی گەرمیان دانرا، لە بودجەی گشتیی بۆ هەریەک لەم زانکۆیانە، (١٢)ملیار دینار تەرخانکرا، بەڵام تا ئێستا ئەم زانکۆیانە، تەنیا (١٠٪)یان تەواو نەکراوەو دەتوانین بڵێین، هەر بەردی بناغەن، یەکێکی دیکە لەو زانکۆیانەی کە ئەمساڵ لە بودجەدا پارەی بۆ تەرخانکرا، زانکۆی زاخۆ بوو، بەڵام تا ئێستا بەردی بناغەشی نییە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە حکومەتی هەرێم، بەقەد ئەو پارەیەی کە بۆ دروستکردنی بینای هەر سێ زانکۆی گەرمیانو هەڵەبجەو رانیە، تەرخانی کردووەو تا ئێستا خەرجی نەکردووە، کە (٣٦)ملیار دینارە، پارەی بە دیاریی داوەتـە کۆمپانیایەک بۆ دروستکردنی بینای قوتابخانەی شوەیفات لە دهۆک، کە هی کەرتی تایبەتەو پرۆژەیەکی وەبەرهێنانەو هیچ یاسایەک بە یاسای دەستەی وەبەرهێنانی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەرێمی کوردستانەوە، رێگا بەمە نادات کە پارە بەو شێوە بە پـرۆژەی وەبەرهێنان بدرێت، دەبێت ئەوە چ بیرکردنەوەیەک بێت کە بەقەد پارەی دروستکردنی سێ زانکۆ کە زیاتر لە (٥)هەزار قوتابی تێیدا دەخوێنن، بدات بە قوتابخانەیەکی سەرەتایی کەرتی تایبەت کە کەمتر لە (٣٠٠)قوتابی دەوڵەمەند لێی سوودمەند دەبنو بۆ هەر ساڵێکی خوێندنیش، هەر قوتابییەک (٤)هەزار دۆلار دەداتە قوتابخانەکە.

بە ژمارە، ئەو پارەیەی تەرخانکرابوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، پاش خوێندنەوەی ئەم ژمارانەی سـەرەوە، تێدەگەین لەوەی کە حکومەت هیچ پلانێکی سەرکەوتووی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی بینای پێویست بۆ زانکۆکانی کوردستان.

# نەوتی کـوردستـ

ئەندازیار: ئەمین جاف



**یەکێک لە هۆ گرنگەکانی قەیرانی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان، مەسەلەی نەوتە، لە سەرەتای راپەرینەوە هەتا بەهاری (٢٠٠٣)، کە کۆتایی رژێمی بەعس بوو، هەموو کۆمەڵانی خەلکی کوردستان بە هەموو چینو توێژەکانەوە بە هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە لەدەرەوەو لە ناوەوەی وڵات، بە دواگەرانو دەرهێنانی نەوتیان بە کارێکی پیرۆز دەزانی، ئەوپەڕی پشتگیرییو رێزی خۆیان بۆ هەموو ئەو هەوڵانە دەردەبڕی.**

لە چاوپێکەوتنێکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا بۆ کەناڵی (KNN) دەڵـێـت: ( کۆمپانیا نەوتییەکان کە هـاتـوون، هەریەکەیان بلۆکێکی وەرگـرتـووە، بەپێی ستاندارێکو بەپێی پرۆژەی ئەوەی کە لە یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستاندا دەستنیشان کـراوە)، ئـەم تێکستە پێویست بە روونکردنەوەو تەعلیقو شیکردنەوە ناکات، کەواتە نەوتی هەموو کوردستان فرۆشراوە، وەک سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بۆ کرد (هەریەکەیان بلۆکێکی وەرگرتووە)، ئەمە تەئکیدە بۆ رابردوو.

پەلەکردن لە فرۆشتنی نەوتی کـوردوسـتـان راسـتـەوخـۆ دوای رووخـانـدنی رژێـم، دوو راستیی زۆر گرنگ دەورووژێنێت، یەکێک لەو راستییانە ئەوەیە: کە کەسانێک، لایەنێک، حیزبێک، زۆر بە پەرۆشی ئـەوەوە بـوون کە ئـەو بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراق بقۆزنەوە، سوود لەو بازارە جەنجاڵەی دوای رووخاندنی رژێم وەربگرن، هەوڵەکانی خۆیان چـڕکـردەوە بـۆ بـە یاساییکردنی مەسەلەی دەرهێنانو فرۆشتنی نەوت، کە شادەماری ئابووریی کوردستانە، لە پێناوی قۆرخکردنی ئەو سامانە بۆ هەردوو حیزب، چونکە دڵنیابوون لەوەی کە ئەمریکاو عێراقییەکانیش چاوپۆشیی، یـان پشتگیریی لەو کارە دەکەن بۆ کپکردنەوەی دەنگی داخوازییە چارەنووسسازەکانی میللەتی کورد.

بەرژەوەندیی زلپارتەکانی ئەوروپاو ئەمریکا هەمیشە لە بەردەوامبوونی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندایە، بە تایبەت کێشەکانی وڵاتانی دەوڵەمەندو خاوەن نەوت، ئەویش بە هۆی بوونی- پشکی- هەندێک لە ئەندامانی ئەو پارتانەو بەرپرسانی بـاڵای ئـەو وڵاتانە لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهاندا.

لەمێژەوە لێرەو لـەوێ، باسی تێوەگلانی هەندێک لە ئەندامانی رێکخراوەکانی یوئێن، بە کاری گەندەڵییەوە دەکرێت، تێوەگلانی کوڕی بەرنامەرێژیی تـەواوی بۆ کـراوە، لەژێر ناوی (نەوت بەرامبەر بە خاک)، ئەو پرۆژەیە هەرچەند بە فەرمیی ئاماژەو راگەیاندنی بۆ نەکرا، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەوتە باری جێبەجێکردنەوە، نموونەش بۆ ئەو راستییە، دواخستنی جێبەجێکردنی مادەکانی (٥٣، ٥٨، ١٤٠)، تایبەت بە کەرکوک بۆ ماوەی شەش ساڵ، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پرۆژەکە بە شێوەیەکی نافەرمییو ناڕاستەوخۆ کاری بۆ کرابوو.

| ژمارەی کێڵگە | ناوی پارێزگا | ناوی ناوچە | جێگا یا شێوێن | رەگەزی کۆمپانیا | نای کۆمپانیای | توانای بەرهەم | خاوەنداریتی زەویی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | بازیان | بانیجان | آ | س | بەرمیل | جوتیاران |
| ٢ | هەلێر | کۆیە | شیوشۆک | ب | ص | ...... | وەزارەت/کشتوکاڵ |
| ٣ | دهۆک | زاخۆ | زاخۆ | ج | ع | ...... | وەزارەت/مالییە |

نەخشەی ژمارە ١/ نموونەی شوێنو بەرهەمی کێڵگەکان

راستیی دووەمیش ئەوەیە، کە هیچ گومان لەوەدا نەماوە کە دەرهێنانو فروشتنی نەوت لە لایەن هەرێمەوە هۆی سەرەکیی پشتگوێخستنی مادەی (١٤٠) بووە، ئەو مادەیە کە ئێستا لە لایەن زۆر لە شۆڤێنییە عەرەبەکانەوە بە مادەیەکی مردوو لە قەڵەم دەدرێت.

لـە سـاڵـی (٢٠٠٨)دا بـاس لە مەسەلەیەکی زۆر هەستیارو گرنگ دەکرا، لێرەو لەوێ باس لە (گرووپی چارەسەری قەیرانە نێودەوڵەتییەکان/ پرۆژەی نەوت بەرامبەر بە خاک) دەکرا، هێشتا کەم کەس زانیاریی تەواوی دەربارەی ئەم گرووپە هەبوو، تەنانەت زۆرکـەس گرنگیی بەو مەسەلەش نەدەدا، هەر وەک کاری هەموو دەزگاو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یوئێن، بێ ئەهەمییەت تێی دەڕوانرا.

یەکێک لە بەرپرسانی پێشووی یوئێن، یەکێک بوو لەو باسانە، گومانکردن لە تێوەگلانو دەستێکەڵاوکردن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا لەلایەن هەندێک لە بەرپرسانی کوردستانەوە، زیاد لە نیشانەیەکی پرسیاری دروستکردووە، جا ئەو کەسانە لەسەر هەر ئاستێکی بەرپرسیارێتی حیزبیی، یا حکومیی بن، بۆیە پێدەچێت ئەو مەسەلەیە لەمەودوا، بە جۆرێک لە جۆرەکان بچێتە چوارچێوەی گەندەڵییەوە.

جاروبار باس لەوەش دەکـرا، کە پێشنیازی (گـرووپـی چارەسەری قەیرانە نێودەوڵەتییەکان)، لە سەرەتاوە کاری ژێر بە ژێری بۆ کرابێت، ئەوە بـوو لە دوایـیـدا رووداوەکـــان ئەو راستییەیان سەلماند، کە ئەو مەسەلەیە پرۆژەیەکی دوورو درێژە، دارشتنو

کـارکـردنـی بـێ حیکمەت بۆ دەرهێنانو بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان زیانی نەک هەر لە ئابووریی کوردستاندا، بەڵکو گورزێکی لەسەر هەردوو ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی، نیشتمانیش، بە کێشە مەرکەزییەکەی کورد گەیاند (بەهۆی نەفامیی!... یان خۆگێلکردنی بە مەبەست! بۆ دەرهێنانو فرۆشتنی ئەو سامانە گرنگە).

سـامـانـی نـەوت لـە وڵاتـانـی دەوڵەمەندا بووە بە خێرو بەرەکەت، مایەی خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییان، کەچی لە وڵاتی ئێمەدا بە پێچەوانەوە بووەتە هۆی قەیران، پاشاگەردانیی، گـەنـدەڵـیـی، بـە قاچاخفرۆشتن، گرژبوونی پەیوەندییەکانی هەرێمو حکومەتی ناوەند، وەک بینیمان چۆن حکومەتی ناوەند تەگەرە دەخاتە

# تەواونەبوونی پرۆژەکانی کابینەی پێنجەم، هۆکارە لە دواکـ

راپۆرتی: تارا رەحمان

دەزگـــای وەبـــەرهـــێـــنـــان، ناتوانێت لەمساڵدا (٧٠٠٠)یەکەی نیشتەجێبوون دروسـت بکاتو پەرلەمانتارێکی لیستی دەسەڵاتیش ئاماژە بەوە دەکات: بەهۆی ئەو یەکانەی کە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتدا دروستکراون، ناتوانرێت لەمساڵدا یەکەی نوێ جێبەجێ بکرێت.

هـــەرچـــەنـــدە لـــە بـــودجـــەی پـــەســـەندکراوی ساڵی (٢٠١٠)دا، بڕی (٢٠٠)ملیار دینار بۆ دروستکردنی (٧٠٠٠)یەکەی نیشتەجێبوون تەرخانکرابوو، بـەڵام تـا ئێستا ئـەو پـرۆژەیـە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو بڕیارە لە بودجەی ساڵی ئایندەدا، ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت، ئەمەش کێشەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتییانی کوردستان دروست دەکات.

شـلـێـر مـحـەمـەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لـە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد: کێشەکە لـەوەوە دروسـت بوو کـە سندووقی نیشتەجێبوون، بڕەپارەیەکی هەیە کە لە کابینەی پێنجەمەوە دەستی بە خەرجکردنی کـردووەو تا ئێستا لەلایەن ئەو کەسانەش کـە یەکەکانیان بۆ دروستکراوە، پارەکە نەگەڕاوەتەوە بـۆ سـنـدووقـەکـە، هـەروەک بۆ رۆژنامە وتی: «ئەمە جگە لەوەی کە ئەو پێشینەیەی کە دەدرێت بە لادێکانیش، کاریگەریی زۆر هەبووە لەسەر جێبەجێ نەکردنی ئەو پرۆژەیە لەمساڵدا، چونکە ئەگەر لەمساڵدا تا ئێستا نەیانتوانیبێت جێبەجێی بکەن، کەواتە ئەم دوو مانگەش ناتوانن هیچ بکەن».

لە کاتی پەسەندکردنی بودجەدا، بڕی (٣٠٠)ملیار دینار بۆ دەزگای وەبـەرهـێـنـان تەرخانکرابوو بەمەبەستی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، بـەڵام لە کاتی گفتوگۆکاندا، بـڕی ئـەو پارەیە کەمکرایەوە بۆ (٢٠٠)ملیار دینار، ئەمە لەکاتێکدا دەزگای وەبەرهێنان خەرجیی خۆی لەسەر (٣٠٠)ملیار دینارەکە بنیات نابوو.

شلێر محەمەد، لەو بارەیەوە وتی: «کە پارەکە کەمکرایەوە بۆ (٢٠٠)ملیار، ئەوە زیانی بە کارەکە گەیاند کە پێشینەی گوندنشینیش هـاتـە کـایـەوە، ئیتر دەزگـای وەبەرهێنان نەیتوانی پارەکە وەک ئەوەی خۆی بەرنامەی بۆ داناوە خـەرج بکات، ئەمە جگە لەوەی کە دەبوو پارەی ئەو یەکانەی کە لە کابینەی پێنجەمدا دروستی کـردوون، وەربگرێتەوەو ئەمانە هەمووی هۆکاربوون».

بـەڵام سـەرۆکـی لـیـژنـەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە پەرلەمان، ئەوانە بە پاساو دەزانێت.

حەمەسەعید حەمەعەلی، بـە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: لە کۆبوونەوەماندا لەگەڵ بەرپرسانی دەزگای وەبەرهێنان، کە هاتینە سەر



بڕگەی ئەو (٢٠٠)ملیارە، ئایا چۆن خەرجکراوە، ئەوان وەڵامەکەیان وابوو کە بڕێک لەو پارەیەیان داوە بە عەجزی ساڵانی رابـردوو کە کراوە بە یەکەی نیشتەجێبوون، بڕێکیشیان خستووەتە بەرنامەوەو ئێستا خەریکی ئیجرائاتی یاساییو کارگێڕین، بڕێکیش پارە ماوەتەوە کە پێدەچێت، فریابکەون مۆڵەت بدەنە وەبەرهێنەرانو پێشدەچێت کە فریا نەکەونو بڕەکە بمێنێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو، ئەگەر دوای

# نهێنییەکانی ناو زیندانتان بۆ دەگێڕمەوە

## ڕاستیی ناو چواردیواری بەندیخانەکان، لە زمانی بەندکراوێکی مەعەسکەر سەلامەوە

**زیندانییەکی بێناو**

**«هەر سزادراوێک کە دێتە ناو ئەم شوێنە، هەڵسوکەوتی وەهای لەگەڵ دەکرێت کە لەلایەنی دەروونییەوە سەدان جاری تر تێکدەشکێت».**

دەمەوێت، بەو دێرە بەشێک لە چیرۆکەکانی ناو زیندانتان بۆ بگێڕمەوە، کە ئێوە لەدەرەوەی دیوارە بەرزەکانەوە زیندانەکان دەبینن‌و نازانن لەناوەوە چی دەگوزەرێت.

من زیندانییەکم لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی (معسکر سلام)و ماوەیەک بەندکراوم‌و لەرێی ئەم نامەیەمەوە کە لە (٢٠١٠/١٠/١٠) نووسیومەو لە ڕۆژنامە بڵاوی دەکەمەوە، دەمەوێت هەندێک ڕاستیی ئەو دیوی دیوارە بەرزو تەلبەندو ژوورە ئینفرادییەکانتان بۆ بگێڕمەوە.

زۆر لەمێژە دەمەوێت، بێدەنگیی هەڵبژێرم‌و درێژە بە تەواوکردنی حوکمەکەم بدەم، بەڵام ڕۆژانە شەڕی ویژدان‌و ڕاستییەکان بەرۆکم دەگرن، خۆم بەتاوانبار دەزانم کە ڕاستییەکان نەدرکێنم، بۆیە دەنووسم، وتەی ژێرپەردە شکستییەکی گەورەیەو دەمێکە بەدەستییەوە دەناڵێنم، دەبا پەردە هەڵماڵم‌و دەسرازەی وتەکانم بکەمەوە.

چاکسازیی، یان چاکسازیی کۆمەڵایەتیی گەوران/ سلێمانی کە پێکهاتووە لە ژینگەیەکی دروستکراو، کە نزیکەی حەوتسەد سزادراوی تێدایەو پێکهاتووە لەچەند بەشێک (حوکمی لە سێدارەدان، حوکمی قورسی یەک‌و دوو، حوکمی سووک، بەشی پێشوازیی-استقبال-، بەشیماڵئاوایی- وداع -و بەشی تەنیایی- محجرەکان-) کە ئەگەر بچینە ناو ناوەڕۆکی ژیانی سزادراوان‌و کاربەدەستان، بەتایبەت بەڕێوەبەر، کۆمەڵێک شتی سەیرو سەمەرەی وەها دەبینیت، کە هیچ جۆرە یاساو ڕێسایەکی تێدا بەدی ناکەیت، کە بەڕێوەبەر لەو شوێنانەدا، ئاوێنەی حیزبەکەیەتی.

نازانم لەکوێوە دەستپێبکەم، با لەو ناوە گەورەیەی کە ناوی چاکسازیی کۆمەڵایەتییە، قسە بکەم.

چاکسازیی کۆمەڵایەتی، بەوشێوەیە دەبێت کە شیرازەی خێزان تێکبچێت؟ ئەی ئەوانەی لەسەر زانستی دەروونیی قسە دەکەن، بەس بە ئێوە دەڵێم، مرۆڤێک کە هیچ مافێکی تێکەڵبوونی نەبێت لەگەڵ خێزانەکەی، نەک ئەو مافەی نەبێت، بەڵکو ڕێگرییش هەبێت، دەبێت چۆن شیرازەی ئەو خێزانە تێکنەچێت.

نازانم مرۆڤێک کە (٥-١٠-٢٠) ساڵ حوکمدرابێت، یان حوکمی ئیعدام‌و ئەبەدیی درابێت، تەنانەت جگە لەشوێنی شیاو بۆ خێزانەکانیان، کێشەیان بۆ دروستدەکەن لەکاتی سەردانی کەسوکارو خێزانیان، ئەمە لایەنێک، با ئەو بەرپرسانە بزانن کە دەتوانن



لاپەڕەی یەکەمی نامەکە

تەنیا مانگێک بەبێ خێزانەکانیان بژین‌و ئەرکی خێزانیی جێبەجێ نەکەن؟

لە ژوورەکانی تەنیایی (محجر) دا کە کرایتە ژوورەوە، ژوورێکی (٢x٢م) دەرگایەکی ئاسن‌و تەنیا پەنجەرەیەکی تیایەو بەهیچ شێوەیەک ئەو پەنجەرەیەش ناکەنەوەو تەنانەت لە زستان‌و هاوین ڕاخەرێکی تیا نییە، بەپێی میزاجی ئەو پاسەوانانەی کە لەوێن، هەڵسوکەوت دەکرێت بە لێدان‌و ئەشکەنجەو کەلەپچەکردن (نازانم تاکەی ئێمە لاسایی دوژمنانمان دەکەینەوە).

هەر مرۆڤێک کە حوکم دەدرێت، پێویستە بۆ ماوەیەک جێگاو ڕێگای خۆی هەبێت‌و قەرەوێڵەی خۆی هەبێت، بەڵام لەم شوێنەدا نزیکەی (٦٠)سزادراو لە هۆڵەکاندان، کە لەهۆڵەکان (١٧)قەرەوێڵەی تێدایە بۆ (٢)کەس (سەرەوەو خوارەوە)، واتە هەر هۆڵەی بۆ (٣٤) سزادراو، کەچی دەبینیت زیاترلە (٢٠-٣٠) سزادراو لەسەر زەوی دەخەون‌و نازانم ئەو خەڵکە بەچی دەزانن؟

چۆن مرۆڤ ڕۆژەکانی حوکمی خۆی لەسەر زەوی بەسەر دەبات (لەکاتێکدا کوڕی بەرپرسێک نابینی لە زیندان، هەمووی کوڕی هەژارانن)و نازانم ئەم کاربەدەستانە، تاکەی خۆیان گێل دەکەن؟، بیریانچووەتەوە کە شۆڕشەکەیان بەهێزی ڕەش‌وڕووت‌و هەژارانی وڵات گەیشتە ئەم ڕۆژە.

هەر سەبارەت بە هۆڵەکان (٣)WC و (١)حەمام بۆ (٦٠)کەس، کە ئەمەش لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا پێچەوانەیە، ئێستا سزادراو هەیە لە حوکمی سووک تووشی نەخۆشیی جۆرێک لە ئایدز بووە، کە پێشتر لەڕۆژنامەکاندا باسکرابوو، بەڵام ئیدارەی مەعەسکەر سەلام، نە بایان دیوە، نە باران، خۆ کوڕو کەسوکاری خۆیان لە زیندان نین تا تووشی ئەو نەخۆشییە ببن.

بەداخەوە، دەنووسم ئەم ئیدارە تازەیە کە حوکمی مەعەسکەر سەلام دەکات، بەبۆچوونی خۆی، هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ بۆ بنبڕکردنی دیاردەی حەب، بەڵام تەنیا شتێک کە توانیبێتی سەبارەت بەم دیاردەیەش کردبێتی، هەر ئەوە بووە کە حەب هەر ماوەو تەنیا گران بووەو کەسوکاری زیندانییان زیاتر لە جاران ئازارو ئەشکەنجە دەبینن لەکاتی سەردانەکانیان بۆلای زیندانییەکانیان‌و کار گەیشتووەتە ئەوەی کە زۆربەی کەسوکاری زیندانییان، خەریکن واز لە سەردان دەهێنن، کە ئەمەش دژی یاساکانی پاراستنی مافی مرۆڤە.

ئێمەی سزادراوان، ڕاستە هەمووماں بە تاوانێک دەستگیرکراوین، بەڵام خۆ خەڵکی ئەندەنوسیاو ئەفریقاو ئەفغانستان نین، هەریەکێکمان تاکێکین لە تاکەکانی کۆمەڵگا، زۆربەی زۆری سەرکردەکانی خۆمان، ڕۆژێک لە ڕۆژان زیندانیی نەبوون، بۆچی ڕێگا دەدەن هەڵسوکەوتەکانی ڕژێمی پێشوو دووبارە بکرێنەوە، کە تاکە دڵۆپێک مافی مرۆڤی تیا نەبوو، بۆچی فشار ناخەنە سەر حکومەتی هەرێم، بۆ دەرکردنی لێبووردنێکی گشتیی (با نسبەشی تێدابێت) گرنگ نییە، گرنگ ئاوڕدانەوەیەکی گشتگیربێت بۆ زیندانییان کە خەندەو پێکەنین‌و خۆشیی بگەڕێنێتەوە ناو باوەشی کەسوکاریان.

ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشاوم، ئەوەیە، کە بەڕێوەبەری ئەم فەرمانگەیە، هیچ جۆرە حساباتێک بۆ زیندانییان ناکات، تەنیا چەند کەسانێک کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، کە بێویژدانانە چی بە بەڕێوەبەر بڵێن، هەر قسەی ئەوانە، ڕۆژانە خەڵک بەقسەی ئەوان (محجر) دەکرێت‌و جگە لەوەش کە چەندین ڕۆژ لە (محجر) دەبێت (کە مافی مرۆڤ تیایدا= سفر)، لە مافی بەڕێکردنی ژیان لە هۆڵەکان بێبەش دەکرێت‌و حساب بۆ ئەوە ناکرێت کە چەندین ساڵە زیندانییە، قەرەوێڵەی لێ دەسێننەوە.

چەند مانگێک پێش ئێستاش لە (معسکر سلام) ڕوویداوە، کە ئەویش لە شەوێکدا بە مەبەستی پشکنین لە هۆڵەکانی قورس بۆ گرتنی مۆبایل، کێشە دروست دەبێت‌و هێرش دەکرێتە سەر زیندانییەکان‌و بەڕەشەکوژیی زیاتر لە (٤)زیندانیی بریندار دەکرێن بە فیشەکی پاسەوانەکان، (گوایە دەڵێن، هێزەکانی دژەتیرۆر بوون)، بۆ ئەم کارەساتە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان هاتە زیندانەکەو لێکۆڵینەوە کراوە.

کاربەدەستان، ئەوەندە لە کۆمەڵ‌و خەڵک دابڕاون، گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بە زەبری تفەنگ وەڵامی خەڵک بدەنەوە، جا نازانم ئەم مەوزوعی تەقەکردنەش وەکو زۆربەی شتەکانی تر دیزە بەدەرخۆنە کراوە، یان بەجدیی هەوڵی گەیشتن بەڕاستییەکان دراوەو تاوانباران موحاسەبە کراون، یان بە بەرژەوەندیی ئەوان شکاوەتەوە.

لەناو (معسکر سلام)، بەحساب توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە کە تا ئێستا نەیانتوانیوە هەڵسوکەوتی تەنانەت زیندانییەک بگۆڕن، ڕۆژێک لە ڕۆژان سیمینارێک، یان کۆڕو کۆبوونەوەیەکیان بەزیندانیی نەکردووە لەسەر چاکسازیی کۆمەڵایەتی‌و نەخۆشییە دەروونییەکانی زیندان‌و مادەی هۆشبەر (حەب)، تەنیا کاریان (٢٠)ڕۆژ (محجر) لەسەر حەب، یەکێکی تر (١٥)ڕۆژ لەسەر مۆبایل، یەکێکی تر (٧) ڕۆژ لەسەر شەڕکردن، دوای گەڕانەوەت، تەنانەت قێز لەمرۆڤ‌و مرۆڤایەتی دەکەیتەوە، ئافەرین چاکسازیی کۆمەڵایەتی/ گەوران.



دوالاپەڕەی نامەکە

لەناو گرتووخانەکەدا، قوتابخانەیەک هەبوو بەناوی (بنکەی ئاسۆی گۆران) کە لە سەردەمی ئەم ئیدارە تازەیەدا ناوەکەی گۆڕا بۆ (بنکەی ئاسۆی گەوران)، بەپێی قسەی خوێندکارەکان، ڕۆژانە ئەوەندە دەیانپشکنن کە زۆرێکیان وازیان لە خوێندن هێناوە، جا پرۆسەی خوێندن چەندین مانگەو بە بڕوای من، ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات، ئەو بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەوارییە نامێنێت، جا نازانم ئەگەر ئیدارەی خوێندن ویژدانی مامۆستایی خۆیان لەدەست بدەن، درێژە بدەن بە خوێندن لە (٧٠٠)سزادراودا تەنیا (٢٠-٣٠)خوێندکاریان هەبێت، کە زۆریان لەبەر بێزاریی ناو بەشەکان‌و بۆ چەند کاتژمێرێک بچنە دەرەوەی بەشەکان، چوونەتە ئەو خوێندنگایە.

لایەنێکی تر کە مەسەلەی هەڵبژاردن بوو بۆ حیزبەکان کە بەپێی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، تەنیا ئەو سزادراوانە بۆیان هەبوو دەنگ بدەن کە حوکمیان لە (٥) ساڵ کەمتربووە، واتە بۆ حوکمی سزای سووک، نەک بۆ حوکمی قورس، خۆ ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا فێڵ‌و ساختەکاریی نەبووایە، ئەوا ئێستا کۆمەڵانێک لە پەرلەمان دەبوون کە زیاتر لەئێستا چاوی کۆمەڵانی خەڵکیان دەکردەوە، بۆئەوەی دژی ئەوانە بوەستنەوە کە یاریی بەموقەدەساتی ئەم گەلە دەکەن، زیندانییان (٨٠٪) زیاتریان دەنگیان بەو لایەنە داوە کە دەزانن ئاسۆی هیوای خۆیانە.

دیسانەوە دێمەوە سەر مافی مرۆڤ کە لە بەندەکانیدا (ئازادیی بیروڕای تاکەکانی کۆمەڵ فەراهەم دەکات)، کەچی لای ئەم کاربەدەستانە، ئەم تاوانە چۆن دەبێت، مادام کار بۆ سەرخستنی ئەم بزووتنەوە بێکۆتاییە دەکرێت، بە ژێربەژێرو بەنهێنیی‌و بەچەندین تۆمەتی ناوزڕاندن تاوانبار دەکرێت، لەم (معسکر سلام)ەدا دەگەڕێن بەدوای بچووکترین هەڵەدا بۆئەوەی توندترین تۆڵەت لێ بکەنەوە.

باشە، ئەی کاربەدەستەکان، لە زیندان‌و لە هەرچی شوێنێک هەن، تا دوێنێ بوو ئێمەتان فێری مەتریالیزمی دیالەکتیکو مەتریالیزمی مێژوویی دەکرد، کە خۆی گۆڕانی کۆمەڵە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بۆچی ئێستا سیاسەتی دوولایەنە دەگرنەبەرو دژی بیروبۆچوونەکانی خۆتانن، تا دوێنێ لە سەنگەرەکان بەرزترین شێوەی خەباتتان دەگرتەبەر، بۆچی ئێستا گوێ بە ویست‌و ئیرادەی گەلەکەتان نادەن، بۆیە دەنووسم، هەموو جیهان لە گۆڕاندایەو ڕەوڕەوەی گۆڕان لەدەست ئێمە نییە، گەلان خۆیان داوای دەکەن.

بۆ دەرخستنی چەندین ڕاستیی شاراوە، بەشێکیانم خستەسەر پەڕاوی ڕۆژنامەکان بۆ گشت لایەک‌و بەپێی بارو زروفی زیندان وەک زیندانییەکی بێناو ئەم ڕاستییانە دەنووسم.

# نامەی زیندانییانی (زیندانی محەتەی) هەولێر

## کاکی حکومەت‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەکوێن؟

**حکومدراوان لە هەولێر**

ئێمەی حوکمدراوانی هەولێر کە پێیدەوترێت چاکسازیی گەورانی هەولێر، نزیکەی (٥٠٠)حوکمدراوین کە کەس ئاگادارمان نییە، کوا مافی مرۆڤ‌و چاکسازیی، لەکوێن؟ لەژێر ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر دەژین‌و کەس ئاگادارمان نییە.

لە بەرواری (٢٠٠٥/٦/٧) بۆ یەکەمجار لە ئینفیرادیی لە محەتەی هەولێر، نەفەرێک خۆی ئیعدام کرد بەناوی مامۆستا( نەبەز)، چونکە ئازاری زۆریان دا، بۆیە ئەویش لە خەفەتا لە ئینفیرادیی خۆی ئیعدام کرد.

لە بەرواری (٢٠٠٨/١/١٥)، ڕۆژی دووشەممە، بەندکراوێک بەناوی (عەبدولڕەحمان ئەحمەد مەجید) ئەویش هەر لە محەتەی هەولێر، لەخەفەتا تووشی نەخۆشییەکی کتوپڕ هات‌و مرد.

لە بەرواری(٢٠٠٩/١٢/٤) شەوی هەینی بوو، بەندکراوێک بەناوی (عومەر جەمیل) لە حەمام بە بەنەخوێنەکەی، خۆی ئیعدام کرد لە خەفەتی چاودێرەکانی دەرەوە، کە چاودێرییان دەکرد، کە ئەو چاودێرانە خۆشیان بەندکراووبوون.

لە بەرواری (٢-٣/١١/٢٠١٠) بوو دیسان (مەروان سلێمان) کە لەدایکبووی (١٩٨٧)و دانیشتووی خەباتە، لە محەتەی هەولێر لە قاوشی (١١)بوو لە چاکسازیی گەورانی هەولێر، حوکمدراوە بۆ ماوەی (٧)ساڵ‌و (مەروان)تەنیا یەک ساڵ‌و نیو دانیشتووە لە سجن‌و لەم بەروارەشدا لەناو قاوشی (١١) لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی لەسەر سوعبەت بەشەڕدێن‌و (مەروان) یەک مست لە (ڕۆژگار سادق) دەدات، چاودێریش (مەروان) دەباتە ئینفیرادیی‌و زۆر زۆر ئازاری دەدەن‌و (ڕۆژگار)یش عەفوو دەکرێت‌و هیچی پێ ناڵێن، بۆیە (مەروان) لەو بەروارە لە ئینفیرادیی خۆی بەمەغدور دەزانی، ئەوەبوو بە کراس خۆی ئیعدام دەکات‌و خۆی لەناو دەبات‌و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هەموو خەفەت‌و مەراقیانە کە لە محەتەی هەولێر فەرق‌و جیاوازی دەکەن.

هەمووجار لەسەر تەلەفیزیۆن سەرۆکی هەرێم دەڵێت، نابێت ئەشکەنجە هەبێت. داواکاری بەندکراوانی چاکسازیی هەولێرە کە با بەس بێت، خەڵکی کوردستان بە هانامانەوە وەرن، تا کەی ئەم ئەشکەنجەیە بمێنێت.



وێنەیەکی نامەکەی زیندانییانی محەتە

هـەموو شـتێک لەبارەی پێنجوێنەوە 18

## خوێندنی باڵا زیاد لە قەبارەی زانکۆو پەیمانگاکان خوێندکار وەردەگرێت

# ئەمساڵیش هەزاران خوێندکار وەرنەگیران

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**نزیکەی (٩) هەزار خوێندکاری دەرچووی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی لە هیچ زانکۆو پەیمانگەیەکی هەرێم وەرناگیرێن‌و شارەزایانی بوارەکەش داوای دۆزینەوەی بەدیلی تر دەکەن بۆ چارەسەری کێشەکە.**

لە کۆی زیاتر لە (٤٦) هەزار خوێندکاری دەرچووی سێ ساڵی ڕابردووی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی، دوای هەوڵو فشارێکی زۆر، ڕۆژی (١١/٤) د.دلاوەر عەلادین، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم ئەنجامی وەرگرتنی خوێندکارانی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگە حکومیی‌و ئەهلییەکان ئاشکرا کرد.

لەو چوارچێوەیەشدا (٣٧) هەزارو (٤٧٩) خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگەی حکومیی‌و ئەهلییەکاندا وەردەگیرێن، لەو ژمارەیەش (٣٣٢٩٣) خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگەی حکومیی‌و (٤) هەزارو (١٨٦) خوێندکار لە زانکۆ ئەهلییەکان وەردەگیرێن، بەوپێیەش زیاتر لە (٨٥٠٠) دەرچوو بە تایبەتی دەرچووانی (پیشەیی، دەرەکیی) لە هیچ زانکۆو پەیمانگەیەک وەرناگیرێن‌و لە خوێندن بێبەش دەبن.

لە هەرێمی کوردستاندا (٦) زانکۆی حکومیی‌و (٢) دەستەی خوێندنی تەکنیکی حکومیی هەیەو هەروەک (١٠) زانکۆی ئەهلیی هەیە، بەپێی لێدوانی بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ خوێندنی ئەمساڵ، توانای وەرگرتنی دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمدا، کەمترە لە (٢٢) هەزار خوێندکار، بەڵام بە هەوڵو فشاری حکومەت‌و وەزارەتی خوێندنی باڵا، زانکۆ ئەهلییەکان ڕێژەی (٨٠٪)ی کورسییەکانیان بۆ دەرچووانی ئامادەیی ئەمساڵ تەرخانکردووەو بەشی زانستی لە زانکۆو دەستە حکومییەکانیش (٢٠٪)و بەشی وێژەیی (٤٠٪) ڕێژەی وەرگرتنیان لەدەرەوەی پلانی خۆیان زیاد کردووە.

تەنیا زانکۆی سەڵاحەدین (٥) هەزار خوێندکاری وەرگرتووە، هەروەک کەمترین نمرەی وەرگرتن لە زانکۆکان (٧٠٪)یەو کەمترین نمرە بۆ پەیمانگەکان (٦٠٪)ە، بەوپێیەش کەمترین نمرەی وەرگیراو لە بەشی زانستی بریتییە (٥٦,٤٢٪)، لە بەشی وێژەیی (٦٤,٥٧٪)، هەروەها کەمترین نمرەی وەرگیراو لەو بەشانەی کە چاوپێکەوتنی تێدایە گەیشتووەتە (٦٠٪).

هەروەک بەهۆی هەڵەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو خوێندکارانەوە ناوی (٤) هەزار خوێندکار لە هیچ زانکۆو پەیمانگەیەک نەهاتووەتەوە، کە زۆربەیان لە زانکۆی کۆیەن، ئەوەش کاردانەوەی توندی خوێندکارانی لێکەوتەوە.



خۆپیشاندانی خوێندکاران لە دژی وەرنەگرتنیان لە زانکۆو پەیمانگاکان

فۆتۆ: هێژا محەمەد

ڕۆژی یەکشەممە (١١/٧)، ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندکارانەی کە ناویان نەهاتووەتەوە، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێم سازکردو داوای بە زوویی چارەسەرکردنی کێشەکانیان کرد.

فوئاد عەلی، وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: نزیکەی (٤) هەزار خوێندکار ناویان نەهاتووەتەوە، لەبەرئەوەی لە فۆرمەکانیاندا هەڵە هەیە، یان خۆیان خراپ فۆرمەکانیان پڕکردووەتەوە، لە ئێستادا وەزارەت سەرقاڵە بە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

سەبارەت بەو دەرچووانەی کە لە زانکۆو پەیمانگەکان وەرناگیرێن، فوئاد عەلی، بە پێویستیزانی چارەسەری دیکە بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە.

**»لەگەڵ ئەوەی مافی خوێندن بۆ هەموو کەسێک ڕەوایە، بەڵام بە بۆچوونی من، پێویستە لە داهاتوودا حکومەت ئەو بڕیارە بدات، کە زانکۆ بۆ نوخبەیەک بێت«**

سەبارەت بە خوێندکارانی پیشەیی‌و دەرەکیی محەمەد سابیر، بەڕێوەبەری خوێندن‌و پلاندانان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم ئاشکرای کرد؛ «ئەو قوتابییانەی تەمەنیان لە سەرووی (٣٠) ساڵەوەیەو لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دەرەکییەوە دەرچوون‌و دەرچووانی پیشەییەکانیش تاکو ئێستا لە زانکۆو پەیمانگەکان وەرنەگیراون، لە قۆناغی دووەمدا بەپێی تواناو پێویستی وەردەگیرێن».

لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی (١٢)ی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگەکان وەرگرت، بەڵام بە بڕوای چاودێران‌و تەنانەت بەرپرسانی هەمان وەزارەت، ئەو هەنگاوە چەند کێشەیەکی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت‌و لە ئایندەدا بارگرانیی زۆر بۆ حکومەت دروستدەکات.

د.جەبار قادر، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری خوێندنی باڵا، پێیوایە؛ کێشەی وەرگرتنی خوێندکارانی بە تەواوەتی چارەسەر نەکراوەو چارەسەرکردنیشی ستراتیژییەکی دوورخایەنی دەوێت، وەرگرتنی ژمارەیەک زۆری خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگەکان، جۆرێکە لە دواخستنی کێشەکان بۆ ماوەی چەند ساڵێکو لە داهاتوودا ئەنجامی نابێت.

وتیشی: «لە توانای هیچ سیستمێکی خوێندندا نییە کورسییەکانی زانکۆو پەیمانگە بە هەموو دەرچوویەکی ئامادەیی تەرخان بکات، ئەم ژمارە زۆرەی کە ئێستا وەردەگیرێن، دوای چوار ساڵی تر پێویستیان بە دامەزراندن‌و کار هەیە، ئەوەش کێشەکە سەرهەڵدەداتەوە، لەبەر ئەوەی زانکۆو پەیمانگەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ خوێندکاران ئامادە ناکەن تا لە بازاڕی کارو کەرتی تایبەتدا جێگەیان ببێتەوە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن لە فەرمانگەکانی حکومەتدا دابمەزرێن، لە کاتێکدا فەرمانگەکانی حکومەت ڕووبەڕووی هەڵاوسانێکی زۆر بوونەتەوە».

هەروەک سلێمان جەعفەر، مامۆستا لە زانکۆی سەڵاحەدین‌و شارەزا لە خوێندنی باڵا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێم پێویستیان بەو ژمارە زۆرە لە خوێندکار نییەو توانای ئەوەیان نییە، بە تایبەتی کەمیی بیناو هۆڵو تاقیگەو مامۆستا، کێشەی وەرگرتنی خوێندکارانیش بەوە چارەسەر ناکرێت، کە لە زانکۆو پەیمانگەکەی وەربگیرێن، بەڵکو چەندین کێشەی تر دروستدەکات‌و ئەوەش حکومەت لێی بەرپرسە، بۆیە پێویستە حکومەت پلانێکی دوورو درێژ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دابنێت.

د.سەباح بەرزنجی، بڕیاردەری لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستانیش، فشارخستنە زانکۆو پەیمانگەکان بۆ وەرگرتنی خوێندکاران‌و چارەسەرکردنی کێشە بە کێشە بۆ بێ پیلانی حکومەتی هەرێم دەگەڕێنێتەوەو ئەو ژمارە زۆرەی کە وەرگیراون لە سەرووی پێویستی‌و توانای زانکۆو پەیمانگەکانەوەیەو کێشەو کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ ئاستی زانستی، هەروەها کێشەی ئیداریی‌و بەڕێوەبردن‌و لە ئایندەدا کێشەکە گەورەتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو هەنگاوە چارەسەرێکی کاتییە، بەڵام چەند کێشەیەکی درێژخایەن دروستدەکات.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە جگە لە بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، حکومەت بڕی (٦) ملیۆن دۆلاری بۆ پشتگیریی زانکۆو دەستە تەکنیکییەکان تەرخانکردووە، هاوکات لیژنەیەکی باڵا لە وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری پلاندانان‌و وەزیری پەروەردەو وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی پێکهێنراوەو لیژنەکە چەند پێشنیازێکی پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کردووە.

هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی بەشێک لە دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگەکان بە پێویست دەزانرێت حکومەتی هەرێم بە جدیی ئاوڕ لە کەرتی تایبەت بداتەوە، هەورەک فوئاد عەلی، وتی: «لەسەر داوای وەزارەتی خوێندنی باڵا حکومەتی هەرێم بڕیاریدا بڕی (٦) ملیۆن دۆلار بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێت، بۆیە پێویستە حکومەت چارەسەری تریش بدۆزێتەوە».

هەروەک ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری خوێندنی باڵا وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی‌و وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە لەهەوڵدان بۆچارەسەرکردنی کێشەی ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆکان وەرناگیرێن‌و خولی پیشەییان بۆ بکرێتەوە، هەروەها یارمەتی مادیی بەو خوێندکارانەی کە دەیانەوێت پرۆژەیەک جێبەجێ بکەن، پێشیازەکان لە ئەنجومەنی وەزیران تاوتوێکراوەو لە پرۆسەی بڕیارداندایە.

د.جەبار پێیوایە؛ لەگەڵ ئەوەی مافی خوێندن بۆ هەموو کەسێک ڕەوایە، بەڵام بە بۆچوونی من، پێویستە لە داهاتوودا حکومەت ئەو بڕیارە بدات، کە زانکۆ بۆ نوخبەیەک بێت، بۆ ئەو خوێندکارانەی کە بەهرەمەندن‌و دەتوانن لە بواری زانستیدا خزمەت بە وڵاتەکە دەکەن.

هەروەک بە بڕوای د.سەباح بەرزنجی: «نابێت بە لێشاو هەموو خوێندکارێک لە زانکۆو پەیمانگەکان وەربگیرێن، بەڵکو پێویستە کەرتی کار پێشبخرێت‌و ساڵێک دابنرێت بۆ لە فیلتەردانی ئەو خوێندکارانەی دەچنە زانکۆو پەیمانگەکان‌و ئێمە لە لیژنەی پەروەردە پێمان باشە پلانێکی تر دابنرێت بۆ خوێندنی باڵا، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە خوێندنەوە هەیە، هەمواربکرێنەوە، وتیشی: «وەزارەتی پەروەردە پێشنیازیکردووە؛ کە بڕوانامەی ئامادەیی بەس نییە بۆ چوونە زانکۆ، بەڵکو دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئامادەیی دەبێت خوێندکاران تاقیکردنەوەیەک ئەنجام بدەن بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆکان، لەو ڕێگەیەشەوە خوێندکاری بە توانا دەچێتە زانکۆ».

# ـــــارەی پێنجوێنەوە



فۆتۆ: ڕۆژنامە

پێناکرێت.

بەڕێوەبەری گەیاندنی پێنجوێن باسی لـەوەش کـرد؛ دوای هەوڵی زۆر هێڵی (زانیارنێت)مان هێنایە ئەم شارە بۆ ماوەی سێ ساڵو نیو کاریکرد، بەڵام زۆر لێی رازی نەبووین، بەناچاریی دوای گلەیی خۆمان‌و هاوڵاتییان لە هێڵەکە وەستاندمان، ئەوە نزیکەی ساڵێکە چاوەڕوانین کە فایبەر ئۆپتیکەکەی بکرێتەوە».

کەمال محەمەد، گلەیی ئەوە دەکات؛ کە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت تا چڕیی دانیشتووانی شوێنێک زیاتر بێت، هێڵ بۆ ئەو شوێنانە دەبـەن، بۆیە دەخوازێت کەسێک وەک قازانج بێت، یان وەک هاوکاریی شارەکە، هەستێت بە دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ پێنجوێن.

## عەلوەو سایلۆی نییە

لە قـەزای پێنجوێن بەروبوومەکانی وەک؛ تەماتەو شووتی برایماوا، گەنم‌و جۆ، گەنمەشامی، برنج، بە تایبەت برنجی چەوتان‌و گوێزی سیاگوێز لەگەڵ مەڕو ماڵات‌و هەنگ هەیە.

بەپێی ئامارێکی ساڵی (٢٠٠٤)ی فەرمانگەی کشتوکاڵ، (٨٠١) هەنگەوان‌و (٤٩١٢) کـورەی کـۆن‌و (١٣٥٠)ی تازە هەبووە لەو سـنوورەدا، هەنگوینیشی باشترینە لە کوالێتیدا.

ئەندازیار کەریم سەعید، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پێنجوێن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە پێنجوێن سایلۆو عەلوە نییە، بەڵام لە بەرنامەدا هەیە کە لە شارەزوور سایلۆیەک بکرێتەوە».

ناوبراو، وتیشی: «ساڵانە لە (١٥-٢٠) تەن تەماتە لە پێنجوێن بەرهەم دێت، بەڵام زۆرجار تەماتە لە سەرەتای پێگەیشتنیدایە سەرمایەک لە مانگی (١٠) لێی دەدات‌و لەناوی دەبات، بەڵام بۆ چارەسەری ئەو گرفتە سێ خانووی پلاستیکیمان هێنا بزانین گەر سەرکەوتوو بوو لەو ناوچەیە، ئـەوا جووتـیاران بـەو جـۆرە تەماتەو بەروبووم بەرهەم بهێنن، خۆشبەختانە سەرکەوتووبووین».

بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی پێنجوێن (٧٨) کارمەندی هەیە، بە هەردوو هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی گەرمک‌و ناحیەی ناڵپارێزەوە، بەڵام کارگوزاریان کەمە.

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پێنجوێن باسی لـەوەش کـرد؛ کە دەرمانیان بۆ هەنگەوانەکان هێناوە بۆ کاتی نەخۆشیی هەنگەکانیان‌و بێ بەرامبەر سندووق‌و سلک‌و فلچەو بەدلەی هەنگەوانیشیان داوە بە هەنگەوانەکان.

## پێویستی بە ڤیرو ئاوەڕۆ هەیە

ئازاد عەبدوڵڵا، سەرۆکی شارەوانیی پێنجوێن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کێشەی ئاوەڕۆمان هەیەو ئێستا پرۆژەیەک لە بواری جێبەجێکردندایە بە بڕی ملیارێک‌و سـەدو حەفتا ملیۆن دینـار، لەلایەن کۆمپانیای نیگاوە جێبەجێ دەکرێت».

نـاوبـراو دەربـــارەی ڤیـرتـاوی گەڕەکەکانیش، وتی: «ئەو گەڕەکانەی کە ڤیرتاوی مـــاوە، بەرنامەی ساڵی (٢٠١١) مان پێشکەشکردووە، هەرکات بودجە تەسدیق بوو، ئەو شوێنانەی ماوە بۆیان دەکرێت».

## زانکۆو پەیمانگەی نییە

لە سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێن (١٠٠) خوێندنگەو دوو باخچەی ساوایان‌و (١٢) فێرکردنی گەورە هەیە، لە ناویشیاندا پێنج ئامادەیی‌و (٢٤) قوتابخانەی تا پۆلی (٩)ی هەیە، بەکۆی گشتیش نزیکەی (١٠) هـەزار قوتابی‌و (١٠٥٨) مامۆستا هەیە، کە زۆرینەیان خەڵکی دەرەوەی پێنجوێنن.

ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن بۆ ڕۆژنامە وتی: «تا ئێستا لە پێنجوێن زانکۆو وپەیمانگەمان نییە، کردنەوەی زانکۆش پەیوەستە بە وەزارەتـی خوێندنی بـاڵاوە کە هەوڵی چـارەسـەری بـدات، هـەروەهـا گرفتی بیناشمان هەیە».

## پۆلیسی دارستان لە کابینەدان

بنکەی پۆلیسی دارستان لەم قەزایەدا ئەرکی زۆرە، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەر سنوورەو لە هەمانکاتیشدا لەو ناوچەیەدا ڕاوی ماسی‌و ئاژەڵی کێویی زۆر دەکرێت، بەڵام ئەم بنکەیە بینای تایبەت بە خۆی نییەو لەناو کابینەدا دەوام دەکەن‌و سیاج‌و دیواریان نییە.

رائید عەباس ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی دارستان لە پێنجوێن ئەرکەکانیانی خستە ڕوو؛ کە پێکهاتووە لە ڕێگرتن لە ڕاوکردنی ئاژەڵ‌و ڕاوکردنی ماسی بە شێوەی نایاسایی وەک کارەباو تەقەمەنیی، یان لە (٤/١٥ بـۆ٦/١٥)، کە وەرزی زاوزێ‌و گەرادانانە، هەروەها ڕێگرتن لە بڕینی داری تەڕو خەڵوزکردن بە داری تەڕ، جگە لەوەش هەڵدەستن بە کوژاندنەوەی ئاگر بە هاوکاریی بنکەی ئاگرکوژێنەوەی پێنجوێن.

بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی دارستان باسی لـە گرفتەکانیان کـردو وتـی: «سەرووی خۆمان‌و قایمقامیشمان ئاگادار کـردووە لـەوەی، کە فەرمانگەکەمان شوێنەکەی زۆر خراپەو سیاجی نییە، (٦٢) کارمەندو سێ ئەفسەرمان هەیە، بەڵام تەنیا یەک ئۆتۆمبێلمان هەیە بە قـەزایـەکو دوو ناحیە، کە بۆ هێنانی مووچەو هاتوچۆکردنی ئەفسەری بەش‌و کاری بەڕێوەبەرێتی ئۆتۆمبێلی ترمان پێویستە، کارمەندمان زۆر کەمەو بینای تایبەتمان زۆر پێویستە، جگە لەوەش جلوبەرگی ئێمە کاری سەربازیی پێوە دەکەین، هەر بەوەوە ئاگر دەکوژێنینەوە، کە خراپ بوو، نییە بیکڕینەوە، یان لە بازاڕ دروستی بکەین».

ناوبراو، وتیشی: «هیچ کەرەستەیەکی ئاگر کوژاندنەوەمان نییە جگە لە بوونی تەوراسێک، ئەو دارەی کە بە خەڵک دەڵێین مەیبڕنەوە، قەدەغەیە خۆمان ئاگری پێ دەکوژێنینەوە، چونکە کەرەستەی یاساییمان نییە».

## پزیشکی بێهۆشکاریی‌و نەشتەرگەریی لێ نییە

قەزای پێنجوێن تا ئاستێکی زۆر لە سەنتەری شاری سلێمانییەوە دوورە، بۆیە لە ڕووی تەندروستییەوە پێویستە سەرجەم پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت، تـا تەندروستی هاوڵاتییان سەلامەت بێت.

د.خالید عـەبـدوڵـڵا، بـەڕێـوەبـەری نەخۆشخانەی گشتیی پێنجوێن بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: پێویستمان بە دکتۆری نەشتەرگەریی هەیە، چونکە من خۆم نـەشـتـەرگـەریـی دەکـەم جگـەلـەوەی بەڕێوەبەریش دەکـەم، زۆرجاریش کە من لـەوێ نەبم، خەڵک کە پێویستی بە نەشتەرگەریی بێت، کەسی لێ نییە بۆی بکات‌و ڕەوانەی سلێمانی دەکرێت، بۆیە پێویستی زۆرمـان بە پزیشکێکی نەشتەرگەریی تر هەیە.

نەخۆشخانەی گشتیی پێنجوێن پێویستی بـە جێگرێکیش هەیە بۆ بـەڕێـوەبـەرەکـەی، جگە لـەوەی وەک بەڕێوەبەرەکەی باسی دەکات؛ پێویستیان بە پزیشکی بێهۆشکاریی هەیەو تا ئێستا نیانە.

> له سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێن (١٠٠) خوێندنگەو دوو باخچەی ساوایان‌و (١٢) فێرکردنی گەورە هەیە

# ـــــدروستی، نەخۆشخانە ئەهلییەکان بە داخستن دەدات

> نەخۆشخانە هەیە زۆر لەوانە خراپترن کە داخراون، کەچی ئاگاداریش نەکراونەتەوە




نەبوونی مەرجی تەندروستی لە نەخۆشخانە ئەهلیەکاندا زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت

بووە لە هۆبەکانی نەشتەرگەریدا».

لە بەرامبەردا بەڕێوەبەری یەکێک لەو نەخۆشخانە ئەهلییانە، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە ڕۆژنامەی وت: «ڕاستە نەخۆشخانەکەی من کەموکوڕیی هەبووە کە داخراوە، بەڵام نەخۆشخانە هەیە زۆر لەوانەی کە داخراون حاڵیان خراپترە، کەچی تەنانەت ئاگاداریشیان نەکردوونەتەوە، بەهۆی ئـەوەی کە ئـەو نەخۆشخانەیە کەسایەتییەکی بەهێز لـە وەزارەتـی تەندروستییەوە پشتگیریی لێدەکات».

ئەو بەڕێوەبەرە پێیوایە؛ کە داخستنی نەخۆشخانە ئەهلییەکان ئـەگـەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، دەبێتە هۆی گرفت بۆ هاوڵاتییان‌و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان.

دوای ئـەوەی لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە وەزارەتـی تەندروستی چەند مەرجێکیان دیـاریـکـردو نەخۆشخانە ئەهلییەکانیان بەسەرکردەوە، بڕیاری داخستنی سـێ نەخۆشخانەیان دا، لـەبـەر ئـەوەی مـەرجـە زانستیی‌و تەندروستییەکانیان تێدا نەبووە، لەوانە: (شـێـوازی تەعقیم‌و نەگونجاویی بیناو خراپیی دەرمان‌و چەند مەرجێکی دیکەو هەتا ئەو مەرجانەش جێبەجێ نەکەن، ڕێگە نادرێت ئەو نەخۆشخانانە بکرێنەوە).

نەخۆشخانەی سلێمانی ئەهلیی، کە ماوەی (٢٠) ساڵە دامەزراوە، یەکێک بوو لەو نەخۆشخانانەی کە داخراو لە ئێستادا خەریکی ڕێکخستنەوەو نوێکردنەوەی نەخۆشخانەو کارەکانیانن.

د.مـاردیـن حسێن، بـەڕێـوەبـەری نەخۆشخانەی سلێمانی ئەهلیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «یەکەمینجارە نەخۆشخانەکەمان دابـخـرێـت، هـەمـوو نەخۆشخانەیەک کەموکوڕیی دەبێت‌و زۆریشمان پێخۆشە ڕەخنەیان لێگرتووین، بـەڵام نەدەبوو ڕاستەوخۆ نەخۆشخانەکەیان دابخستایە، دەبوو پێشتر ئاگاداریان بکردینایەتەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش کەموکوڕییەکانمان چاک بکردایە».

ئـەوەی ڕەتـکـردەوە، لەسەر گرانیی نرخ نەخۆشخانەکەیان داخرابێت‌و وتی: «داخستنی نەخۆشخانەکەمان پەیوەندیی بە بەرزونزمیی نرخەوە نییە، بەڵکو لەسەر نەبوونی پاکوخاوێنی‌و کەموکوڕیی ناو هۆڵی نەشتەرگەرییەوە بووە، لە ئێستاشدا خەریکی چاککردنی ئەو کەموکوڕیانەین‌و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نەخۆشخانەکەمان دەکرێتەوە».

هەروەک بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانی سلێمانی هـۆکـاری داخـسـتـنـی ئـەو نەخۆشخانانەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی مەرجی تەندروستی‌و خراپیی کوالێتیی دەرمانەکان‌و نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو، وتی: «کاتمان بۆ داناون بۆ بۆ چاککردن‌و باشکردنی هۆڵی نەشتەرگەرییەکانیان‌و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان، ئەگەر کەموکوڕییەکان بەردەوام بن، ڕێ‌و شوێنی یاسایی دیکە دەگیرێتە بەر».

پێشتریش د.ڕێکەوت محەمەد ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ڕێگەی لیژنەیەکی هاوبەشی پارێزگاو سەندیکای پزیشکانی کوردستانەوە، عیادەکانی سلێمانییان بەسەر کردووەتەوەو ئـەو هەڵمەتە بە هاوکاریی وەزارەتـی تەندروستی‌و سەندیکای پزیشکان‌و پارێزگای سلێمانی کار دەکات».

تا ساڵی (٢٠٣٠) کێشەی کەمئاوی لە کەرکوک چارەسەرناکرێت 20

# هەموو شتێک لەب

راپۆرتی: خالید مەحمود

قەزای پێنجوێن دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی، بە دووریی (٩٦) کیلۆمەترو (١١٠) گوند لە خۆی دەگرێت، ناوچەیەکی دڵرفێنو سەرنجڕاکێشەو ئاوو هەوایەکی خاوێنی هەیە، دروستبوونی پێنجوێن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەیەمو لە ساڵی (١٩٥٩)وە کراوەتە قەزا، بەڵام گەورەترین کێشەی ئەم قەزایە ئەوەیە تاپۆی نییە.

ئیشو کاری سەرەکیی خەڵکی پێنجوێن بە شێوەیەکی سەرەکیی پێکهاتووە، لە: بازرگانییو کڕینو فرۆشتنو ئاڵوگۆڕی کاڵا لەنێوان عێراقو ئێراندا، ئەمەش بەو هۆیەی پێنجوێن دەکەوێتە نێوان ئەم دوو وڵاتــەوەو چەند مەرزێک بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە.

## فەرمانگەکان بینایان نییە

عەبدولکەریم ئیبراهیم فەرەج، بەرپرسی دارایی پێنجوێن باس لەوە دەکات: کە تەنیا خۆی کارەکانی دارایـی رادەپەڕێنێتو بەرپرسیارییەتی هـــەردوو ناحیەی ناڵپارێزو گەرمکیشی لە ئەستۆ گرتووە، جگە لـەوەی کە فەرمانگەکەیان بینای تایبەت بەخۆی نییەو تەنیا لە ژوورێکی بچووکدا کارەکانیان بەڕێ دەکەن، ئەویش قایمقامیەت بۆی دابینکردوون.

گرفتی سەرەکیی پێنجوێن نەبوونی تاپۆو بانکی خانووبەرەیە

ناوبراو، وتیشی: «چەند ساڵە داوای چوار کارمەندم کـردووە، بەڵام جگە لە چاوەڕوانیی هیچیان بۆ نە ناردووم».

لەلایەکی تریشەوە، رزگـار مەحمود مستەفا، لێپرسراوی کارەبای پێنجوێن ئاماژە بـەوە دەکـات؛ کە نەبوونی بینا یەکێکە لە گرفتەکانی فەرمانگەکەیان، بەڵام باسی لەوەش کرد؛ کە لە بودجەی ئەمساڵدا پارەیان بۆ دیاریکراوەو شارەوانیش پـارچـەیـەک زەوی بـۆ دابینکردوون، ئەوەندە ماوە کۆمپانیایەکی جێبەجێکار وەریبگرێت.

## باج لە بێ تاپۆکانیش وەردەگیرێت

گرفتی سەرەکیی پێنجوێن نەبوونی تاپۆو بانکی خانووبەرەیە، بەناچاریی هاوڵاتییانی پێنجوێن سەردانی هەڵەبجەی شەهید دەکـەن، عەبدولکەریم ئیبراهیم، باسی لەوەش کرد؛ کە گرفتی زۆریان بۆ دروستدەبێت، لەوەی کە زۆرێک لە دوکانو خانووی پێنجوێن تاپۆی نییەو ئەمانیش باج لە هاوڵاتییان وەردەگـرن، وتیشی: «ئێمە باج لە خەڵک وەردەگرین، لەکاتێکدا خەڵکی پێنجوێن هەژارنو تاپۆشیان نییە».

## کارەبا، کارمەندی نییە

رزگار مەحمود مستەفا، لێپرسراوی کارەبای پێنجوێن ئاماژە بەوە دەکات؛ گەورەترین گرفتی سەرەکییان نەبوونی کارمەندە لە بەشەکانی فرۆشتنی وزەو خەدەماتو صیانە، چونکە بە فەرمانگەو کـارگـوزارو شۆفێریشەوە، تەنیا (٣٦) کارمەندیان هەیە.

نـاوبـراو وتـی: «دەتـوانـم بڵێم؛ لە سنووری هەرێمی کوردستاندا (مەبەستی لە فەرمانگەکانی کارەبای شارەکانی ترە)، تەنیا فەرمانگەین کەمترین کارمەندمان هەیە، کە زۆریـان لە فەرمانگەی ترەوە بـۆمـان هـاتـوون، ئەگەرنا رێژەیەکی کەمتریشمان هەبوو، جگە لـەوەی کە زۆریان پیربوونو ناتوانین وەک پێویست سوودیان لێ وەربگرین».

رزگـــار، بـاسـی لـــەوەش کـــرد؛ کە گرفتیان زۆرە، لەوانە: فرۆشتنی وزەو عـەدادو ئەمینی سندووقو ئیشو کاری هاوڵاتییان، وتیشی: «تەنیا یەک ئەندازیارو تێبینەری هونەریمان هەیە، کە دەرچووی پەیمانگەیە، بۆ پیشەسازیی (صناعە) لە ناچاریدا کرێکارمان کردووە بە لێپرسراوی وەجبەو قورسایی وەجبەکەش راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ خۆمان».

کارەبای پێنجوێن لە ئێرانەوە دێت بۆ ئەو قەزایە، ئەو برە کارەبایەی هاتووە بە نیزامی (٦٣) کەیڤی بە هێڵێک هاتووەتە ناو وێستگەی کارەبای پێنجوێن، پاشان لە رێگەی گۆڕەرێکی (٢٧) میگا دەکرێت بە (٣٣) کەیڤیو دواتر لە رێگەی محەویلەوە دەکرێت بە (١١) کەیڤی.

لێپرسراوی کارەبای پێنجوێن، دەڵێت: بە جۆرێک سوودمان لەو کارەبایە بینیوە، کە (١٠٠٪)ی هاوڵاتییانی قەزای پێنجوێنو هەردوو ناحیەکە کارەبای دراوەتێ، جگە لە (٢٠) گوندی سنووری پێنجوێن، کە بەپێی پێوەر کارەبامان داونەتێ».

## (١٠٠٠) هێڵی تەلەفۆنات راگیراوە

لەپێش ساڵی هەشتاکانەوە پۆستەو گەیاندن لە پێنجوێن هەبووە، بەڵام لەدوای ئاوەدانکردنەوەی پێنجوێن لە ١٩٩٩/٦/١ بە فەرمیی فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن کرایەوە.

کەمال محەمەد حسێن، بەڕێوەبەری گەیاندنی پێنجوێن، دەڵێت: فەرمانگەکە لە سەرەتادا بە بەدالەیەکی زۆر سادەی فیشە دەستمان پێکرد، دواتـر لە لایەن کۆمپانیایەکی ئێرانییەوە شەبەکەیەکی (١٠)هەزار هێڵیمان کردووە بە تازەترین سیستم، ئێستا بەدالەیەکی (٢)هەزار هێڵیی دیجیتاڵمان هەیە، هەموو خزمەتگوزارییەک دەتوانرێت لە رێگەیەوە دابنرێت، ئێستا (١٥٢٠) هێڵمان لە کاردایە، لە ماڵو دوکانی ئەم شارە ئیشدەکەن».

بەڕێوەبەری گەیاندنی پێنجوێن، باسی لـەوەش کرد؛ کە لە ئێستادا گرفتیان لە هێڵەکانیاندا بۆ دروستبووە، وتی: «لە مانگی (٩)ی ساڵی پـارەوە کۆمپانیای ئاسیا (١٠٠٠) ژمـارەی داخستووین، ناتوانن پەیوەندیی بە ئاسیاوە بکەنو بە پێچەوانەشەوە پەیوەندییان بۆ نایەت لە ئاسیاوە، بەڵام ئەو هەزارەی دیکەمان لە سفرەوە تا (٩٩٩) گرفتی نییە».

ناوبراو باسی لەوەش کرد؛ بە هۆی ئەو گرفتەوە خەڵک گلەیی لە ئێمە دەکردو وای دەزانی خەتای ئێمەیە، دوای چەندین بەدواداچوونو نووسراو و ئاگادارکردنەوە وەڵامی ئاسیا ئەوەیە، کە کێشەی هەندێک تەلەفۆناتی دەرەوەیە (خارجییە) بە داخل لای ئێمە دەردەکەوێت، وتیشی: «گرفتی نێوان ئاسیاو کوردتێلە، کە بۆ پێنجوێنو چەند قەزایەکی تریان دروستکردووە».

سەبارەت بەوەی ناحیەکانو گوندەکان ناتوانن سودمەند بن لە هێڵی تەلەفۆنی نۆرماڵ، کەمال محەمەد، وتیشی: «توانای نۆرماڵ کەمبووە بەهۆی پەیدابوونی مۆبایلەوە، ئەگەرچی لە رووی تەندروستیو تێچوونەوە نۆرماڵ کەمتر دەبات، بەڵام حکومەت کەمتەرخەم بووە لـەوەی کە ئێستا سیستمی تازەی وایەرلێس هەیە، دەتوانرێت ئەوە دابین بکات، بە تایبەت ئەو گوندانەی کە هیچ شەبەکەیەکی مۆبایلیشی نییەو تووشی گرفت دەبنەوە».

## هێڵی ئینتەرنێت راگیرا

یەکێکی تر لە گرفتەکانی شارۆچکەی پێنجوێن، نەبوونی سەنتەرێکی تایبەت بە ئینتەرنێتە، کە هاوڵاتییان بە گشتییو خەڵکانی نووسەرو رۆژنامەنووسو بازرگانان بە تایبەت بتوانن پێویستییان لەو رێگەوە جێبەجێ بکەن، بۆیە لە رێگەی هێڵی کۆڕەک تیلیکۆمەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن، کە بەناچاریی دەزانن، چونکە وەک ئەو هاوڵاتییانەی کە بەکاریانهێناوە باسی دەکەن، زۆر خاو و هێواشەو زۆر کاری


دیمەنێک لە شارۆچکەی پێنجوێن

# لە وەزارەتەکەی دکتۆر دلاوەر چ باسە

هادی عەلی– هەولێر

هەر کە وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، یان داروودەستەکەی ئەم بابەتە دەخوێننەوە، بێگومان یەکسەر دەڵێن، تەشهیرو بوختانی پێکردووینو کەسانی وەک ئەم (مەبەستیان منە) راگەیاندنی کوردیان شێواندووە.

زۆر خۆشحاڵ بـووم، یەکێتیی نیشتمانیی کەسێکی خوێندەواری ئەوروپادیدەی وەکو دکتۆر دلاوەری هێنایەوەو کردی بە وەزیر، ئەم خۆشحاڵییەی من، تەنیا قسەبوو، بەو مانایەی من، یەک کاری دکتۆرم نەدیبوو، تەنیا بەناو پێی ئومێدەواربووم، بەڵام شەڵڵا هەر لە ئەوروپا نەهاتبایەو سەرۆک عەشیرەتێکی نەخوێندەواری لای خۆمان وەزیـر بوایە، هەر هیچ نەبوایە میواندۆستو خاوەن دەرک دەبوو.

لەم بابەتەدا، دەمەوێت بە زمانی ماتماتیک بدوێمو خۆم لە لێکدانەوەی فیکرییو گریمانەیی بەدوور بگرم.

وامدەزانی کە وەزارەتەکەی دکتۆر، بەبێ پرسگەو بەبێ پاسەوانو بەبێ سکرتێرەیەو ئەوروپا ئاسا بە چاوتروکانێک دەگەمە لای جەنابی وەزیر، کەچی مەخابن، جەنابی وەزیر سیستمێکی داهێناوە کە دیوارێکی (بەرلین)ی خستووەتە نێوان (هـــاوڵاتییان)و (بەرپرسان)، تەنانەت (فەرمانبەران)و (بەرپرسان)، یان (هاوڵاتییان)و (فەرمانبەران)یش.

ئەوە هیچ کە خودی جەنابی وەزیر نابینی، بەڵکو رۆیشتن بە بەر دەرگاکەشیدا (قەدەغەیە).

(ئەوەی کە بەچاوی خۆم دیومە، دەیگێڕمەوە)، هەر کە دەچیتە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، بەلای دەستەچەپدا (پرسگەیە)، (٤) کارمەند لەم پرسگەیە وەستاون بۆ موبایل وەرگرتنو لێپرسینەوە، بۆکوێ دەچیت؟ بۆ لای کێ دەچیت؟ ئیشت چییە؟ دوای وەڵامدانەوە، ئەمر بە کاکی (پۆلیس) دەکەن، پشکنینت بۆ بکەن، دواتر رەوانەی لای دەستە راستت دەکەن کە (١١)کارمەندی لێیە، بەحساب نوێنەری بەشەکانن، کە هیچیان دەسەڵاتیان نییەو زانیارییان لەسەر بەشەکەی خۆشیان نییەو دادەو کاکی نوێنەریش، دوای پرسو جوو، کاغەزێکت دەدەنێ بۆ لای کاک (کەمال) ناوێک کە هەر لەو هۆڵەدایە، دەبێت بەڕێزیان واژۆ لەسەر کاغەزەکە بکات، ئینجا رێگەت پێدراوە بچیتە ژوورەوە، ئەگەر ناوبراو رێگەی پێدای، ئەوا دوو دەرگەی سەرەکی هەیە بۆچوونە ژوورەوە، دانەیەکیان بۆلای هۆڵی(مودیرعام)و دانەیەکیان بۆلای بینای (ژوورەکەی وەزیر)و لەبەردەم هەر دەرگەیەکیاندا، دیسانەوە دەرگاوانێک هەیەو لێت دەپرسێت، بۆکوێ دەچیتو بۆلای کێو ئیشت چییە؟ کە لەمانە بوویتەوە، ئەوسا دەچیتە ئەو ژوورەی کە ئیشەکەتی لێیە، هەر بەڕێوەبەرێکیش، ژوورێکی لەبەردەم ژوورەکەی قووت کردووەتەوەو چەند کارمەندیکی لێداناوە، بەناوی سکرتێرو سکرتێرە، ئەوانیش هەمان پرسیارت لێدەکەنەوە، دواتر پێت دەڵێن، چاوەڕێ بکەو ئەم چاوەڕێکردنە رەنگە چەند کاتژمێرێک، یان چەند رۆژێک، یان رەنگە هەر تەواو نەبێت. لەبەردەم دەرگاکەی بینای وەزیر، دیسانەوە پرسگە هەیە، کە لەویش دەرباز بوویتو چوویتە جامخانە ئەلەمنیۆمەکەوە، دیسانەوە پرسگەی تر هەیە، وا بەبیرمدا هات ئەوێ (پرس_گا) بێت، نەک وەزارەت.

رۆژانی (چوارشەممەو پێنجشەممە) رێم کەوتە ئەم وەزارەتـە، بەتایبەتی جەنابی (مودیر عام) جەنابیان تا بەر لەنیوەڕۆ نەدەهات، کە دەشهات، سکرتێرەکەی دەیوت: جەنابیان کۆبوونەوەی هەیە، چاوەڕێ بکەن. لەکاتژمێر (٩:٣٠)بەیانییەوە چـــاوەڕێ بـــووم، باشبوو کاتژمێر (٢:٢٠)ی دوانیوەڕۆ، لە راڕەوەکەی خۆیدا بەپێوە بینیم، هەموو دیالۆگەکەی نێوان منو ئەو، خولەکێکی نەخەیاندو وەکو باقی کەسەکانی تر رەوانەی لای (ئاشنا)خانێکی کردین کە ناوبراو فەرمانبەرە، بەڵام لە هۆڵەکەی تەنیشت جەنابی وەزیرەوەیە. رۆژی چوارشەممە، کاتژمێر (٩:٣٠)بەیانی تا کاتژمێر(٢) کە دەوام تەواو دەبێت، چاوەڕێی چوونە ژوورەوە بووم بۆ لای ئاشناخان، بەڵام کاک کەمال دەستووریان فەرموو کە بە فەرمانی جەنابی وەزیر، چوونە ژوورەوە بۆ لای ئاشناخان قەدەغەیەو نەیانهێشت بیبینین.

جەنابی وەزیـر، من کە ناوم بۆ زەمالاتی خوێندن دەرچـــووە، بـەڵام هـەڵـەی تێدایە، چارەنووسی خوێندنم بەندبوو بە پرسیارێکەوە کە دەبا ئاشناخان، وەڵام بداتەوە، کەچی بێوەڵام مایەوە.

لەسایەی سەری جەنابتەوە، وەزارەتێکت پڕکردووە لە لەشکرێک فەرمانبەری بێدەسەڵات کە هیچ زانیارییان لا نییەو بەبێ ئەمری جەنابتان نقەیان لێوە نایەت، تەنیا لەهۆڵی پرسگەدا، (١٩) مووچەخۆری بەڕێزتان دەبینرێن، ئەمە وێڕای ئەوەی کە کوڕە عەینەک لەچاوەکەی پرسگە، بەگاڵتەجاڕییو مینگەمینگەوە وەڵامی هاوڵاتییان دەداتەوەو هێشتا خۆزگە بە کلتوورو زەبروزەنگی سەردەمی بەعس دەخوازێتو پێی وایە، کورد هەر ئەوەی شایەنە.

بـەڵـێ، جەنابی دکـتـۆرو وەزیـرەکـەی لە ئەوروپا گەڕاوە، ئەمە وەزعی خۆتو سیستمو وەزارەتەکەتە؟!

# نەبوونی مەرجی تەنـ

بەدواداچوونی:
ئاریان حەسەن
لاڤە بەشارەت

فـەرمـانـگـەی تـەنـدروسـتـی سلێمانی ژمارەیەک نەخۆشخانەو عـیـادەی ئـەهـلـیـی داخـسـتو بەڕێوەبەری یەکێک لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش، ئاشکرای دەکات: «نەخۆشخانە هەبووە هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبووە، بەڵام بە هۆی پشتگیریی بەرپرسانەوە دانەخراوە.

ماوەی دوو هەفتەیە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لە رێی لیژنەیەکەوە چاودێریی کاری نەخۆشخانەو عیادە ئەهلییەکان دەکـــاتو بـەهـۆی نـەبـوونـی مەرجەکانەوە، (٣) نەخۆشخانەی ئەهلیی داخـرانو زیاتر لە (٣٠) عیادەش بڕیاری داخستنیان بۆ دەرچووە.

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان دوو شـێـوازی جـیـاواز پەیڕەو دەکرێت لە کەرتی تەندروستیدا؛ (کەرتی گشتیی)، کە حکومەت بەڕێوەی دەبات، ئەوی دیکەشیان کـەرتـی تـایـبـەتـە، لـە ئێستادا هەردوو کەرتەکە چەندین کێشەو کەموکوڕییان هەیە.

هاوڵاتییان ناڕازین بە تایبەتی لە کەرتی گشتیی، کە زۆر گرنگیی بە نەخۆش نـادرێـت، بەوپێیەی لـە نەخۆشخانە گشتییەکان مووچەی دکتۆرەکان دیاریکراوەو نرخی نەشتەرگەرییو بینینی نەخۆش کەمە، ئەمەش بووەتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ گوێنەدان بە نەخۆشەکان لە نەخۆشخانە گشتییەکان، هاوکات نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش پڕن لە کێشەو گرفت، لـەوانـە: گرانیی نـرخو نەبوونی مەرجی تەندروستیو نەبوونی ئەو پێداویستییە پێشکەوتووانەی کە لە نەشتەرگەرییەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش وایکردووە بارگرانییەکی زۆر بخاتە سەر شانی خەڵکی.

وەزارەتـــی تـەنـدروسـتـی لـیـژنـەیـەکـی پـێـکـهـێـنـاوە بۆ چـاودێـریـکـردنـی نەخۆشخانە ئەهلییەکانو دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی، کە ئەمەش بـووە هـۆی داخستنی هەندێک لـە نەخۆشخانە ئەهلییەکانو ئاگادارکردنەوەی هەندێکی تریان.

د.رێـکـــەوت حـەمـەڕەشـیـد، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تـەنـدروسـتـی سـلـێـمـانـی بە رۆژنامەی راگەیاند: داخستنی ئەو نەخۆشخانانە بەهۆی نەبوونی مەرجی پاکوخاوێنییو کەموکوڕیی

# سەرۆکی هەرێم‌و دامەزراوەکەی



هیوا جەمال

تا ئێستا لە رووی ئیدارییەوە، بەرزترین دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، رێک نەخراوەو کات‌و شوێنی دەوامکردنی نییەو دەسەڵاتە حیزبیی‌و هەرێمییەکانی تێکەڵاون.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، پێکهاتەیەکی سیاسیی، ئیداریی‌و یاساییەو بەپێی مادەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی(٢٠٠٦)، سەرۆکی هەرێم بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لەهەرێمی کوردستانداو بەدەنگدانی گشتیی نهێنیی راستەوخۆ، بۆماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت‌و دەشێت بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرێتەوەو یاساکە لە خولی رابردووی سەرۆکایەتیی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراو بۆ ئەم خولەی سەرۆکایەتیی هەرێم کاری پێکرا.

لەدوای راپەرینەوە، بەرێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، (ئیدارەی هەولێر) بووەو دوای یەکگرتنەوەش هەروەک سەرۆک ماوەتەوەو جگە لەم چوار ساڵە، دەتوانێت بۆ (٤)ساڵی دیکەش خۆی کاندید بکاتەوە.

تێبینیی گرنگ لە سەر یاساکە هەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە پێشتر سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردراو هەر پەرلەمانیش دەیتوانی چاودێریی بکات‌و لێی بپرسێتەوەو لە سەرۆکایەتیی بخات، بەڵام ئێستا چونکە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، ئیدی ئەم چاودێریی پەرلەمانیش دەکات‌و بۆخۆی هیچ چاودێرێکی یاسایی لەسەر نییەو کەس لێی ناپرسێتەوە، مەگەر دوای (٤)ساڵەکەی خەڵک دەنگی پێ نەدەنەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە، نوێنەرایەتیی هاوڵاتییانی کوردستان دەکات‌و سەرپەرشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم‌و دەسەڵاتی فیدراڵ دەکات، نوێنەرایەتیی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات لە ئەنجومەنی باڵای ناوەندی سیاسیی عێراق کە لە (سەرۆک کۆمار _ سەرۆکی وەزیران _ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران) پێکهاتووە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی چەسپاندنی مافەکانی هاوڵاتییانی کوردستان لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، بەناوی خەڵکی کوردستانەوە راوێژو گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراق دەکات، هەماهەنگیی لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان‌و دەسەڵاتەکانی هەرێم رێکدەخات.

لەسەر ئاستی کوردستان، پەیوەندیی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بنەمای یاسایی رێکخراوە، بەو پێیە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، داواکاریی دامەزراندن بە پلەی تایبەت، بەرزکردنەوەی پلە، بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بەرزدەکاتەوەو دوای رەزامەندیی سەرۆک، بەدەرچوونی (فەرمانی هەرێمی) بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دەگەڕێتەوە.

لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی هەرێم بەپێی برگەی یەک لە مادەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) دەسەڵاتی پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی هەیە کە پەرلەمانی کوردستان دەریاندەکات لە ماوەی (١٠) رۆژ لە بەرواری وەرگرتنی لە دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم‌و هەروەها لەم ماوەیەشدا بۆی هەیە تانە لەکۆی، یان بە شێکی بدات‌و رەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە، تا چاوی پیدا بخشێنێتەوەو بڕیاری پەرلەمان لەم بارەیەوە، بنبڕە.

مەسعود بارزانی، جگە لەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، کە حیزبەکەی رێژەیەکی بەرچاوی لە هەڵبژاردنەکانی هەرێم‌و عێراقیش بەدەستهێناوە.

سەرەرای ئەم هەموو بەرپرسیارێتییانەو ئەم هەموو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە، بە بۆچوونی من تا ئێستا مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دادپەروەرانە کاروبارەکانی رانەپەڕاندووەو کارەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم‌و سەرۆکایەتیی حیزبەکەی تێکەڵکردووە.

تا ئێستا سەرۆکی هەرێم، تەنانەت یەک رۆژیش لە تەلاری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەوامی نەکردووە، لەبەرئەوەی تا ئێستا تەلارێکی رەسمیی‌و ئاشکرا نییە بەناوی سەرۆکایەتیی هەرێمەوەو کەسیش نازانێت چۆن دەوامی رەسمیی دەکات‌و چەند لەکاتەکانی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم تەرخانکردووە.

مەسعود بارزانی، لە یەک کاتدا وەک سەرۆکی هەرێم‌و وەک سەرۆکی پارتیش خۆی نیشان دەدات‌و کۆبوونەوە، پێشوازییەکان، بڕیارەکان، پیرۆزبایی‌و سەرەخۆشییەکانی ئەنجام دەدات‌و لە یەک هۆڵی پێشوازیکردن وەک سەرۆکی هەرێم پێشوازیی لە میوانە رەسمییەکان دەکات‌و هەمان کات وەک سەرۆکی پارتیش پێشوازیی لە میوانە حیزبییەکان دەکات.

لە هەموو پێشوازییەکانیدا، چ وەک سەرۆکی هەرێم‌و چ وەک سەرۆکی پارتی، چالاکییەکانی لە سایتی سەرۆکایەتیی هەرێمدا (www.krp.org) بڵاودەکرێنەوەو وتارەکانی کە بۆ بۆنە حیزبییەکان‌و بۆنە نیشتمانی نەتەوەییەکان دەیخوێنێتەوە، هەر لە سایتی سەرۆکایەتیی هەرێم بڵاودەکرێنەوە.

هەموو چالاکییە هەرێمی‌و حیزبییەکانی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین‌و بارەگا شەخسییەکەشی کە بۆ هەردوو پۆستەکەی سوودی لێدەبینێت، هەر لەوێیە.

مووچەی رەسمیی پەرلەمانتارو وەزیرەکان‌و سەرۆکی پەرلەمان‌و وەزیران‌و سەرجەم کارمەندانی حکومەت دیاریکراوەو راگەیەندراوە، تەنیا مووچەی سەرۆکی هەرێم نەبێت کە کەس نازانێت چەندەو چۆنەو تا ئێستاش پەرلەمان لە چۆنێتیی خەرجکردنی میزانییەی سەرۆکایەتیی هەرێمی نەپرسیوەتەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە پرۆسەیەکی مەدەنییانەی رەسیمدا دەڕوات‌و هەڵدەبژێردرێت، پێویستە دوای ئەوەش بەشێوەیەکی رەسمیی‌و بە عەلەنی کاروبارەکانی دیاریی بکرێن‌و بەروونی چۆنێتیی خۆتەرخانکردنی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دیاریی بکرێت‌و ناکرێت کەس ئاگای لە وردەکاریی خەرجکردنی بودجەی سەرۆکایەتیی هەرێم نەبێت، لەکاتێکدا بودجەکەی لە بودجەی گشتیی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەدرێت.

دەبێت سەرۆکایەتیی هەرێمیش بە دامەزراویی بکرێت‌و هەموو دامودەزگاکە ملکەچ بن بۆ پەرلەمان وەک باڵادەستترین نوێنەرانی گەل بۆ لێپرسینەوەو چاودێریکردن‌و پێویستە پەرلەمانیش لەم بارەیەوە رۆڵی خۆی ببینێت، چونکە ئێستا کەس نازانێت کێ چاودێریی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات‌و کارەکان چۆن بەڕێوەدەچن، تا ئەگەر چاکیانکردووە، بە باشی باسیان بکرێت‌و ئەگەر خراپیان کردووە، لێیان بپرسرێتەوە؟

# رێکخستن یان کۆتکردنی خۆپیشاندان



عەدنان عوسمان *

رۆژی چوارشەممە(٢٠١٠/١١/٣)،بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی فراکسیۆنی کوردستانیی‌و هاوپەیمانەکانی، پرۆژەیاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستاندا پەسەند کرا.

ئەگەر بە کورتی سەرنجەکانی خۆم بخەمەڕوو، دەبێت بڵێم، ئیشکالیەتی یەکەم لێرەدا، تەنیا ناوی پرۆژەکەیە، چونکە ئەگەر ناوەکەی پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی خۆپیشاندان بوایە، ئەوکات پڕاوپڕ لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی یەکانگیر دەبوو و پێویستی بەم هەموو رەخنەیە نەدەکردو لەراستیشدا ئەمە توانج نییە، بەڵکو دەربڕی ناوەڕۆکی راستەقینەی پرۆژەکەیە پێش پەسەندکردنی‌و تەنانەت خودی گفتوگۆکانی نێو هۆڵی پەرلەمانیشەو دوای پەسەندکردنیشی، لە چەند برگەیەکی کەمدا نەبێت، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەی حکومەتدا نییە، تەنانەت تەنیا دوای تیشکخستنەسەر هەندێک لایەنی تری پرۆژەکە لەلایەن ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن‌و چەند ئەندامێکی تری پەرلەمانەوە، بە تایبەت لەسەر سزای شەخسیی لە کاتی توندوتیژیدا، ئەو کات هەست بە بوونی ئەو مادەترسناک‌و شەرمهێنەرە کراو خێرا لابرا!

ئێستا با بەکورتی قسەیەک لەسەر لایەنە سلبییەکانی ئەم یاسایە بکەین، بۆئەوەی هۆکاری داواکردنی ئۆپۆزسیۆن لە سەرۆکی هەرێم بۆ ئیمزا نەکردن‌و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان روونتر ببێتەوە:

یەکەم: لە بناغەدا دوو پرۆژە هاتبوونە پەرلەمان، پرۆژەیەکی لەلایەن حکومەتەوە کە ناوەڕۆکەکەی کۆت‌وبەند خستنەسەر ئەنجامدانی خۆپیشاندانەو پرۆژەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە شێوەیەکی سەردەمییانەو بە روحی رێزگرتن لە مافە سەرەتایی‌و دەستوورییەکانی هاوڵاتییان ئامادەکرابوو. هەر لەسەرەتاوە، لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئاراستەی گفتوگۆکانی بەلای پرۆژەی یەکەمدا وەرچەرخاندو لە هەموو راپۆرتەکانیدا ئەوەی کرد بە بنەماو لە دوا بڕیارەکانی نێو هۆڵی پەرلەمانیشدا، هەر ئەو پرۆژەی یەکەمە بە پەسەندکردن دەگەیەنراو بە تەواوەتی پرۆژەی دووەم فەرامۆش کرا.

دووەم: خاڵی سەرەکیی جیاوازیی پرۆژەی یەکەم‌و پرۆژەی دووەم، ئێمەو ئەوان، لەسەر مۆڵەتدان بوو بە خۆپیشاندان. دیارە هەندێک تێبینی‌و سەرنجی تر هەبوون لەسەر مادەکانی تر، بەڵام ئەمە خاڵە گرێکوێرەکە بوو، مەبەستیش لە فەرامۆشکردنی پرۆژەی دووەم، تەنیا بۆ وەلاخستنی ئەم خاڵە بوو بە قازانجی پرۆژەی یەکەمی حکومەت. ئێمە دەمانەوێت ئەنجامدانی خۆپیشاندان بە لەبەرچاوگرتنی هەموو رێوشوێنێکی یاسایی کە لە یاساکەدا هاتووە، تەنیا بە ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی هەرێم بێت‌و ئەوانیش پێیانوایە، بەبێ مۆڵەتی پێشوەخت، نابێت هیچ جۆرە خۆپیشاندانێک بکرێت (تەنانەت کۆبوونەوەی گشتیی‌و مانگرتن‌و...تاد، ئەگەر مۆرکی خۆپیشاندانی پێوە دیاربێت).

سێیەم: ئێمە پێمانوایە، بە گوێرەی واقیعی ئیداریی‌و سیاسیی ئێستای کوردستان کە سەرجەم بەڕێوەبەرە ئیدارییەکان لەلایەن حیزبەوە دانراون بەبێ هیچ هەڵبژاردنێک، مەرجی مۆڵەتی پێشوەخت یەکسان دەبێت لەگەڵ رێگەگرتن لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

- بەرپرسە ئیدارییەکان تا ئاستی وەزیر کە بڕیاری مۆڵەتدان لە دەستی ئەوانە، بێلایەن نین‌و خۆیان بەشێکن لە دەسەڵاتی سیاسیی، بۆیە هەمیشە مامەڵەیەکی سیاسییانە لەگەڵ هەر داوایەکی خۆپیشانداندا دەکەن.
- زۆربەی خۆپیشاندانەکان لەسەر ناتەواویی‌و کەموکورتییەکانن، بۆیە زۆر ئەستەمە بەرپرسی یەکەی ئیداریی بواربدات بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانێک کە زۆرتر بێدەسەڵاتی‌و کەمتەرخەمییەکانی خۆی بخاتەڕوو.
- واقیعی دەسەڵاتی مەرکەزی لە کوردستاندا وا دەخوازێت کە هیچ بەرپرسێکی ناوچەیی بەبێ پرس‌و رەزامەندیی سەرووی خۆی، توانای بڕیاردانی نەبێت‌و لەم حاڵەتەشدا پێدانی مۆڵەت دەکەوێتە نێو رۆتینیاتێکی ئاڵۆزو ئەستەمەوە.
- ئەگەری روودانی توندوتیژیی، یەکێکی ترە لە مەترسییەکانی بەرپرسە ئیدارییەکان کە هەمیشە قەناعەتیان بەلای رێگرتن دەبێت لە خۆپیشاندان بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتییە ئیداریی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە، کە لەوانەیە رووبەڕووی ببێتەوە.
- لەوانەیە هەندێک لەو خۆپیشاندانانە لەسەر مەسەلەی سیاسیی بن، یان پەیوەندییان بە وڵاتانی دراوسێوە هەبێت، بۆیە رەزامەندیکردن لەسەری لە لایەن بەرپرسە ناوچەییەکانەوە، پێویستی بە رەزامەندیی سەرەوەی تر دەکات تا دەگاتە لایەنە بەرپرسە باڵاکان‌و بەمەش روحی خۆپیشاندانەکە کە زۆرجار بۆ حاڵەتێکی نائاسایی‌و لە ئەنجامی توڕەبوونێکی دەستەجەمعییەوە دێت، خامۆش دەبێت.

بە کورتی: بە گوێرەی دەستوورو هەموو بەڵگەنامە جیهانییەکان، مافی خۆپیشاندان، مافێکی سروشتی‌و ئاسایی هاوڵاتییانەو شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مافەدا، نیشاندەری شێوازی حوکمڕانی‌و عەقڵیەتی سیاسیی باڵادەستەو ئەگەر سەرۆکی هەرێم ئیمزای نەکات‌و لە پەرلەماندا جارێکی تر بە گوێرەی ئەو مافانە دابڕێژرێتەوە، ئەوا هیوایەک بە بەر روحی پرۆسەو ئیرادەی چاکسازییدا دێتەوە، ئەگەریش نا، ئەوا سنوورەکانی جیاوازیی ئێمەو ئەوان، دەڕۆنە ئاستێکی مەترسیدارەوە.

* سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان

# کوردو نەبوونی ستراتیژ



دەشتی سالار

هەفتەی رابردوو، دەستپێشخەرییەکەی پاشای سعودیە بۆ میوانداریکردنی نوێنەری لایەن‌و کوتلە سیاسییەکانی عێراق لە ریازی پایتەختی وڵاتەکەی بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق، هەڵایەکی گەورەی لەناوخۆی عێراقدا نایەوەو کاردانەوەو بۆچوونی جیاوازی لای لایەنە سیاسییەکان دروستکرد، کە هەرزوو هاوپەیمانی نیشتیمانیی‌و فراکسیۆنە کوردستانییەکان (یەکێتی‌و پارتی‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، لەلایەن حەسەن سنێدی سەرکردەی دەوڵەتی یاساوە ئەو دەستپێشخەرییەیان رەتکردەوەو لیستی عێراقییەی ئەیاد عەلاویش، پێشوازیی لێکرد، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، لەکاتێکدا لایەنی کوردی بەتایبەتیش سەرۆکایەتیی هەرێم‌و پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ئەو دەستپێشخەرییە وەستانەوەو ئاماژەیان بەوەدا، کە ئەوپرسە پرسێکی ناوخۆیی عێراقییەو لەهەندێک حاڵەتیشدا بە دژی دەسپێشخەرییەکەی مەسعود بارزانی لەقەڵەمیاندا، کە پێشتر پێشکەشی کردبوو، کەچی بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سەرەتای ئەم مانگەو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە قاهیرەی پایتەختی میسر، پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ عەمر موسای ئەمینداری گشتیی جامیعەی عەرەبی، پێچەوانەی هەڵوێستی لایەنی کوردی، پێشوازیی لەو دەستپێشخەرییەی پاشای سعودیە کردو وتی: ئەو دەستپێشخەرییە، پەیامی خۆشەویستی‌و پەرۆشییە بۆ عێراق‌و ئایندەی عێراق.

لەدوای راپەرینەوە هەرێمی کوردستان، لە دۆخێکی تایبەتیدا بووەو هاوکات، بەدەست نەبوونی ستراتیژی نەتەوەییەوە دەناڵێنێت‌و خاڵی لاوازیی سەرکردایەتییەکەشی لە مەسەلە سیاسیی‌و ئابووریی‌و نەتەوەیی‌و پرسە گرنگەکاندا، ئەوەبووە کە بیرکردنەوەو بەرنامەیان بۆ مەودایەکی کورت بووەو تا ئێستاش بەو پێوەرە کارەکانیان دەبەن بەڕێوە.

ئەم کەمتەرخەمییەش کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کە چەندین ساڵە هەرێمەکەیان، کردووەتە هەرێمێکی حیزبییانەو لەسەر ئەو سیاسەتەش بەردەوامن، لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان کەمترین کاریگەرییان لە پرسە گرنگ‌و چارەنووسسازەکاندا هەیەو تێیدا بوونەتە قوربانیی.

> **کارەکتەرە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە، هێندەی هەوڵی خۆدەرخستنی خۆیان دەدەن‌و ئەوەندەی چێژ لە وەرگرتنی پلەو پایەو دەسەڵات وەردەگرن، هێندەی ئەوە وەک سیاسییەک بیر لە پۆست‌و پلە وەزیفییەکەیان‌و بیر لە داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی ناکەنەوە**

ئەوەی لەماوەی ئەم (٢٠)ساڵەی دواییدا لەم هەرێمەدا بەرچاو دەکەوێت، نەبوونی یەکهەڵوێستیی‌و یەکگوتاریی‌و ستراتیژی نەتەوەییە، بەرامبەر پرسە گرنگ‌و چارەنووسسازەکان‌و نەبوونی یەک گوتاری سیاسییە بەرامبەر هێزە دەرەکییەکان‌و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمەیە.

گومانیش لەوەدا نییە کە کارەکتەرە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە، هێندەی هەوڵی خۆدەرخستنی خۆیان دەدەن‌و ئەوەندەی چێژ لە وەرگرتنی پلەو پایەو دەسەڵات وەردەگرن، هێندەی ئەوە وەک سیاسییەک بیر لە پۆست‌و پلە وەزیفییەکەیان‌و بیر لە داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی‌و ستراتیژێکی دوورمەودا ناکەنەوە، ئا لێرەشەوە ئەو مەوداو جیاوازییە فراوانە بەڕوونی دیارە کە لە نێوان دەسەڵات‌و هاوڵاتییانی ئەم هەرێمەدا هەیە لە رووی جیاوازیی چینەکان‌و داهاتی تاکەکاندا، کە ئەوان (دەسەڵاتداران) لە چ وەزعییەتێکدا دەژین‌و هاوڵاتییانی ئاساییش لە چ ژیانێکدان.

ئەو رکابەریی‌و ناکۆکییەی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم (یەکێتی‌و پارتی) کە درێژکراوەی شەڕی ناوخۆیە، هۆکارێکی دیکەی نەبوونی ستراتیژو یەک گوتاری سیاسییە لەم هەرێمەدا. ئەوان هەرچەندە هاوپەیمانن‌و دەسەڵاتیان بەدەستە، بەڵام هەر لایەنەو بەجیا لەو رووەوە کارەکانی خۆی رادەپەڕێنێت‌و ئەستەمیشە بتوانرێت وا زوو یەک گوتارو پرۆژەیەکی دوورمەوداوی ستراتیژی کورد ببینین.

ئالێرەوە جارێکی تر ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە پرسە گرنگەکاندا، کورد لەوپەڕی فرەهەڵوێستیدایەو هەڵوێست‌و بۆچوونی جیاواز لەبارەی پرسە گرنگەکان دەردەبڕن، ئەمە جگە لەوەی کە لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیشدا، هەمان سیاسەت پەیڕەوکراوەو تا ئێستا ستراتیژی کارکردنی کورد ناڕۆشنەو ستراتیژیان لەچوارچێوەی سیستمی بەحیزبیکردن‌و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا دەخولێتەوە.

# کۆیە، تا ئێستا قوربانیی دوو ئیدارەییە

ڕۆژنامە

قـەزای کۆیە، تا ئێستا سیمای دوو ئیدارەیـی پـێـوەدیـارەو پـرۆژەکـانـی ڕێگاوبانی لەئاستی پێویستدا نین‌و (٥٠٪)ی شەقامەکانی قیرتاونەکراون‌و کێشەی خزمەتگوزاریی‌و ئـاوی خـواردنـەوەو پەروەردەیان هەیە.

ئەمە بەشێکە لەو کەموکوڕییانەی کە لەڕاپۆرتێکی مەیدانیدا، سێ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانیان کردووەو داوا دەکەن، لە ڕێی لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە، بەدواداچوون بۆ ئەو کێشانەبکرێت‌و چارەسەربکرێن.

لەو ڕاپۆرتەدا کە سێ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان (د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ، سیوەیل عوسمان، د. شاهۆ سەعید) لەسەردانێکی مەیدانییاندا ئامادەیانکردووە، چەندین گرفتی دیکەی قەزاکە دەخنەڕوو.

ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/٢٤)، هەرسێ پەرلەمانتارەکەی گـۆڕان، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کـاروبـاری هاوڵاتییان لە قەزاو ناوچە کەنارییەکان‌و گوێگرتن لە داواکاریی‌و ڕەخنەو پێشنیازەکانیان، سـەردانـی شـاری «کۆیە»یان کـردو لە نزیکەوە گوێیان لە ڕەخنەو سەرنج‌و داواکارییەکانیان گرت.

لە ئاکامی سەردانەکەیانداو پاش ئەوەی چەند پەیوەندییەکیان بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەند لایەنێکی بەرپرس ئەنجام دا، کۆمەڵێک سەرنج‌و بیرۆکەو پێشنیازیان لا گەڵاڵە بوو کە لەم خاڵانەدا پووختی دەکەینەوە.

هیوادارین لە ڕێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان‌و ئاگادارکردنەوەی وەزارەت‌و دامودەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکانەوە، کار بۆ چارەسەرکردنیان بکرێت:

١. پرۆژەکانی ڕێگەوبانی دەرەکیی کە شاری کۆیە دەبەستێتەوە بە دەوروبەری‌و پـرۆژەی قیرتاوکردن‌و کۆنکرێتکردنی شەقام‌و کۆڵانەکانی ناوخۆی ئەو شارە، بەشێوەیەکی سست بەڕێوەدەچن، بەشێک لە هۆکاری ئەو سستییە دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە:

– لە شارەوانیی کۆیە زانیمان کە نزیکەی (٥٠٪) شەقام‌و کۆڵانەکانی ئەو شارە قیرتاوو کۆنکرێت نەکراون.

– پرۆژەی دوو سایدی کۆیە- هەولێر، تا ئێستا نەچووەتە دۆخی جێبەجێکردنەوە.

– کێشەی ڕێگەی هەیبەتسوڵتان‌و حەمامۆک، تا ئێستا بە چارەسەرنەکراویی ماوەتەوە.

٢. قەیرانی ئاو و کارەبا، یەکێکە لەو کێشانەی کە گرفتی زۆری بۆ دانیشتووانی ئەو شارە دروستکردووە:

– تۆڕەکانی گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بە گەڕەک‌و ناوچە جیاوازەکان، لەو ئاستەدا نین کە پێداویستیی دانیشتووان لە ئاوی پاک دابین بکەن.

– پـرۆژەی ئـاوی (بۆگد- کۆیە) لە سەرەتای (٢٠٠٦)ەوە کاری تێدا دەکرێت، بـەڵام تا ئێستا نزیکەی (٧٠٪)ی بە تەواونەکراویی ماوەتەوە.

–فەرمانگەی ئاوی کۆیە، پێویستییەکی زۆری بە ئەندازیارو کادیری پیشەوەر هەیە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارو پرۆژەکانی.

– لـە کـۆی (٢٦)بـیـر کـە تێکەڵ بە شەبەکەی ئاوی کۆیە کراون، ئێستا نزیکەی (١٥)بیریان وشک بوون کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر خزمەتگوزاریی ئاو لەو شارەدا بەجێهێشتووە.

– چارەنووسی هەندێک ناوچەی کەنار کۆیە لەنێوان خزمەتگوزاریی ناوشارو خزمەتگوزاریی گـونـدەکـان یەکلایی نـەبـووەتـەوە، ئـەوەش کاریگەرییەکی سلبی دروستکردووە. گوندی «عەودالان» نموونەی یەکێکە لەو ناوچانە کە دووچاری کێشەیەکی سەخت بووەتەوە لە نەبوونی ئاو و کارەبادا.

٣. ناوچەی پیشەسازیی شاری کۆیە، سێ کێشەی سەرەکیی هەیە: نەبوونی بنکەی تەندروستی، نەبوونی بنکەی ئاگرکوژێنەوە، بەرتەسکیی‌و نابووتیی ڕێگاوبان کە کێشەی زۆری بۆ هاوڵاتییان‌و پیشەوەرانی ناوچەکە دروستکردووە.

٤. قەزای کۆیە، یەکێکە لە قوربانییەکانی پاشماوەی شـەڕی نـاوخـۆو دیـاردەی دوو ئیدارەیی. سیمای دوو ئیدارەیی تا ئێستا بەو قـەزایـەوە مـاوە، کە ئەوەش کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی‌و کارگێڕیی خراپی بەجێهێشتووە، بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا:

– دۆڵی بالیسان‌و دۆڵی مەلەکان، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە شەقڵاوەو قەزای سۆرانن، بەڵام نزیکەی (٣٦) قوتابخانەی ئەو دوو ناوچەیە بە عەمەلیی سەر بە پەروەردەی کۆیەن.

– ناوچەی دێگەڵە، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای کۆیەیە، بەڵام قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەی دەشتی هەولێرن.

– هەرچەندە پێشتر لە مانگی ئابی ئەمساڵدا، بەڕێوەبەری پەروەردەکانی دەشـتـی هـەولـێـر، سـۆران، شـەقـڵاوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتـی پـەروەردە کۆبوونەتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو کێشەیە بە چارەسەرنەکراویی‌و هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

– هەماهەنگیی نێوان پـەروەردەی کۆیەو پـەروەردی هەولێرو وەزارەتـی پەروەردە لە ئاستێکدا نییە کە دامەزراندنی نوێی مامۆستایان بە گوێرەی پێداویستی‌و پسپۆڕیی بێت. ئـەو کێشەیە لەسەر کـاروبـاری تاقیگەی قوتابخانەکانیش، ڕەنگیداوەتەوە کە دووچـاری نەبوونی شوێن، نەبوونی دەرماڵەی پێویست بۆ مامۆستایانی تاقیگەکان‌و سەرپەرشتیاری ئیداریی تاقیگەکان بوونەتەوە.

٥. سەرباری سیمای دوو ئیدارەیی‌و ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ، قەزای کۆیە بەدەست کێشەیەکی ترەوە دەناڵێنێت کە پەیوەندیی بە سیمای دوو ئیدارەیی نێوان کۆیەو ناوچە دابڕێنراوەکانەوە هەیە، بە تایبەتی کەرکوک‌و ناوچەی شوان. بۆ نموونە (١٦)قوتابخانە لـەڕووی ئیدارییەوە سەر بە کەرکوک (ناحیەی شـوان)و چەمچەماڵن، بەڵام لەڕووی خوێندن‌و ئەرکی وەزیفییەوە سەر بە کۆیەن‌و نزیکەی (١٢٢) مامۆستای کۆیە لەو قوتابخانەیە دەوام دەکەن، لە کاتێکدا وەک لە بەرپرسانی پـەروەردەی ئەو شارەوە بیستمان، لە پای ئەم خزمەتکاریی‌و خۆنەویستییە، هیچ گوژمێکی نوێی پارە نەچووەتە سەر نەسرییەی پـەروەردەی کۆیەو هیچ پشتگیرییەکیش بۆ دامەزراندنی مامۆستای نوێ، بە بەراورد لەگەڵ قەزاکانی تر، لە ئارادا نییە.

٦. بەشێک لە خەڵکی کۆیە، تەقتەق، شیواشۆک‌و گوندەکانی خۆرئاوای کۆیە، پرسیارێکی ڕەوایـان ئاراستە کردین سەبارەت بە چارەنووسی ئەو بڕیارە فیدراڵییەی کە (١٪)ی داهاتی نەوتی هەر پارێزگایەک تەرخان دەکرێتەوە بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو پارێزگایەی کە نەوتی تێدا بەرهەم دێت. ئاشکرایە بەشی هەرە زۆری بەرهەمهێنانی نەوت‌و گازی پارێزگای هەولێر، دەکەوێتە قـەزای کۆیەو بەوپێیەش بەشی شێری مەترسییەکانی ئالودەبوونی ژینگە بەر ئەو ناوچانە دەکەوێت، بۆیە دانیشتووانی ناوچە بەرهەمهێنەکانی نەوت لەو قەزایەدا، مافی خۆیانە کە داوا بکەن، بەشێکی گونجاوی ئەو پارە گلدراوەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەو قەرەبووکردنەوەی ناوچەکەیان تەرخان بکرێتەوە.



# تا ساڵی (٢٠٣٠) کێشەی کەمئاویی لە کەرکوک چارەسەرناکرێت

بەدواداچوونی: شاڵاو محەمەد

بەڕێوەبەری ئاوی کەرکوک ئاشکرای دەکات؛ کە تا ساڵی (٢٠٣٠) کێشەی کەمئاویی لە شارەکە چارەسەر ناکرێت، لە کاتێکدا دانیشتووانی ئەو شارە گرفتێکی گەورەی کەمئاوییان هەیە.

کێشەی کەمئاویی لە شارەکە لە کاتێکدایە ماوەی چوار ساڵە فەرمانگەی ئاوی کەرکوک پرۆژەیەکی ئاراستەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق کردووەو تائێستا جێبەجێ نەکراوە، هەروەک فەرمانگەکەش لە ماوەی نۆ مانگی ئەمساڵدا (١١٪)ی بودجەکەی خەرجکردووەو ئەوەی دیکەی وەکخۆی ماوەتەوەو پێدەچێت بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەتی ناوەندی.

بەشێکی زۆری هاوڵاتییانی شاری کەرکوک لە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکو ئاوو کارەباو ڕێگەوبان نـاڕازیـن، پێیانوایە؛ شـاری کەرکوک لە هەموو ڕوویەکەوە فەرامۆشکراوە، چەندین گەڕەکی کوردنشینی شارەکەش، کە لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە دروستکراون وەکو گەڕەکەکانی (دەروازە، پەنجا عەلی، باروتخانە) بە بیانووی ئەوەی زیادەڕۆن هیچ پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەیان بۆ ئەنجام نەدراوە.

دەروان محەمەد، ئاوارەیەکی گەڕاوەی شـاری کەرکوکەو لـەدوای ئازادکردنی عێراق لە یەکێک لە گەڕەکە کوردنشینەکانی شارەکە نیشتەجێبوون بە ڕۆژنامەی وت: «کێشەی کەمئاویی بە تـەواوی بێزاریی کردووین بە دوو ڕۆژ جارێک دوو سەعات، یان کەمتر ئاومان پێدەدەن، چەند جارێک داوامـانـکـردووە کێشەکەمان چارەسەر بکرێت، پێیانوتووین؛ گەڕەکێکی تەجاوزن ناتوانین وەکو گەڕەکەکانی تر ئاوتان بۆ دابین بکەین».

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوو هیچ پرۆژەیەکی ئـاو، جگە لە لێدانی چەند بیرێکی ئیرتیوازی لە کەرکوک بۆ گەڕەکە کوردنشینەکانی شارەکە، جێبەجێ نەکراوەو ئـەوەش هۆکار بووە بۆ بەردەوامبوونی قەیرانی کەمئاویی.

لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنـامـەدا بۆ گەڕەکەکانی (پەنجا عەلی‌و باروتخانەو دەروازە)، گەڕەکە نوێیەکانی شارەکە کە زۆربـەی دانیشتووانەکەی ئـاوارە گەڕاوەکانن، سەرجەمیان ئاماژەیان بە کێشەی کەمئاویی دەکردو بێزارییان نیشاندا لە ئاستی بەڵێنە زۆرەکانی یەکە ئیدارییەکانی کەرکوک‌و نەبوونی هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە کێشەی کـەمـئـاویـی سـەرانـسـەری کەرکوکی گـرتـووەتـەوەو گەڕەکەکانی سـەرووی کـەرکـوک بە دوو ڕۆژ جـارێـک ئاویان پێدەدرێت، وەکو زیوێ‌و ڕەحیماواو ئیمام قاسم‌و ئازادیی.

گەڕەکەکانی دەروازەو پەنجا عەلی‌و باروتخانە، پێدانی ئاویان جیاوازترەو گەڕەکی دەروازەو باروتخانە لە ڕێی پرۆژەی ئاوی چیمەن‌و ناوشاری کەرکوک ئاویان بۆ دەڕوات لە ڕێی (٨) بیری ئیرتیوازییەوە، هەروەها گەڕەکی پەنجا عەلی لە تەرجیلەوە ئاویان بۆ ڕاکێشراوە لە ڕێی (١١) بیرەوە، ئەوانیش دوو ڕۆژ جارێک چەند سەعاتێک ئاویان پێدەدرێت.

عەبدولقادر محەمەد، بەڕێوەبەری ئاوی کەرکوک، سەبارەت بە کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە شاری کەرکوک تەنیا پرۆژەی ئاوی کەیوان هەیەو وا بڕیارە قۆناغی دووەمی پرۆژەکە، کە لە ئێستادا بڕی (٩٢) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو ئیحالە بووە بۆ کۆمپانیای فاوو بڕیارە لە ماوەی دوو ساڵ‌و (٦) مانگدا تەواو بکرێت، کە توانای هەیە لە یەک کاتژمێردا (١٢) هەزار مەتر سێجا ئاو دابین بکات».

بەپێی ئـەو زانـیـاریـانـەی دەسـت ڕۆژنامە کەوتوون، لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە بەڕێوەبەرێتی ئاوی کەرکوک پرۆژەیەکی ئاوی لە قەزای پردێ بۆ کەرکوک تۆمار کـردووە، دوای ئـەوەی لە ساڵی (٢٠٠٨) وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی عێراق، بەڕێوەبەرێتی ئاوی کەرکوک ئاگادار کرایەوە بە ئامادەکردنی زەوی‌و دیزاینی شوێنەکە، بەڵام تائێستا ئەو پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراقەوە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڕێوەبەری ئاوی کەرکوک ئاماژە بە جێبەجێکردنی دوو پرۆژەی ئاوی کەرکوک دەکات‌و دەڵێت: «بڕیار دراوە لە بودجەی پترۆ دۆلار، پرۆژەی ئاوی پردێ جێبەجێ بکرێت، هەرچەندە ئێمە چوار ساڵە زەوی‌و دیزاینەکەیمان ئامادەکردووە، هەروەها قۆناغی دووەمی پرۆژەی کەیوانیش لەم ڕۆژانـەدا بـەردی بناغەکەی دادەنێین، ئەگەر ئەو دوو پرۆژەیەش بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە لە ساڵی (٢٠٣٠) کێشەی کەمئاویی لەکەرکوک چارەسەر دەکرێت»

بەپێی ئـەو دۆکیۆمێنتەی دەسـت ڕۆژنامە کەوتووە، لە ماوەی (٩) مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بەڕێوەبەرێتی ئاوی کەرکوک لە کۆی (٥) ملیارو (٨٩٩) ملیۆن‌و (٧٧٥) هەزار دیناری بودجەی دیاریکراوی پەرەپێدانی هەرێمەکان، تەنیا (١) ملیارو (٥٢٥) ملیۆن‌و (٧٢٠) هـەزار دیناری خەرجکردووە، بەوپێیەش ڕێژەی (١١،٥٨٪) بودجەی دیاریکراوی سەرفکردووە، بە نۆیەم فەرمانگە دێت لە ئاستی جێبەجێکردنی بودجەی دیاریکراوی فەرمانگەکان لە کۆی (١٤) فەرمانگەی حکومەتی عێراق لە پارێزگای کەرکوک.

بە بڕوای پسپۆڕانی بواری ئابووریی دەکرا بە بودجەی دیاریکراوی بەڕێوەبەرێتی ئاوی کەرکوک، چەندین بیری ئیرتیوازیی لە کەرکوک دروستبکرایەو بەشێک لە کێشەی کەمئاویی لە شارەکە چارەسەر بکردایە.

ئامانج زەنگەنە، پسپۆڕی بواری ئابووریی پێیوایە: «بودجەی دیاریکراوی بەڕێوەبەرێتی ئاوی کەرکوک ڕێژەیەکی باشە، کە تا ڕادەیـەک کێشەی کەمئاویی چارەسەر بکات، نەوەکو ئەوەی کە پارەی ساڵانەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، کات بەفیڕۆدان لە ئاستی جێبەجێکردنی بودجە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی پارێزگاکەو تا ئیدارەیەکی کارا لە شێوازو چۆنێتی سەرفکردنی بودجە نەخاتەگەڕ، هەمیشە لە قەیراندا دەمێنێتەوە، بە تایبەت کێشەی کەمئاویی».

وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق چەندین جار بەڵێنی دروستکردنی پرۆژەی گرنگی ئاوی بۆ شارەکە داوە، بەڵام تائێستا تەنیا یەک پرۆژەی ئاو ئەنجامدراوە، ئەویش لە قەزای حەویجەیە بە بودجەی (٢٣) ملیار دینارو وابڕیارە لە ئەمساڵدا دوو پرۆژەی خەزنکردنی ئـاو لە کـەرکـوک دروسـت بکرێت، هەرچەندە تائێستا لە ئیحالەکردن مـاونـەتـەوەو نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.



یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کەرکوک بۆ نەبوونی خزمەتگوزاریی

فۆتۆ: ڕۆژنامە

# گۆڕانو ڕێکخراوە پیشەییەکان



شاڵاو مەحمود

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی کاری سیاسیو ڕێکخراوەیی لە کوردستانو عێراقدا، ئەوەمان دەخاتەوە بەرچاو کە هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی لە رابردوودا لەم وڵاتەدا دروست بوونو کاریان کردووە، هیچ کات کاریان بۆ ئەوە نەکردووە، یاخود ڕێگەیان نەداوە کە پیشەوەرو پیشەکارانی ئەم وڵاتە، خاوەنی کۆمەڵە، یان سەندیکاو ڕێکخراوی پیشەیی سەربەخۆی خۆیان بنو هێزو تواناکانیان بەجۆرێک بەکاربهێنن کە لەپێناو هاتنەدی خواستە پیشەییەکانیاندا بێت، بەڵکو هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە، لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی بۆ مەبەستی خۆیان داتاشراوی بە ڕواڵەت پیشەیی، توانای پیشەکارانیان لەقاڵبداوە، بۆیە بەشی هەرەزۆری ئەم ڕێکخراوە پیشەییانەی دەیانبینین، نەک سەربەخۆ نین، بەڵکو زۆرجار لە پاشکۆی حیزبێکی سیاسیش زیاتر دەبینرێنو وەک ئۆرگانێکی سیاسیی حیزبەکە دەردەکەون.

ڕەنگە روبەڕووی ئەوە ببمەوەو بڵێن، خۆ زۆر حیزبی ئەورووپایی هەن کە هێزو توانای خۆیان لە سەندیکاکان وەرگرتووە، یان لەسەر بناغەی سەندیکایەکی پیشەیی خانووی بە حیزببوونیان دروستکردووە، لەوانە (سۆسیال دیموکراتەکان، یان پارتی کرێکارانی بەریتانیا)، ئەمە زۆر ڕاستەو بەجێیە، بەڵام کاتێک ڕێخکراوێکی پیشەیی هەست دەکات کە بووەتە مینبەری چینێک کە زۆرینەی دانیشتووانی وڵاتەکەی پێکدەهێنێتو هەست دەکات کە ئەگەر وەک حیزبێکی سیاسیی خۆی رابگەیەنێت، دەتوانێت دەوری ئیجابیتر ببینێت، یان بە ئاشکرا شێوەی ڕێکخستنی سیاسیی خۆی لەسەر ئەساسی سەندیکا پیشەییەکانی وڵاتەکەی دادەمەزرێنێتو لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا بەشی تایبەت بەم سەندیکایانە دەبەخشێت، واتە هەر لە سەرەتاوە هێزو توانای خۆی لە سەندیکا پیشەییەکان وەردەگرێتو جیاوازە لەوەی هەستێت بە دروستکردنی دەیان ڕێکخراوو سەندیکای بەناو پیشەیی بۆ کاری دیماگۆگیانە، وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستانی خۆمان دەیبینین کە زیاتر لە (١١٠٠) بەناو دامەزراوەو ڕێکخراوو سەندیکای کۆمەڵگای مەدەنی هەن، کە ژمارەی سەربەخۆکانیان لە پەنجەی دەست تێپەڕناکەن.

هەموو حیزبێک دەیان ڕێکخراوی بەناوی پیشەییو جەماوەری دروستکردووەو لە زۆربەی حیزبەکان، مەکتەبو دەزگای تایبەت بە سەرپەرشتیکردنیان هەیە، کە ئەندامێکی پایە بڵندی ئەو حیزبە لێپرسراوێتی دەکاتو بودجەی تایبەت بەو بوارە تەرخانکراوە، ئەمانە ئەوەندە حیزبین کە توێژەکەیان، یان چینەکەیان تووشی هەر کارەساتو کێشەکیشمێک ببێت، متەقیان لێنایەت ئەگەر حیزبەکەیان ئاراستەیان نەکات، ئەمە جگە لەوەی کە بوونەتە هۆی پارچەپارچەبوونی توانای توێژەکانیان لەژێر ناوی جیاجادا. ئەگەر ژنان بەنموونە بهێنینەوە (یەکێتیی ژنان، ئافرەتان، خوشکانی موسوڵمان هتد...).

لەم سەروبەندەدا کە بزووتنەوەی گۆڕان خەریکی خۆڕێکخستنە، دەبێت بەجۆرێک خۆی ڕێکبخات کە هەم پێگەی خۆی لەناو پیشە جیاوازەکاندا بەهێز بکاتو هەم کارێک بکات (پیشەییەکان) خاوەنی ڕێکخراوو سەندیکای پیشەیی سەربەخۆی خۆیان بن، بەجۆرێک نەبێتە فوتۆکۆپی حیزبە سیاسییەکانی پێش خۆی، هەرچەندە تا ئێستا چەند جارێک لەلایەن سەرۆکی بزووتنەوەکەوە ئەوە دووپات کراوەتەوە کە ئەوان ڕێکخراوی پیشەیی دروست ناکەن، بەڵام بوونی (رایەڵە پیشەییەکان) کە بەڕێز (......) سەرۆکایەتی دەکات، ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە، هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ (مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان) کە باڵی ریفۆرمی ناو یەکێتی یەکێک لە پێشنیازەکانیان هەڵوەشاندنەوەی ئەو مەکتەبە بوو لەکاتی خۆیدا، بۆ هێنانەدی ئەم دوو مەبەستەی سەرەوە، دەبێت گۆڕان ئەم هەنگاوانە بنێت:

١. کارکردن بۆ دیاریکردنی بوجەیەکی تایبەت بە یارمەتیدانی ڕێکخراوو سەندیکا پیشەییە سەربەخۆکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆئەوەی لە رووی پارەوە چاو لەدەستو لە ژێر گوشاری هیچ لایەنێکی سیاسیدا نەبن.

٢. هاندانو پشتیوانیکردنی چینو توێژو خاوەن پیشە جیاوازەکان لە هەموو روویەکەوە، بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا داوای لایەنگریکردنی گۆڕانیان لێبکرێت .

٣. هەڵوەشاندنەوەی رایەڵە پیشەییەکانی گۆڕان، یان دارشتنەوەی لە فۆرمێکدا، کە کاری بڵاوکردنەوەی هوشیاریی بێت لەسەر چەمکو شیوازەکانی کارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو هاندانیان بۆ گەشەکردنی زیاتر.

٤. دروست نەکردنی هیچ لیستێک بۆ هەڵبژادنە پیشەییەکان بەناوی لیستی گۆڕانەوەو لە جیاتی ئەوە کار بکرێت بۆ بوونی لیستی سەربەخۆ بە هاوکاریی لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆن، وەک ئەوەی لە هەڵبژاردنی پارێزەراندا کرا.

٥. دارشتنەوەی بەرنامەی سیاسیی گۆڕان لەئایندەدا بەجۆرێک کە هەموو ڕێکخراوە پیشەییەکان وا هەست بکەن، بە سەرکەوتنی گۆڕانو جێبەجێکردنی بەرنامەکەی، خواستو داواکارییە پیشەییەکانی ئەوانیش دێتەدی.

٦. بزووتنەوەی گۆڕان، لەناو هەموو پیشەکاندا، وەک ڕێکخستنی سیاسیی خەڵک ڕێکبخات بە ئاشکرا بۆ ئامانجی سیاسیی، نەک لەژێر ناوو پەردەی تردا.

٧. لە جیاتی رایەڵە، گۆڕان لەو شوێنانەی چڕی کەسە پیشەییەکانی لێیە، بازنەو گرووپی پشتیوانیی گۆڕان دروستبکات، بەشێوەی گەڕەکو کۆڵانەکان، بۆ نموونە لە زانکۆو پەیمانگاکان، بازنەی ڕێکخستنی مامۆستایان، یان خوێندکاران هەبێت، کە ئەمە مافی هەموو حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسییە، بە مەرجێک ئەم ئۆرگانانە بەهیچ جۆرێک دەست نەخەنە کاروباری ئەو شوێنانەوە.

٨. لەو شوێنانەی چڕیی کەسە پیشەییەکان کەمترە، بۆنموونە ناوەندییو بنەڕەتییەکان، گرووپی پشتیوانیی مامۆستایانو خوێندکاران هەبێتو ببەسترێنەوە بە بازنەکانی گۆڕان لە سنوورەکەی خۆیان، بۆئەوەش ناوی ڕێکخەری رایەڵەکان لە بازنەکان بگۆڕدرێت بۆ ڕێکخەری گرووپە پشتیوانە پیشەییەکان.

بەو هیوایەی کە ئەم نووسینەم بناغەی پرۆژەیەک بێت بۆ خزمەتکردنی ڕێکخراوە پیشەییەکانو بەهێزبوونی پێگەکانی دیموکراسیو گەشتنی گەلەکەمان بە سەرکەوتن لەهێنانەدی گۆڕاندا.

# دەستو پەنجەیەکی پیرۆز بۆ گرێکوێرەکان



نازم سائیغ

نزیکەی بیست ساڵە چەند گرێیەک هەر بە کوێریو وەک خۆی ماوەتەوە، نەک هەر نەکراونەتەوە، بەڵکو ئاڵۆزتریش بوون، لەم ماوەیەشدا چەند گرێکوێرەی تریش بەرەو کرانەوەو نەمان چوون، ئەمەش جێگەی دڵخۆشیی گەلەکەمانو دۆستی گەلەکەمانە، ئەم گرێکوێرەیەش، گرێکوێرەی نێوان بەرەی تورکمانیو هەردووک لە پارتیو یەکێتییە، کەسیش نەبووە بۆ ئەم کێشانە چارەسەرێکی ناوخۆیی بۆ بدۆزێتەوەو دوور لە خۆباییبوونو خۆ بەزلزانین، کەواتە ئەگەر توانیمان ئەم کێشانە بخەینە ناو بازنەیەکی تەسکو هۆکارەکانیمان دەستنیشان کرد، ئەوا زۆر بە ئاسانیی دەتوانین چارەسەری بە سەروبەری بۆ دابنێین، بەڵام وا دیارە هیچ دەستو پەنجەیەکی پیرۆز نەبووە بۆ کردنەوەی ئەم گرێکوێرانە، وادیارە ئەوانەی ئێستا ڕێبەرایەتی بەرپرسیارێتی لەم بوارە دەکەن، قازانجی تاکەکەسییان لە مانەوەی ئەم کێشانەیە، بۆ نموونە راوێژکارو یاریدەدەرو ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم لایەنانە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیتوانیوە ئازایانە پرۆژەیەک لەم بارەیەوە دابڕێژێنو بیخەنە بەردەستی سەرۆکەکانیانو داوا بکەنو بڵێن؛ جەنابی سەرۆک ئەم پرۆژەیە خزمەت بە کێشەکەمان دەگەیەنێتو چارەسەری گرفتەکان دەکات، داوات لێ دەکەین دیراسەیەکی تێروتەسەلی بۆ بکەیتو لە کۆبوونەوەکانمان گفتوگۆی لەسەر بکەین، تا کۆتایی بەم کێشانە بهێنینو چیایەک لە گرفت بۆ نەوەکانی دواڕۆژمان جێنەهێڵین، کە دەڵێین سەرۆک مەبەستمان لە سەرۆکی گشت لایەنەکانە، جا لەم بڕوایەدانیم سەرۆکیش ئەو داوایە ڕەتبکاتەوەو لێیان زویربێتو دەریان بکات، بەڵام بڕواتان هەبێت، براینە، ئێمەو لێپرسراوەکان خۆمان دیکتاتۆر بۆ خۆمان دروست دەکەین، لەجیاتی ئەمانەی باسم کرد، دەچنە لای سەرۆکەکەیان هەتا قسەی خراپ هەبێت، قسەی باش ناکەنو تەنیا لە کڕنووشبردن پسپۆڕنو دەڵێن؛ جەنابی سەرۆک هەر تۆیو هەر سەرۆکایەتی لە شانو شەوکەتی جەنابت دێت، جگە لە تۆ کەس قابیلی ئەم شوێنە نییە، جا توخودا براینە کامەیان خزمەت بە گەلو جەنابی سەرۆک دەکات، پرۆژەیەکی لەم شێوەیەی کە باسمان کرد، یاخود ئەم جۆرە قسانە، واتە با ئێمەش نەبین بە ماستاوچیو بچینە ناوەخنی بابەتەکەمان، ئێمە بەر لە ساڵانی نەوەدەکان هیچ کێشەیەکمان نەبووە، وەک تورکمانو کورد هەردوو لامان لەژێر زوڵمو چەوسانەوەدا بووین، مانای چییە ئێمەتان ڕووبەڕووی دووبەرەکیی کردەوە؟! ناڵێم دوژمنی یەکتر؟ چونکە ئەم دوو گەلەو گەلی ئاشووریش، هاودۆستی مێژوویین لەسەر ئەم خاکەدا، بەر لە هاتنی ئێوە بە یەکەوە ژیاون، هاوخۆشییو هاوخەمی یەکتریان کردووە، ئێمە داواکارین ئەو دەستانە، ببڕێن کە هەوڵی درێژەپێدانی ئەم کێشانە دەدەن، ئێمەش دەمانەوێت هەڵویستیان بەرامبەر وەرگرین، چونکە ناکرێت یەک بڵێت، من داوای ئاشتیو ئاشتبوونەوە دەکەم، بەڵام ئەوەی تر نایەوێتو ئەویتریش بە پێچەوانەی ئەم قسە بکات، من لێرەدا وەک چالاکوانێکو هاوڵاتییەکی تورکمان داوا دەکەم لەم لایەنانە کەوا دوور لە دەستی دەرەکییو دوور لە خۆباییبوونو خۆبەزلزانینو پەیڕەوکردنی هەستی نەتەوایەتی، دوور لەوەی بڵێن؛ ئێمە دژی ئێوە نینو مافەکانی ئێوەمان داوەو ئێوە نوێنەری گەل نین، بە مەبەستی هیچ شتێک ئەمە وەک نموونە دێنم، لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ دەرچوونی بەیاننامەی ئازار لەلایەن ڕژێمی بەعس دوو پارتی کوردی دەستکردی داناو ئەوانی بە نوێنەری میللەت ناسیو هیچ حسابێکی بۆ ئەوانی تر نەکرد، بەڵام چونکە بڕیارەکە نامرۆڤانەو زاڵمانەبوو، سەری نەگرتو هەڵوەشایەوە، ئەوانەی کە وەک بەردی شەترەنج لەسەر گۆڕەپانەکەش وازییان دەکرد بوون بە پەندی زەمانە، با ئێمەش سوود لەم هەڵە مێژووییەی ڕژێم وەربگرینو دووبارەی نەکەینەوە، دەمەوێت بە راشکاوانەش ئەم پرسیارە بکەم، ئایا سەرکردایەتی کورد چەند سوودی لەو لایەنە تورکمانە دەستکردانە وەرگرتووە بۆ پێشخستنی ڕەوڕەوەی کێشەی گەلی کورد؟ ئایا تورکمان چەند سوودی لەم ئەزموونە وەرگرتووە؟ بێ شک دەتوانین بڵێین؛ هیچ لایەک سوودمەند نەبوون، بەڵکو زەرەرمەندبوون، چونکە کێشەکانی هەردوو گەلی تورکمانو کورد هەروەک خۆی ماوەتەوە، تەنیا چەند تاکە کەسێک نەبێت سوودمەندن لە ماڵو موڵکی گەل، لێرەدا دەمەوێت کۆتایی بە بابەتەکەم بهێنمو دەمەوێت ئەم بابەتەم کەرەستەیەک بێت بۆ دارشتنی پرۆژەیەکو بە دانوستان دەست پێبکاتو لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بەبێ مەرج دانیشتنو هەوڵی دامەزراندنی دەزگایەک بۆ تاوتوێکردنی کارەکان، واتە (**ورشة عمل**) بدرێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانو خۆئامادەکردن بۆ سازدانی کۆنگرەیەک بۆ بنبڕکردنی کێشەکانو هیچ گرفتێک بۆ نەوەکانمان جی نەهێڵینو ببین بە نموونە بۆ گەلانی تر، ئەو دەستو پەنجە پیرۆزو زێڕینانەش هەر نەڕزن.

## لە پەرلەمانەوە



کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# دەرفەتێک بۆ ڕەتکردنەوەی یاسای خۆپیشاندان

لە ڕۆژی (١١/٣)دا لە هۆڵی پەرلەمان، پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا, لە زۆر بڕگەو دەقدا ناکۆک بووین لەگەڵ ئەوەی لە هەندێکیاندا کۆک بووین، سەرەڕای ناکۆکییە زۆرەکانو کۆکییە کەمەکان, پێشکەوتنی شێوازی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان بە خاڵێکی ئیجابیی دەزانمو خاڵی بنەڕەتیی ناکۆکییەکانمان کلیلی پرۆژەکەبوو, کامیان (مۆڵەتدان، یان ئاگادارکردنەوە)؟

خۆپیشاندان کە مافێکی سروشتیو دەستوورییە، نابێت پێچەوانەی پێوەرەکانی مافی مرۆڤو ئازادییو دیموکراتیو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بێت.

هەرچەندە هێشتا دەرفەتێک ماوە کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەقی پرۆژەیاسایەکە ڕەتبکاتەوە، لەبەرئەوەی دەرکردنی ئەم یاسایە، نیگەرانییو مەترسییەکانمان لەسەر ئازادییو مافەمەدەنییەکان زیاد دەکاتو ئەزموونی هەرێمەکەمان دەخات ژێرپرسیارەوە.

ئەگەر ئاماژەیەکی کورت بە گرفتەکانی مۆڵەتدان بدەین، خۆی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١. پێچەوانەی مافە دەستوورییو مەدەنییەکانە.

٢. بەکارهێنانی دەستەواژەی سیستەمو ئادابی گشتی وەک چەمکێکی لاستیکی, تەگەرێکی زەقە کە میزاجی کەسیی ڕۆڵ دەبینێت لە زەوتکردنی ئەم مافەدا.

٣. هاوڵاتییان لە کاتی داواکارییەکی ڕەوای خزمەتگوزاریی ژیانی ڕۆژانەیاندا، بیانەوێت لە چالاکییەکی مەدەنییو شارستانیدا، کەمتەرخەمیی سەرۆکی یەکەیەکی ئیداریی شار، یان شارۆچکەکەیان بخەنەڕوو، ئەم سەرۆکە هەتا پێی بکرێت، مۆڵەتیان ناداتێ.

٤. لە پێناسەی خۆپیشاندانداا، زۆر باسی(خۆپیشاندانی لەناکاو) کرا، وەک شێوازێک لە خۆپیشاندان، نەک بواری مۆڵەت وەرگرتن، بەڵکو بواری ئاگادارکردنەوەش نییە، چونکە پەرچەکردارێکی خێراو خۆبەخۆیە لە بەرامبەر بڕیارێکدا، سیاسیی، یان کارگێڕیی ڕوو دەدات، کەچی لە ڕێکخستنە یاساییەکەدا دەرفەت نەدرا لەم یاسایەدا ڕێکبخرێت, ڕۆژانە ڕوودەداتو بە دەستی خۆمان هاوڵاتییانی خۆمان دەخەینە دۆخێکی نایاسایی.

٥. لە یاسای ئەحزابی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی کە خاوەن مۆڵەتن، دەتوانن کۆبوونەوەی گشتییو خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، کەچی پاش (١٨)ساڵ پێشکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، پاشگەز دەبینەوەو داوادەکرێت مۆڵەت وەربگرن.

٦. هەڵکەوتی ئەزموونەکەمان، جێگیربوونی دابڕاو نییە لە کێشەیەکی سیاسیی نەتەوەیی کە پەیوەندیدارە بە مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکەمانو هەر هەڵوێستێکی نەتەوەیی پێویستو دروستکردنی رای گشتی لەبەرامبەر هەر بێمافییەک کە دەرهەق بە میللەتەکەمان دەکرێت، وەرگرتنی پێدانی مۆڵەت لەلایەن حکومەتەوە، گەلێک شوێنەوارو گوشاری ئابووریو سیاسیی لێدەکەوێتەوە، بۆیە لە بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەماندایە کە لایەنە فەرمییەکان بیانوویان نەبێت بۆ ئەوەی ڕێگریی بکەن.

٧. هەر سەرپێچییەک، یان کارێکی ئاژاوەگێڕو تاوانئامێز، یاسای سزادانی بەرکار بەسەردا جێبەجێدەکرێت، بەڵام لەم یاسایەدا (مانگێک) وەک سزا دانراوە بۆ هەر کەسێک کە سەرپێچیی ئەم یاسایە بکات.

دوای تێپەڕاندنی یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان، رای گشتییو شەقام، یاساکە بە کۆتو بەند دەزانن لەبەرامبەر ئازادیی ڕادەربڕینو خۆپیشاندانیش وەکو چالاکییەکی کردەیی، شارستانیو مەدەنیی ئازادیی ڕادەربڕین، دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوەو هەر لەم ڕوانگەیەوە، بەڕاستیی دەزانم کە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ داخوازییو خواستی کۆمەڵگای مەدەنیو ڕای گشتی بێت بۆ ڕەتکردنەوەی یاساکە.

بەناوی بنەماڵەی جوانەمەرگی یاساناس (شێخ بەرزانی سۆڵە) وە سوپاسی یەک بە یەکی ئەو کەسو لایەنانە دەکەین، کە هەر لە مەراسیمی بە خاکسپاردنییەوە تا چەند ڕۆژ دوای پرسەکەی بەشدارییان لەگەڵ کردووین، خەمو ئازاریان کەم کردینەوەو لە هەمان کاتدا داوا دەکەین هیچ کەسو لایەنێکی بەڕێز جوانەمەرگ نەکاتە مولکو لایەنگری خۆی.
لەگەڵ ڕێزدا...
**لە جیاتی بنەماڵە**
**شێخ جەبار شێخ محەمەد سۆڵەیی**

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای وشە

**سەرنووسەر:** ئازاد چالاک

**بەڕێوەبەری نووسین**
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

**لێپرسراوی هونەری**
شاخەوان ئەنوەر
٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦
shakhawan.shdn@gmail.com

**کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری**
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - زەرگەتە - گردی زەرگەتە - کۆمپانیای وشە
**ئۆفیسی هەولێر:**
گەڕەکی زانکۆ - چوارڕێیانی حەمرین - تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# دوو بەرەی دژ بەیەک، لە کوردستاندا



سەیفەدین مەنمی

ململانێی مرۆڤەکان لەم جیهانەدا، هەمیشە لە دوو جەمسەری سەرەکیدا خۆی بینیوەتەوە، جەمسەرێک پابەندبەئازادیی‌ودوورلەهەر لەکەیەکی چەوساندنەوەو نادادپەروەریی، دوور لەهەر بنەمایەکی ستەمو توندوتیژیی‌و کوشتو کوشتار.

جەمسەری دووەم، پابەند بەهەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی، دژ بەهەر بیروڕایەکی ئازادو بنەما دیموکراسییەکان، دوور لەهەر خواستێکی گەل‌و بەرژەوەندییەکی گشتیی‌و پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ، دوور لەهەر بەهایەکی پیرۆزی مرۆڤایەتی، دۆست بەهەر سەرکوتکردنێک لەناو کۆمەلگەدا.

ئێستا مێژووی ئەم دوو جەمسەرە لەکوردستاندا، لە دووبارەبوونەوەدایە، واتە مێژووی بەرەی ئازادو ئازادیخوازو بەرەی ستەمو چەوساندنەوە.

بەرەی یەکەم، بەرەیەکی تازەپێگەیشتوو، تازەپێگرتوو، تازە زمانگرتوو، بەڵام بەرەیەکی بەئیرادە، بەرەیەکی سەرسەخت لەپێناو بەدیهێنانی خەون‌و خولیاکاندا، مافە خوراوەکاندا، لەپێناو گێڕانەوەی بەها جوانەکانی هاوڵاتیبوون بۆ هەر تاکێکی ئەم کۆمەلگەیە بەبێ جیاوازیی، بەرەیەک تینوو بەئازادیی رادەربڕین، تینوو بە بەرژەوەندییە گشتییەکان‌و پاراستنیان، عاشق بە بەرپەرچدانەوەی ستەمەکانی، چەوساندنەوەکان، پێشێلکارییە یاسایی‌و ئیخلاقییەکان، عاشق بەئایندەیەکی پرشنگدارو سەربەستی دوارۆژی ئەم کۆمەلگەیە.

بەرەی یەکەم، بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی‌و رێکخراوەیی مەدەنی پابەند بە خزمەتگوزاریی شارستانی نەتەوەیی نیشتمان، عاشق بە عەدالەتی کۆمەلایەتی، بەڕێوەبردن لەهەموو جومگەکانی دەسەلاتدا لەپێناو دروستکردنی دوارۆژێکی پڕهیوا، پڕئومێد بۆ سەرجەم چین‌و توێژەکانی کۆمەلگە.

بەرەی دووەم، بەرەیەکی دەسەلاتداری پابەند بە بڕیارە حیزبیی‌و رێکخراوە حیزبییەکان، دوور لەهەر بەرژەوەندییەکی گشتی، بێمنەت لەهەر رەخنەو بۆچوونێک، بێمنەت بەهەر دوارۆژێکی ئەم نەتەوەو نیشتمانە.

ئەم دوو پێناسەیە، ئێستا لەکوردستاندا دوو بەرەی دەستەویەخەی یەکترن‌و هەریەکەو لە روانگەی ئامانجەکانی خۆیەوە لە هەوڵ‌و تێکۆشاندایە.

یەکەم، بەشێوەی شەڕانگێزیی‌و سەرکوتکردن‌و بەفیرۆدانی سەروەت‌و سامانی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی، گرتن‌و رفاندن‌و کوشتنی رۆژنامەنووسان‌و رەخنەگران‌و رووناکبیرانی ئازاد، دەمبەستکردن‌و پەلاماری نارەوا بۆ سەر میدیای ئازادو رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵە ئازادەکان‌و تۆمارکردنی سکاڵای بێبنەما لەسەریان، سووتاندنی خانووی بیرە ئازادەکان، سەیارەی چالاکوانە مەدەنییەکان‌و دەستڕێژی گوللە لەماڵەکانیان‌و هەڕەشەو چاوسورکردنەوە لە بەردەوامیی کارو چالاکییەکانیان لەبەرەی ئازادیدا. دەسەلاتێک کە ئەمن‌و ئاسایشی نیشتمانیی‌و نەتەوەیی لەدەمکوتکردنی میدیای ئازادو قەڵەمی ئازاددا دەبینێتەوە، لە دژایەتی رووماڵکردنی کارو چالاکییەکانی پەرلەماندا دەبینێتەوە، دەسەلاتێک کە پاراستنی بەرژەوەندییە حیزبیی‌و شەخسییەکانی لا گرنگترو پیرۆزترە لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی وڵات‌و قەبەکردنی گیرفانی بەرپرسان‌و دەوڵەمەندکردنی مەنسوب‌و مەحسوبەکانی خۆیان‌و پەراوێزخستنی کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان‌و کیمیاباران‌و کەمئەندامان‌و زیندانییانی سیاسیی‌و پیاوانی ئایینی نیشتمانپەروەر.

دەسەلاتێک، ئامادەیە لەسەر (٥)هەزاری چاپی نوێ، شەخسیەتی مەعنەویی جێگری شارەوانیی شارێکی خاوەن قوربانیی وەکو هەڵەبجە بدات بە دادگاو لێکۆلینەوەی لەگەلدا بکەن‌و بیخەنە زیندانەوە، بەڵام ئامادە نین کە لێکۆلینەوە لەملیۆنان دۆلاری نەوتی ئاودیوکراو بکەن‌و قاچاخچییەکانی بدەن بە دادگاو لێکۆلینەوە لە پێشێلکارییە ئیدارییەکان بکرێت لە وڵاتدا.

ئامادەنین، لێکۆلینەوە لە بەلگەو دۆکیۆمێنتەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکان بکەن کە بەلێنی بە پەرلەمانی کوردستان دا، پوول بە پوول‌و وەسڵ بەوەسلی داهات بۆ پەرلەمان روون بکاتەوە، کەچی بەلێنەکەی ئەمیش بەدەردی لیژنەی لێکۆلینەوەکەی (سەردەشت عوسمان) بەجوانە مەرگ بوو، ئەم رەفتارانەی دەسەلات وایان کردووە کە بەرەی ئۆپۆزسیۆن هەنگاوەکانی گورجترو هەولەکانی چڕتربکاتەوە لەپێناو بەیاساییکردنی سەرجەم جومگەکانی دەسەلات‌و بەخشینی خوێنێکی تازە بەگیانی عەدالەت‌و دادپەروەریدا، بەگیانی مافەکانی مرۆڤ‌و سیستمی دیموکراسیدا، بەگیانی ئازادیی رادەربڕین‌و میدیای ئازادو بیری ئازاددا، بەگیانی تەبایی‌و یەکهەلوێستی‌و یەکئامانجیدا، بۆ دڕدان بە شەوەزەنگی نادادپەروەریی‌و پرۆسەی سەرکوتکردن‌و ئابلوقەی ئازادیی‌و کۆت‌و بەندو کۆیلەکردنی بیرە ئازادەکان، تا دەگەینە ئەو هەوارەی لە لوتکەی دلنیاییدایەو چاوەڕوانی کاروانەکەمانە.

# کورد، لە بێپلانیدا، بەهێزترین کارتی فشاری لە دەست دا



هێمن کامیل

لە شەش ساڵی رابردوداو لە سەردەمی هەرسێ کابینەکەی عەلاوی‌و جەعفەری‌و مالیکیدا، هیچ یەکێک لە مەسەلەچارەنووسسازوگەوهەرییەکانی نێوان ناوەندو هەرێم چارەسەرنەکران، ئەگەرچی لە سەرەتای هەر کابینەیەکدا، جۆرێک لە نەرمیی هەبووەو هەر یەک لەو سێ کەسە، وا خۆیان نمایشکردووە کە دەیانەوێت داواکارییە سەرەکییەکانی کورد جێبەجێ بکەن، بەڵام کات تێپەڕی‌و ئەو چەند خاڵای کە مایەی ناکۆکین، وەکو خۆیان مانەوەو زیرەکانە توانییان خۆیانی لێبدزنەوە.

فاکتەری چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەی کە کورد لە پێناویاندا رووبارێک خوێنی بەخشیوە، هەرچییەک بێت، ئەوا بێپلانی‌و بێبەرنامەیی‌و ئامادەسازیی نەکردن بۆ ئەو گۆڕانکارییە سیاسییەی ساڵی (٢٠٠٣)ی عێراق، لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان‌و پێش هۆکارە دەرەکیی‌و ناکوردییەکان دەکەون، چونکە کورد نەیتوانی لە ئاست ئەو هەلە مێژووییدا بێت کە بۆی رەخسا.

نەنگیی‌و لاوازییەکی ئێجگار گەورەیە بۆ نەتەوەیەکی چەندجار جینۆسایدکراو لەلایەن نەتەوەی زۆرینەوە، کەچی ئەمرۆ لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا، بەهێزترین‌و کاریگەرترین کارتی فشاری جیابوونەوەو سەربەخۆیی نەبێت لە نەتەوەی زۆرینەو سەر دەستە.

کێ بەرپرسە لەوەی کە لە ئێستادا هێزە سیاسییە عەرەبییەکان، نەچنە ژێر باری جێبەجێکردنی سەرجەم داواکارییەکانی کوردەوە؟

رام وایە، ئەگەر سەرکردایەتییەکی سیاسیی سەنگین‌و بە بەرنامەمان هەبوایە، ئەوا دەبوو لە ئەمرۆدا عەرەبی عێراق هەموو هەولێکیان بۆ ئەوە بوایە، کە ئەم پارچەیەی کوردستان، وەک بەشێک لە عێراق بهێڵنەوەو ئەوان کاریان بۆ رازیکردنی ئێمە بکردایە، ئەمەش هەر بە قسە نەدەکرا، بەڵکو کاتێک بە کردەوە واقیعێکی‌سیاسی‌وئابووری‌وکۆمەلایەتی لەم هەرێمدا فەراهەم بکرایە کە بێئەوەی خۆمان بانگەشەی بۆ بکەین، لایەنی بەرامبەر کە عەرەبی عێراقە، هەستیان بە مەترسی جیابوونەوەمان بکردایە، نەک ئەوەی کە ئێستا دەگوزەرێت، ئێمەی کورد ئەم لیست‌و ئەو لیست دەکەین تا لایەنێکی عێراقی بدۆزینەوەو رازی بێت بە داواکارییەکانمان.

لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، جۆرە داوایەکی شەرمنانە هەبوو بەوەی کە مادەیەک لە دەستووردا دابنرێت کە کورد دوای چەند ساڵێک، مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی هەبێت، بەڵام زۆر بەداخەوە، بە هۆی ئەوەی کە نەتوانرابوو ئامادەکاریی پێشوەختە بکەین بۆ پێشهاتە سیاسییەکان‌و یەکلایی نەکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانمان بەر لە چەند ساڵێک لە دەسەلاتخستنی بەعسییەکان، بۆیە ئەم داواکارییەی کورد، نەک هەر رەتکرایەوە، بەڵکو کورد نەیتوانی پێداگریشی لەسەر بکات‌و لە دەستووردا بیچەسپێنێت، ئەگەر بۆ رەمزیش بوایە، مافێکی دەستووریی لەم جۆرەمان هەبوایە، ئەوا لە قەیرانێکی سیاسی وەک ئەوەی لە ئێستادا لە ئارادایە، دەبووە کارتێکی بەهێزو ئەو کاتەش سەنگو قورساییمان بە جۆرێکی دیکە دەبوو.

جێکردنەوەی مادەیەکی لەو جۆرە لە دەستووردا، زەحمەت نەدەبوو ئەگەر ئەمری واقیع ئەوەی بخواستایەو پشتیوان بوایە، بەڵام کێشەو گرفتە سیاسییە ناوخۆییەکان کە تا هەنووکەش بنەبڕ نەکراون، ئەو هەلەیان لەباربردو تا چەند نەوەیەکی دیکەش، دەبێت باجەکەی بدەین‌و کەس ناتوانێت گرەنتی ئەوە بدات کە مێژوو جارێکی دیکە دووبارە دەبێتەوەو هەلێکی بیوێنەو زێڕینی لەو جۆرە، بۆ کورد دەڕەخسێت.

# خۆپیشاندان‌و مافەکانی



دانا هەڵەبجەیی

چالاکی خۆپیشاندان (Demonstration)، یان مانگرتن (Protest)، هەرچەندە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە لە ئەمریکاو ئەوروپا، بە شێوەیەکی خۆرسکیی‌و ناڕێکخراوەیی سەریهەلدا، بەڵام لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، یاساو رێسای تایبەت بە خۆی بۆ دروستکراو لە ساڵەکانی شەستەوە تا هەشتاکانیش، زۆر برەوی هەبوو، ئیدی لە نەوەدەکاندا بەرەو کزبوونەوە رۆیشت تا ساڵی (٢٠٠٠)و لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە، میتۆدێکی دیکەی فراوانتر وەدەرکەوت، کە ئەویش بزووتنەوەی دادپەروەریی گەردوونی بوو کە زیاتر بۆ پرسە نێونەتەوەییەکانی دنیا، ژمارەیەکی زۆرتر بەشدارییان تێدا دەکرد، وەک ئەوەی دژی لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە... Global justice movement.

خۆپیشاندان، یان مانگرتن، میتۆدێکی ئاکشنە، واتای هۆکارێکی پیشاندانی پەیامێکە لە زۆرترین کەسەوە بۆ زۆرترین کەس.

مافی خۆپیشاندان، یان مانگرتن، مافێکی دیموکراسییەو لە هەر شوێنێک دیموکراسی هەبوو، ئەمیش وەک پرۆسەیەکی دیموکراسی مامەلەی لەگەلدا دەکرێت، نەک وەک ئاژاوەگێڕیی‌و دژە دەسەلات.

خۆپیشاندان،یان مانگرتن،مانیفێستێکی رێکخراوەییە کە پەیامێکی تایبەتی پێیە بۆ رای گشتیی، یاخود دەزگایەکی تایبەت‌و بۆی هەیە بە نووسینی بەیاننامە، هوتافکێشان، دروشم بەرزکردنەوە، تەنانەت بە بێدەنگبوون بەڕێوەبچێت.

رێپێوان لە خالی ئەلف بۆ خالی بێ، کۆبوونەوە لە شوێنێکی دیاریکراوی گشتیدا (وەک بەردەرکی سەرا، بەردەم پەرلەمان)، شێوازێکی دیکەی خۆپیشاندانە.

لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی نین، تەنیا لە لەلایەن دەسەلاتەوە خەلک دەهێنرێتە سەر شەقام بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان‌و دادپەروەریی درۆینەی پەیامەکەیان، هەم بۆ خەلک ترساندن‌و هەم بۆ دوژمن گومڕاکردن، ئەو شێوە خۆپیشاندانە بەکاردەهێنرێن‌و ئەگەر گرووپێک، یان میللەت خۆپیشاندان بکات، بە ناچاریی بێمۆلەت دەڕژێنە سەر شەقام‌و دەسەلاتێش بە ئاگرو ئاسن خامۆشیان دەکات، وەک خۆپیشاندانەکانی کوردستانی ساڵەکانی (١٩٧٩-١٩٨١-١٩٨٤) لە هەڵەبجەو قەلادزێ‌و سلێمانی‌و هەولێر، دژی خوێندن بە عەرەبی‌و راگواستنی گوندەکان بەرپاکرا، کە چۆن بەرپەرچدرایەوە لە لایەن رژێمی ئەوسای بەعسەوە.

کەواتە، هاوڵاتی مافی خۆیەتی داوای مۆلەتی خۆپیشاندان بکات‌و دەسەلاتیش وەک پارێزگارێک لە مافەکانی هاوڵاتی، یاسای خۆی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان، یان مانگرتن.

## یاسای خۆپیشاندان:

سەرۆکی شارەوانی، بەڕێوەبەری شارۆچکە، شارەدێ، قایمقام، پارێزگار، یان بەرپرسی یەکەی بەڕێوەبەرێتیی شوێنگەیەک، مۆلەت دەدات بە خۆپیشاندان‌و ئەو، بۆی نییە لەبەر ئامانجی خۆپیشاندانەکە، یان ناوەڕۆکی پەیامەکەی مۆلەت نەدات بە خۆپیشاندانەکە، بەلکو بۆی هەیە رەوتی رێپێوانەکە، یان شوێنی خۆپیشاندانەکە بگۆڕێت، بەڵام مافی نەدانی مۆلەتیشی هەیە بە پێی یاسا، بەڵام کام یاسا؟ ئەو یاسایانەی کە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکان بۆ مافی مرۆڤ چەسپاندوویانن.

## چۆن داوای مۆلەت دەکرێت:

ماوەی (٤)رۆژی دەوێت تا مۆلەتی خۆپیشاندان بدرێت، بەڵام بۆ پرسی کتوپڕ، بە (٢٤)کاتژمێر مۆلەت وەرگیرێت، ئەگەر میتۆدەکانی خۆپیشاندان ئامادە بکرێت‌و بە رێگەی نامە، یان ئیمەیڵ‌و فاکس داواکارییەکە دەگەیەنرێتە سەرۆکی پۆلیسی گشتیی شارەکە، یان شارەدێکەو بەناوی کەسێکەوە، یان رێکخراوێکەوە نامەکە واژو دەکرێت‌و لە پۆلیسی ناوچەکەوە پێشکەش دەکرێت، ئەویش دەیدات بە بەڕێوەبەری یەکەی بەڕێوەبەرێتییەکەو ئەم خالانەی تێدا روون دەکرێنەوە:

– ناو، ناویشان‌و تەلەفۆنی داواکاری مۆلەتی خۆپیشاندان.

– ئامانجی، یان پەیامی خۆپیشاندان بەکورتی ( بۆ نموونە دژی بەرزبوونەوەی کرێی خانوو، کارەباو نەوت، یا فلان یاسای پەرلەمان)، ئیتر پێویست ناکات بەیاننامەکە داوابکرێت، یان ببینرێت لە لایەن پۆلیسەوە کە ئامانجەکان‌و داواکارییەکان چین.

– هۆکارەکانی بەکارهێنان لە خۆپیشاندانەکەدا (ئالا، دروشم، بلندگۆ، موزیک، ئۆتۆمبێلی کەرنەڤالی... تاد).

– کاتی دەستپێکردن‌و کۆتایی خۆپێشاندانەکە.

– شوێنی کۆبوونەوە گشتییەکەو خالی دەستپێکردن‌و کۆتایی رێپێوانەکە، نەخشەو رەوتی رێگاوبانەکان.

– ژمارەی بەشداربووان (بۆ نموونە لە ٥٠ تا ١٠٠ کەس).

– شێوازی رێکردنی رێپێوانەکە، بە پیادە، بە ئۆتۆمبێل، بە پایسکیل، ... تاد.

– ئەو هۆکارانەی کە خۆت بەکاریدەهێنی بۆ رێکخستن‌و باش بەڕێوەچوونی رەوتی خۆپیشاندانەکە، وەک چاودێر، رێکخەر بە پۆشاک‌و هێمای تایبەتی... تاد.

## ئەرک و خۆبەستنەوەی یاسایی لەکاتی خۆپیشاندانداا:

خۆبەستنەوەی خۆت، گرووپ، یان مانیفێستەکان لەکاتی خۆپیشاندانداا، پەیوەستە بەم خالانەی خوارەوە:

– رێگای هاتوچۆو مەیدان‌و چوارڕێگاکان نەبەسترێن‌و لە کاتی رۆیشتندا رێگای ئۆتۆمبێل نەگیرێت.

– شوێن‌و رێڕەوی خۆپیشاندانەکە بە پاکوخاوێنی لە پاش خۆی بەجێ بهێلرێت.

– نابێت دەنگی بلندگۆکان ئەوەندە بەرزبن کە خەلک بێزاربکەن.

– نابێت یاریی ئاگرین‌و تەقەی درۆینە بەکاربهێنرێن.

– لە (١٠٪)ی بەرپرسی رێکخستن‌و ئاگاداریی‌و باش بەڕێوەچوونی دەکەوێتە ئەستۆی رێکخەری خۆپیشاندانەکەو ئەوی تری پاسەوان‌و پۆلیس ئەنجامی دەدات.

– بەکارهێنانی ئەلکهول‌و جنێو قسەی بریندارکەر قەدەغەیە.

– بەکارهێنانی داروبەردو زیانگەیاندن بە موڵکی تاکەکەسی‌و گشتیی قەدەغەیە.

– بەکارهێنانی نووسین‌و دروشمی دژی ئاین‌و رەگەزو نەتەوەی جیاوازو بیروباوەڕەکان قەدەغەن.

لە کات‌و شوێنی پێویستدا، هەندێک شوێنی تایبەت دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی رەوتی خۆپیشاندانەکان، بە چاکی بەڕێوەبچن‌و ئامانجەکەشیان بگاتە جێی مەبەست.

گرنگترین یاسا ئەوەیە کە هەرکەسێکی بەشداربوو لەو خۆپیشاندانە، خۆی بەرپرسە لە هەلسوکەوت‌و کرداری خۆی، بۆ نموونە یەکێک شووشەی ئۆتۆمبێلێک دەشکێنێت، خۆی بەرپرسیارە کە یاسای مافی گشتیی چۆن سزای دەداو قەرەبووی دارایی لێدەسێنێت، نەک رێکخەری خۆپیشاندانەکە، چونکە هەر کەس خۆی باجی رەفتارە نەشیاوەکانی خۆی دەدات لەو کاتەداو پێویستە ئەم خالە لە لایەن رێکخەری خۆپیشاندانەکەوە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی چالاکییەکەیان بە هەموو ئەندامەکان رابگەیەنرێت.

ئەمە رێسای شاری لاهای هۆڵەندایە، ئیتر کوردستانیش پێش ئەوەی بکرێت بە دوبەی!، با سوودێک لە لاهای، شاری ئاشتی‌و دادپەروەریی جیهان وەربگرێت.

لە ئەورووپان وەرزی خۆپیشاندان بەسەرچوو، لای خۆشمان هەم نۆبەرەو هەم دانسقە.



# دوا سـەفـەر

نەهرۆ ساڵح دلۆ

دەڵێن؛ گەر بتەوێ لەبارەی رۆشنبیریی میللەتێ بزانی، دەبێت لە هونەرەکەیەوە دەست پێ بکەیت، ئێمەی میللەتی کوردیش خۆمان‌و نیشتمانەکەمان وەک جەستەیەکی لەت لەت کراوو بڵاوو پەرتەوازە خۆمان بە خاوەنی هونەرو کەلتوور دەزانین، کە ساڵەهایە نەوەکانمان شانازیی پێوە دەکەن.

فەلسەفەی هونەر لەوەدایە، کە جوانیی‌و هەست تێیدا نەمرەو هونەرمەندەکانیشی تەنیا جەستەیان پیر دەبێت‌و لەناودەچێت، بەڵام گشت هەستەوەرەکانی، بەخشش‌و بەرهەمەکانی بۆ هەتا هەتایە بە نەمریی دەمێنێتەوە.

بەڕێزەکانم ئەم سەرەتایەمان بە دەقاو دەق بە باڵای مەزنیی‌و نەمریی حەمە جەزای پێشمەرگەو هونەرمەند، حەمە جەزای خۆشەویست لە دڵی هەزارەها خەڵکانی ستەمدیدەی ئەم نیشتمانەماندا دەبڕێ، لەبەردەم میحرابی ئەم مرۆڤە نەمرەدا دەوەستین‌و پێی دەڵێین:

جیهان وەرن تەماشاکەن
خەرمانی خەممان وە باکەن
پەترۆی زامان هەڵبەنەوە
لە قووڵایی برینمان چراوگێک هەڵکەنەوە
کۆیکەنەوە ئەم خەمانە
ئاخۆ دەردمان چەن گرانە؟

حەمە جەزا، لە شارێکی بەرگ رەشی رەنگ ئەرخەوانیدا گۆرانیی بۆ گوڵاڵە سوورەی ناو درزی دیوارە رووخاوەکانی هەڵەبجەو گوندەکانی کوردستان‌و منداڵانی بێ باوک دەوت.

هۆنراوەی گۆرانییەکان وشەکان، پیتەکان، هەموو دەستڕێژی گوللەی دەستی پێشمەرگە بوو بۆ سەرسنگی دوژمنان، ئەو کات کە هێشتا لاوێکی خوێنگەرمی مێردمنداڵ بوو هەر خۆی بە تەنیا لەگەڵ لەرینەوەی ژێکانی ئامێرێکی عود خۆیی‌و گرکانێک پڕ لە بڵێسەو لە مەقامو لاوانەوە بۆ (بووکی ئازادیی) دایکی شەهید، پێشمەرگە، کۆت‌و پێوەندیی زیندان هەورێک بوو پڕ بوو لە باران‌و سەدایەک پڕ لە چریکەو هەنسکێک پڕ لە گریان‌و هاوارێک بێ کۆتایی بەهارێک پڕ لە گوڵاڵە سوورەو پایزێک لە گەڵای زەردو تەمەنێک پڕ لە تێکۆشان، ناسنامە بۆ حەمە جەزای هونەرمەندو خۆشەویستی ناو هەمووان هونەرمەندێکی قسەخۆش‌و دەم بە پێکەنین بوو لەناو دەریای گۆرانی‌و مەقامداو لە هۆنراوەی شاعیران‌و لە دڵو دەروونی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشدا خۆی دەبینی، هەر دێڕێکی لە شیعرو هەر هەناسەیەک لە گۆرانی چڕین‌و هەر بزەیەک لەسەر لێوانییەوە دەبووە چەپکە گوڵی بەرۆکی عاشقانی گۆرانی رەسەنی کوردی، هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئەم دنیاییە بە تاسەوە گوێیان بۆ دەنگە خۆشەکەی حەمە جەزا دەگرت، هەموو گۆرانییەکانی هەست‌و سۆزی عاشقان‌و رەنگدانەوەی باری کۆمەڵی کوردەواریی بۆن‌و بەرامەی گوڵە مێخەکو بەڕەزاو گوڵەباخ، ئەو زیندووە لەناو دڵو دەروونی عاشقاندا.

بە داخێکی زۆرەوە، لە تەمەنێکی پایزە وەختی خەزاندا زووبەزوو هەڵوەری‌و نەخۆشی زاڵم‌و ستەم بەربووە گیانی‌و چەند مانگێک بە کۆمەڵێ ئازارو هیواو ئاواتەوە بە پەرۆشی بینینی دار ئەرخەوانی سەیوان‌و دار بەڕووەکان‌و پیرەمەگروون‌و کێوەکانی قەرەداغەوە، بە کۆمەڵێک هیواو ئاواتی گەورە لەناو نوێنی نەخۆشیی شێرپەنجەدا وەک چرایەکی ناو تاریکیی‌و نوتەکی شەوەزەنگی دڵی شارەکەی سلێمانی وردە وردە ئاوابوو، تا بە یەکجاریی لە کاتژمێر (١:٥٠) خولەکی بەرەبەیانی ٢٠١٠/١٠/١ لە ماڵەکەی خۆیدا لە ناو هەنسکو فرمێسکی خێزان‌و کوڕو کەسوکارو هاوڕێیانیدا بۆ هەتا هەتایە چاوە گەشەکانی لێکناو رۆحی گەورەو ناسکی ئاسمانی گەورەو داهێنانی هونەری گۆرانیی کوردییدا بۆ هەتا هەتایە لێی ئاوا کردین‌و ئەو شەوەمان وەک دڵی دایک، وەک شەوێکی بێ تروسکەو ماتو بێدەنگ، وەک شەوێکی پێشمەرگەو شەوی زیندانی ئەمنەسوورەکەی سلێمانی‌و وەک کۆڵانە تاریکەکانی کانێسکان‌و دەرگەزێن‌و جولەکان‌و سابونکەران‌و چوارباخ‌و مەڵکەندیی تاریک تاریک بوو...








